# عەلمانیەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە

## "لیکۆڵینەوە دەربارەی
## عەلمانیەتی رۆژئاواو، ئایینو رۆژهەڵات"

**ئیسماعیل کوردە**

**چاپی یەکەم**
**هەولێر ٢٠٠٤**





لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی( ٢٨)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(١٥) کتێب
ئیسماعیل کوردە_ رێبین رەسوڵ ، جەمال پیرە

ناوی کتێب: عەلمانیەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە
نووسەر : ئیسماعیل کوردە
بابەت : لیکۆڵینەوە
پیت چنین: عیماد رەسوڵ – باری عومەر
دیزانین: نما
تیراژ: ١٠٠٠
چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٤

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

# نێوەڕۆك:

★ عەلمانییەت:

تێگەیشتنێکی دنیایانەی دیاردەکان..............٥

★ ئەگەری عەلمانیەت لەکۆمەڵگای کوردیدا.....٢٢

★ ئیسلامی سیاسی:

کەلتوری گوێگرتنو دیوی تاریکی ئێمان.......٣٦

★ منو رۆژئاوا ئەو رۆژهەڵاتیەکان.............٦٢

★ پرسی کورد:

حەقیەتو مەنفاکانی لەبیرچونەوە...........٧٩

## پێشەکیەی کورت

ئـــەو کتێـــبەی لەبەردەســـتانە، کۆمەلـــێك بـــاسو لێکۆڵیـــنەوەن دەربـــارەی عەلمانـیەتو دنـیاگەری، بـەو ئاراسـتەیەی کـە مرۆڤی پڕ هیوا بەژیانو مرۆڤی



مـەرگ دۆسـت لـە دنـیاو روانینەکانـیان بەرامـبەر بـە دیاردەکـان جـیابکاتەوە لەیـەکترو بەشـێك لـەو ئەگەرانە بخاتەوە بیرمان کە تاچەند چالاکیە سیاسیو کۆمەڵایـــەتیوئابووریو فەرهەنگـــیەکانی کۆمـــەڵگای کـــوردی، لەهەمـــبەر پێشهاتەکانی دنیادا ئامادەباشیان تیدایە بۆ ئەوەی زەمینەی بەعەلمانییبوون لە کۆمەڵگای کوردیدا بەرجەستەبێت.

لایەنـێکی دیکـەی ئـەم کتێـبە خـۆی لە لێکۆڵینەوە لەئیسلامگەریو کەلتووری گوێگـرتن دەبینێـتەوە کـە بـەدیوە رەشـبینینو مـەرگ دۆسـتیەکەی سـەیری دونیایـبوون دەکاتو ئەو کاریگەریە نێگتیڤانە دەستنیشان دەکات کە ئیسلامی سیاسی لەکوردستانو دنیادا لەبەرامبەر گەشەکردنی کۆمەڵگاکان دەگرێتەبەر، دژایـەتی دیموکراتـیەتو عەلمانـیەتی کـردۆتە ئامـانج. دواباسی ئەم کتێبە کە لەپێـــنج بـــاسو لێکۆڵیـــنەوە پـــێکهاتووە، ئاماژەیەکـــە بـــە پرســـی کـــوردو نائومـێدیەکانی گـەنجو کۆمـەڵگای کـوردی بەرامـبەر بـە پرسـی نەتـەوەییو نیشـتمانی خـۆی کـە تاچـەند کاریگـەری نێگەتـیڤانەی هەیـە بەسـەر هـەر پرۆسـەیەکی ئایـندەیی لەکوردسـتاندا.. دیـارە جـێگای ئاماژەیـە ئـەم باسـانە هەریەکەیان لەزەمانو زەمینەی خۆیاندا نوسراونو لەدووتوێی ئەم کتێبەداو لەژێـر ئەم ناونیشانەدا کۆکراونەتەوە بەو هیوایەی کە تارادەیەك توانیبێتمان هاوئاهەنگی خوێنەرانبین لەراو بۆچوونماندا.

# عەلمانییەت:
# تێگەیشتنێکی دنیاییانەی دیاردەکان

## بەراییەکی کورت :

ململانێی نێوان دین‌و دنیا ئەگەر ململانێیەك بوو بێت بۆ دیارکردنی شێوازی بیرکردنەوە لە ژیان ، یانیش وەك زەرورەتی گەشەسەندنی ژیارو پێداویستییە بەشەرییەکان سەری هەڵدابێت ، ئەوا دواجار ململانێیەك بووە، لەمەر گەڕانەوە بۆ قسەکردن لەسەر دەسەڵاتێك کە ئاسمانی یان دنیایی بێت، بێشك ئەم گێروگازە دەرەنجامەکەی گەیشتۆتە ئەوەش کە قسەوباس بگاتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان‌و ئەو پیرۆزیانەشی کەبەلای هەندێ کەس‌و گروهی نێو کۆمەڵگا پیرۆز بن.. ململانێکان هەمیشە لەسەر تەفسیرو ڕاڤەکردنەکانی ئینسان بوون لە ڕوانین بۆ خود، دەسەڵات، ژیان، لۆژیك‌و عەقڵ .. تاد .. چۆن بتوانین دەوروبەر بناسین‌و شرۆڤەی واقع‌و ناواقع بکەین؟ حەقیقەت‌و وەهم لەیەکتر جیابکەینەوە.. ژیان‌و مەرگ بەدوور لەیەکتر بزانین.. بیرکردنەوە لەخود، لەبیرکردنەوە لەدەرەوەی خودو دەرەوەی دنیاجیا بکەینەوە، واقیع‌و میتافیزیکا بە دوو شتی جیاواز بزانین‌و لەکۆمەڵگای خەیاڵ دەربچین تا ئەو ئاستەی کە گێروگازی ڕوئیاو ڕاڤەکارییەکان بە دەرەنجامی ململانێ گەیشتن.. مرۆڤ بەدوای ئەو ئەڵتەرناتیڤانەدا گەڕا کە لە دەرەوەی میتافیزیکاو خەیاڵ‌و وەهمدان، بۆ ئیدارەدان‌و ڕێکخستنی ژیانێکی گونجاو بەگەشەسەندن‌و قۆناغەکانی





وەرچەرخانی گۆمەڵگای بەشەری بەرجەستە بکا .. چەندین جۆر لە سیستەم‌و شێوازی حوکمی خەڵك‌و چێژو تاڵی مێژووی تاقیکردۆتەوە دەرەنجام هەر پێویستی بەداودەزگای نوێتر بوو.. تا دواجار لە باشترین نمونەکانی ڕێکخستنی ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و کەلتوری دنیا سودی وەرگرتووە (دەوڵەتی، دیموکراتی، سۆسیالیستی، لیبڕالی)شی تاقیکردۆتەوەو هەموو لایەنە مۆدێرن‌و چاکەکانی ئەو سیستەمانەی کە بەکەڵکی مرۆڤ هاتبن وەریگرتوون‌و تاپێشیکرابێت دژایەتی ئەو سیستەمانەشی کردووە (سیستەمی خواهانە، دیکتاتۆری، تۆتالیتاری، پادشاهی) کە دژ بە مرۆڤ‌و ژیان دۆستی ئینسان بووبن لە دنیادا.. دوا قسەشی لەسەر شەریعەتە ئاسمانی‌و شەرعیەت‌و یاسا دنیاییەکان کردووەو لە یەکتریشی جیاکردونەتەوە.. بەرەنگاری هەر داو دەزگاو گروهو ئایین‌و سیستەمێك بۆتەوە کە بووبنە سەرچاوەیەکی خەتەرناك بەسەر ئازادی عەقڵ‌و بیرکردنەوەی مرۆڤ‌و زەرەریان لە ڕێڕەوی مرۆڤایەتی‌و ڕوئیایی دنیاگەرانەی مرۆڤ دابێت.

ئەم بەراییە کورتەشم بۆ ئەوە بوو بێمە سەر باسێکی گرنگ کە پەیوەندی بە چۆنیەتی ڕوئیاو ڕوانینی مرۆڤەوە هەیە، بۆ تێگەیشتن لەدنیاو دەرەوەی دنیا، لە شەریعەتی ئاسمانی‌و یاسا مرۆیەکان.. بەراییەك کە بمانگەیەنێتە سەر ئەو چەمکەی کە هەمیشە جێگای مشتومڕو گێروگازی بەردەوام بووە ئەویش چەمکی (عەلمانیات)ە، ئەو چەمکەی کە ئەوروپای بە گۆڕانکاری گەورەو مەزن‌و گەشە سەندوو گەیاندوو، ڕۆژهەڵاتیش تاپێی کراوە دژایەتی کردووە، گرینگیش نەبووە ئەو دژایەتیکردنەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی

سەرکەوتوو یان ژێرکەوتوو بووبێت یان .. نا، بەڵکو بڕیاری ڕۆژهەلاتیانەی ئیسلام لەمەڕ هەر شتێك کە لەدەرەوەی خۆی هاتبێت بڕیارێکی پێشوەختە بووە، وەك بڕیارو تەکفیرکردنی دیموکراسیەت، عەلمانیەت، مۆدێرنەو دەسکەوتە تەکنەلۆژیەکانی دنیاو هەر شتێك کە بەدەستی ڕۆژهەلاتی ئیسلامیو لە مێژووی ئەو ئاینیە نەهاتبێتەدی لێرەدا هەوڵدەدەم چەند تێڕوانینێکی ڕوون لەسەر چەمکی عەلمانیەتو تێگەیشتی ڕۆژهەلاتیانەی ئیسلامی بۆ ئەم چەمکە بخەمە ڕوو ..

## عەلمانیەت چەمكو جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت

لەو ڕوانگەیەوە، کە عەلمانیەت جیاکردنەوەی شەریعەتەکانی ئاسمانە لە یاساکانی زەوی، حوکم کردنی زەوییە بەپێی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی زەمین، جیاکردنەوەی بەها مرۆییو دنیاییەکانە لە بەهاو نورمە ئایینییەکان، بە مانای گەڕانەوەی ئینسانەکانە بۆ خودی خۆیانو بیرکردنەوەیەکی دنیاییانەیە لە ژیانو وێناکردنێکە لە واقیعی ئەو زەرورەتانە سەریهەڵداوە کە مرۆڤی بەرەو لێکدانەوەی دنیاییانە بردووە بۆ ڕێکخستنی ژیانو پێکهاتە ژیارییەکانی..بەدیوێکی دیکەدا عەلمانیەت بەو بۆچوونە مانایەکە بۆ ئەوەی حورمەتی ئایین بۆ ئایین جێ بهێڵدرێتو لە ئەگەرەکانی دەسەلاتو دنیابینی دووربکەوێتەوەو ئەو یاسایانەی دنیایین لە شەریعەتەکانی ئایین جیاببنەوە، تا ئەو ڕادەیەی ناکرێت تێکەڵ[٧] بەیەکتر ببن.. دەرەنجامیش ئەم بیرکردنەوەیەی عەلمانیەت، ڕێچکەیەکە بۆ بەعەلمانیو بە دنیاییبوونی کۆمەڵگای بەشەری. وەك ئەوەی ڕۆژئاواییەکان



(باوەڕبەوە دەهێنن کە عەلمانیەت خۆی لەیەکلایکردنەوەیەکی مامناوەندیانەی نێوان کڵێسە(ئایین)و دەوڵەت بینیوەتەوە، یەکلایکردنەوەیەك کە هەریەکێکیان بواری تایبەتی خۆی هەیەو مافی ئەوەشی هەیە ئەو بوارە ئاراستەبکاتو ڕێنماییەکانیشی تێدا مومارەسە بکات)( الاسلام، اوروبا، غرب...ل٩٠). بەشێوەیەك کە خەتەر نەبن بەسەربوارو زەمینەی یەکتریەوە.

کە دەڵێین بە عەلمانی بوونی کۆمەلگا یان بە دنیایی بوونی، ئەبێ ئەوە دیاریبکەین کە (عەلمانیەت) کەمتر نییە لە پەیمانێکی سیاسیو کۆمەلأیەتی نێوان تاکەکانو کۆمەڵگاو گروهو پێکهاتەکانی تر.. بەشێوەیەك عەلمانیەت ببێتە کۆڕایەك لەسەر ئاستی سیاسی، کۆمەلأیەتی، کەلتووریو وەك قەبوڵکراوێك ببینێرێت کە دواجار ببێتە پرۆسەیەکی هوشیاری کۆمەلأیەتیو سیاسی پێویست بۆ گەشەپێدانی لایەنە ژیارییەکانی کۆمەڵ.. نەك تەنها وەك ئایدیۆلۆژیای گروهێك یان تاخمێکی کۆمەڵ، یان تەنها لەسەر ئاستێکی بچووکی کۆمەڵ ببینرێتو پیادەبکرێتو ئاستو پێکهاتە جیاجیاکانی تری کۆمەلگای لێ بێبەش بکرێت. بەڵکو هەمیشە ئەبێ بە عەلمانیبوون بەپێچەوانەوە بێتو هەموو ئاستو پێکهاتە ژیارییەکانی مرۆڤو کۆمەلگا بگرێتەوە.. دیارە ئەم پرۆسەیەش هەروا ئاسانکارنییە، بەتایبەت کە پەیوەستە بە قەبوڵکردنی هوشیارانەی خەڵك بۆ ئەم تێڕوانینە. ئەگەر بڕوانینە گەلانو کۆمەلگاکانی دنیای[٨] دوورو نزیکمان تێکۆشانی زۆریان کردووە، هەموو بزوتنەوە چاکسازیو نوێخوازییەکانی ئەوڕوپاو خۆرئاوا بەشێك بوون لەتێکۆشان لە پێناو بە عەلمانی بوونی ئەو ئاقارەی کە

زەمینەکانی ئەوانیان پێك هێناوە، بە چاکسازیە ئایینیەکانیشیانەوە بگرە کە زەمینە خۆشکەری بەهێز بوونی عەلمانیەت بوون وەك چاکسازییە ئایینیە ناودارەکانی (لوتەر)و(سەرهەڵدانی مەیلی تاکانە لە ئەوروپاو فرەبوونی ئازادییەکان‌وبڵاوبوونەوەی پرۆتستانتیەت‌و گرنگی پەیدابوونی لەبەرامبەر باوەداریێتی کاتۆلیکی کێشەو ململانێکانی خەستتر کردەوە، بەڵام دواجار ئەم کێشەو ململانێیانە ئازادی نوێتری لەئەوروپا هێنایە ئاراوە!..( الاسلام، اوروبا، غرب..ل ٩٦) ئەمەو، ئەو ئاقارەی دنیا کە ئەوڕوپایە هەموو شۆڕشەکانی‌و بەتایبەت شۆڕشە یاساییەکانی‌و شۆڕشی ئازادی تاك لە فەڕەنساو دواتر هەموو ئەوڕوپاو شۆڕشە تەکنەلۆژیی‌و زانستییەکانیش زەمینەیەکی بەهێزو دواجار دەرەنجامی بە عەلمانی بوونی ئەو کۆمەڵگایانە بوون کە بەشەریەتیان بەم پێشکەوتن‌و مۆدێرنە بوونەی ئێستا گەیاندووە.. بە عەلمانی بوون لەوێ هەر سەرەتا بە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتە ناعەقڵانیەکەی ( ئایین ) کڵێسا لە ئەوڕوپا دەستی پێ کرد تا گەیشتن بە لاوازکردنی دەسەڵاتی کڵێساو دواتر جیاکردنەوەی لە دەسەڵاتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاو بەدوور خستنەوەی لە پەروەردەو لایەنە کەلتووریەکان. کە لە زەمان‌و زەمینەی دواتردا گۆڕانی گەورەی بەسەر سستەمی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و شێوازی دەسەڵاتدا هێنایە ئاراو ڕوانینی دنیاییانەی مرۆڤی زاڵ کرد بەسەر خەیاڵ‌و وەهمی نا دنیایی .. گۆڕان لە سستەمی سیاسیش بەوڕادەیەی ڕەنگدانەوەی لە دامەزراوەو دەزگا دەوڵەتیەکاندا هەبێت، بە شێوەیەك بووە کە ئایینی لەوەهمی ڕەهایی‌و دوامەرجەعی ئاسمانی‌و دنیایی بێ ئەلتەرناتیڤ، گواستەوە بۆ پەراوێزێکی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆحی پەیوەست بە تاکەکان نەك پەیوەندارو





دەستوەردەر لە دەسەڵات‌و دەوڵەت‌و یاسا.. دیارە ئەم گۆڕانکارییە سیاسیانەی کە بونە هۆی ئەو جیاکردنەوەیەش هەم مرۆڤو هەم دەسەڵاتیشی لە بزاوتی تۆتالیتاریانەی ئایینگەراو ڕەهاگیری ئایین ڕزگار کرد.. بە شێوەیەك کە ئەم وەرچەرخانە بەدوای خۆیدا زەمینەی ئازادییەکانی مرۆڤی والاکرد، تێگەیشتنەکان لە ژیان‌و دنیا گۆڕان. دیارە ئەم جیاکردنەوەیەی ئایین‌و دەوڵەت (دەسەڵات) لە یەکتریش لە ئەوڕوپا نەبووە هۆی لەناو چوونی ئایین یان بەرنامەیەك نەبوو بۆ ڕەشکردنەوەی ئایین وەك کایەیەك، نەخێر بەڵکو ئاینی گەیاندەوە بەو سنورانەی کە سنوری واقیعی خۆی بوون‌و بە دووری خستەوە لەو سنورانەی کە سنوری هەڵکشاوی وەهمی ئایین بوون بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی دین‌و دنیا. دواجار گۆڕانەکان بەشێوەیەك بوون، زیاتر بۆچوونە مەعریفیەکان قەبوڵکران بۆ تەفسیرکردنی ژیان‌و ئاسمانیش.. لێرەشەوە ئەبێ وردتربین لە قسەکردن لەسەر ئایین‌و چەمکی عەلمانیەت وەك ئەوەی ئەگەر (ئایین) وەك هێزی ئاسمان‌و ڕەهاییەکی پیرۆز سەیربکەین‌و (عەلمانیەت)یش وەك هەڵوێستێکی مەعریفی یان هوشیارییەکی مەعریفەگەرا ببینین، ئەوا ئەبێ ئەو ڕاستیە بناسێنین کە ئەم بیرکردنەوەیە، دوانەیەکی دژ بەیەکتر پێکدەهێنن‌و بەدوو ئاراستەی جیاوازو هەمیشە بەردەوام لە ململانێدان، دژن لەوێناکردنەکانیان بۆ (مرۆڤ، ژیان، کۆمەڵگا، دەوڵەت، دنیاو خودا .. تاد ). بە شێوەیەك ئەگەر ڕەهایی‌و بیرکردنەوەی ئایینی، مرۆڤ بەرەو ئاسمان بگێڕێتەوەو خۆی بەدوا مەرجەعی بەشەریەت بزانێت‌و لەسەر ئەمەش تا ئەو پەڕ تۆتالیتارو خۆسەپێن بێت.. بێگومان عەلمانیەت لە هەڵوێستێکی دژ بەم بۆ چوون‌و ڕەهاییانەی ئایین دایە کە

بەهەر شێوەیەکە ئایینو دامەزراوەو پیاوە ئاینیەکان ڕەواجی دەکا.. ئەگەر عەلمانیەت سەددەرسەد هەڵوێستێکی مەعریفی عەقلانی بێت ئەوا نکۆڵی لەوە نیە کە وێناکردنی عەلمانیەت بۆ دنیاگەریو مرۆڤو پەیوەندییە ژیارییەکانی وێناکردنێکن لە خودی مرۆڤەوەنو خۆیشی دوا مەرجەعی دنیاییو کۆتایی خۆیەتی.. لە دیوێکی دیکەوە قسەکردن لە دەرەوەی ئایین کوفرێك نیە بەڵکو مەعریفەیەکە ئەوە یەکلایەدەکاتەوە کە مرۆڤ ئازادە یان.. نا، لەبەرهەم هێنانی مەعریفەیەکی زادەی بیرکردنەوەی خودی ئینسان خۆی. وەك ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوەو ئازادیەکی مەعریفیانەی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە توانستی عەقلانیانە کە تاچەند خاوەن ئازادی بیرکردنەوەیەتی بۆ وێناکردنی دنیا بەتایبەتی کەدواجار (لایەنە یاساییەکەی عەلمانیەت جیاکردنەوەی دەوڵەتە لە کلێسە( ئایین) یان ڕێگەیەکی دیاریکراوی یەکلایکەرەوەیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانو دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی هەردوولایە)( الاسلام، اوروبا، غرب..ل ١٠) ..کە مەبەست لەدەسەڵاتی دینو دەوڵەتە لەیەکتر.

## عەلمانیەت دژی دەسەڵاتو دەوڵەتی دینیە

عەلمانیەت تێگەیشتنێکی جیایە لەوەی کە پێمان وابێت تەنها دژی ئایینە، وەك ئەوەش نابێت لەیاد بکەین کە بەڵێ عەلمانیەت دژی دەسەڵاتی سیاسیانەی ئایینەو دژی دەوڵەتی ئایینیە بە هەموو شێوەو سەقەتیەکانیەوە.



چ دەوڵەتی کلێسەیی ئەوڕوپای سەدەکانی ناوەڕاست چ دەوڵەتی خەلافەتو خواهانەی ئیسلامو چ سیستەمە سیاسیە هاودەمەکانی ئەمڕۆ کە بەناوی ئایینەوە، دەسەڵاتدارن.. بێشك عەلمانیەت دژی ئەو بانگەشانەشە کە (عەرەبو ئیسلام) بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینیو سەپاندنی شەریعەتەکانی ئاسمان دەیکەن بەسەر مرۆڤە ئازادەکانی دنیا بەتایبەتی کە بانگەشەکان( لەئیسلامدا ناهاوسەنگیەکی زۆریان هەیە لەپێناو مەعریفەیەکی ئستوڕی لەدژی مەعریفەیەکی عەقلانیدا..)(الاسلام، اوروبا، غرب... ل ٧٧).. بە شێوەیەك کە چەمکی عەلمانیەت، پرۆسەی ئازادکردنی عەقڵو ئازادکردنی دەسەڵاتیشە لە نێوان دوالیزمی ئەگەرەکانی دینو دنیا، ژیانو مردن، پرۆسەیەکە مرۆڤ بەئاقاری بیرکردنەوەو خۆدەربازکردن لەو بەخەون ژیانە دەبات کە دواجار دەسەڵاتی دنیای قەبوڵ بێت، لە چوارچێوەی دەوڵەتی یاساو سیستەمی سیاسی مۆدێرن کە بەرهەم هاتووی عەقڵی مرۆڤ خۆیەتی.. بیرکردنەوەیەك لە دەرەوەی ملکەچ بوون بۆ دەوڵەتو سیستەمۆکەی ئایینی.. بەو لۆژیکەی کە ئەگەر (خودا) خالقی کەونە بەهیچ شێوەیەك پێویستی بە دەوڵەتۆکەی ئەو ئایینو ئەم ئایینو شیروەشاندنی بەندە ناعاقڵەکانی نیە، مەملەکەتێکیش نیە بەناو مەملەکەتی ئاسمانو سەرزەمینی دنیا بێت.

چەمکی عەلمانیەت، ئەگەر زەمانو زەمینەی مێژوویی، فاکتەرێکیش بوو بێت لەبەرهەم هێنانیدا بەڕای ئێمە (عەلمانیەت) نەبۆتە ئایدیۆلۆژیایەکی سەرکوتکار یان تۆتالیتار بەڵکو لە کۆنتێکستێکی مەعریفیەوە، پەرەدانێك بووە بەهوشیاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو دواجار هوشیاری فەردیش بۆ

ئازادیەکانی.. بە پێچەوانەی مەعریفۆکەی ئایین، کە دواتر وەك ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت و خەلافەتی ئایینی گەشەی کردووە . بۆچی عەلمانیەت ئایدیۆلۆژیا نییە ؟ بەو تێگەیشتنە ئایدۆلۆژیانییە چونکە هەموو ڕەهایی و بۆچونێك وەلادەنێ کە خۆی بە مەرجەعیەت و شێوەو شکڵی کۆتای بیرکردنەوەو تەرزی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بزانێت، چەمکێك کە ڕەتکەرەوەی ئەو ڕەهاییانە بێت، دواجار هوشیاریەکی مەعریفیە بۆ تێڕوانینی دنیاییانە لە ژیان و ئەو پرەنسیپانەی کە ڕێکخەری کۆمەڵ و تاکن. ئەوەی جێگای سەرنجیش بێت.. تەنها گروهە ئایینیەکان یان پیاوانی ئایینی خۆیان بە پارێزەری ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتی ئایینی یان ئەوەی لە ئیسلامدا هەیە بە پارێزەری ئایدیۆلۆژیای خەلافەت نازانن، بەڵکو پەیوەندیەیێکی پتەویشیان بە پێکهاتە رەجعی و پاشا گەردانەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵاتە بۆماوەکانەوە هەیە.. کە بەشێك لە دواکەوتوویی عەقڵ و سانسۆرەکانی سەر ئازادی تاك بەرهەم دێنن.. بەو مانایە کە تەنها پیاوانی ئایینی نابنە هۆو فاکتەری بە هێز بوونی دەسەڵاتی ئایین دواجار هێزو تواناشی لە پێکهاتە دارماوەکانی کۆمەڵ وەردەگرێت.. دیارە جەوهەری ململانێکەش.. ئەگەر بە وردی سەیر بکەین خۆ لەکایەیەکی ستاندارد دەبینێتەوە ئەویش لە دەستدانی ئەو تەقدیساتانەی کۆمەڵە کە ئایین خاڵی (قودسیەتی) خستونەتە سەر بە مانایەك و بە دیوێکی دیکەدا ئەو( قودسیەتەی) کە لە هێزێکی ئاسمانیەوە( بە باوەڕی ئەوان) یان میتافیزیکیەوە بەرەندە دەبێت و بەروانینێکی ڕەهاو کۆتا لە ( کۆمەڵگا، مرۆڤ، ژیان) دەڕوانێت، دیوەکەی تری عەلمانیەت شکاندنی ئەو موقەدەسە میتافیزیکانەیە کە ئایین لە خەیاڵی مرۆڤدا دروستی



کردوون. ئەگەر ڕۆژگارێکیش و بەر لە سەدان ساڵی ڕابردوو ئایین کایەیەکی بە هێزی نێو کۆمەڵگا بووبێت، بێ دوو دڵی لەو زەمان و زەمینە هاوچەرخەی ئێستای دنیا، لەو وەرچەرخانە مەعریفی و تەکنەلۆژی و تێکەڵ بوونەی کەلتورو شارستانیەتەکان و بیروڕاو فیکرەکانی وەك کایەیەکی لەرزۆك ماوەتەوە کە تاکە هێزو توانای وەبەر مابێت بۆ دژایەتی کردنی "عەلمانیەت، مەدەنیبوون و دیموکراسیەت و دەوڵەتی یاساو پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای بەشەری " بە تەنها لە ڕێگای (تیرۆرە)وەیە. هەر کۆمەڵگایەکیش بەو قەناعەتە گەیشت کە بە پرۆسەیەکی عەلمانی، عەقلانیدا بڕوات دیارە ئەو پرۆسەیە لەو لۆژیکەوە سەرچاوە دەگرێت کە لایەنە ژیاریەکانی تاك یان مرۆڤ و گەشەکردنەکانی ژیانی کۆمەڵگا، سەپێنەری ئەم پرۆسەیەن، وەك دەرەنجامێکی گەشەسەندنی و کە وەك  پرۆسەیەکی پێداویستیە نوێترو نوێترەکانی ژیانی ئینسانە کە بێگومان، ئەو پێداویستیە ژیاری و سیاسیانە کاریش دەکەنە سەر ئەو پەیوەندیەی مرۆڤ لەنێوان خۆی و کۆمەڵگاو داودەزگاکانی هەڵیدەبژێرێت، بە مانایەکی دیکە شێوەی ژیانی مۆدێرن و گەشەکردووی، شێوازی دامودەزگای بەڕێوەبردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوریەکانیش هەم دەگۆڕێت، هەمیش دیاری دەکات. وەك ئەوەی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ناگونجێ کایەی نامۆدێرن باڵادەست بن، لە کۆمەڵگای عەلمانیشدا ناکرێ کایەی ئایین و نەریت و تەقلیدە ئایینەکان باڵادەست بن، هەر وەك لە کۆمەڵگای دیموکراسیشدا، دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزم، بەشێکن لە گاڵتە. دیارە ئەم جیاوازیانەش لە نێوان سیستەمە دنیایی و دینیەکان لە خۆڕا نیین هەم قۆناغ و زەمانی خۆی بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم گەشە سەندن و

جیاوازیە، هەمیش دەرەنجامی پرۆسەو ململانێیەکی درێژ خایەن‌و گەورەی کۆمەلأیەتی‌و سیاسی‌و مێژوویین بە شێوەیەك کە دام‌و دەزگا دەولەتی‌و سیاسیەکانی کۆمەگاکانی دنیا لەسەرجەم بوارو کایەکاندا ئەگەر سەددەرسەدیش نەبێت توانیان جێگای تێزو پێداویستی‌یە دنیایەکانی مرۆڤ بن‌و وەلأمدەرەوەی هەموو ئەو پرسیارانەش بن کە بە شێوەیەکی یاسایی‌و ڕێسایی لە خزمەتی تاکەکاندا بوون.. بە شێوەیەك کە لە ئەهەمیەتی شەرعیەتی ئایینی‌و پێکهاتەکانی کەمکردۆتەوە. ئەگەر ئەم دیدە لە ڕوانگەیەکی عەلمانیەوە سەیربکەین. ڕوو وەرگێڕانی مرۆڤە لە بەها خەیالی‌و وەهمیەکانی ئایین کە خۆیان بە ڕێکخەری کۆتاییانەی پەیوەنییە مرۆیی‌و دنیاییەکاندا بینیووە بەتایبەتی گروهە (ئیسلامیەکان) هەریەکەی بەشێوەیەك بانگەشەی بۆدەکەن، ڕوووەرگێڕانێك بەرەو ئەلتەرناتیڤی عەقلانی‌و لۆژیکی لە ڕێگەی پرۆسەی سیاسی‌و کۆمەلأیەتی سەردەمیانە کە پێداویستییە ڕۆژانیەکانی تاك تێربکەن. ئەوەندەی لەو سەردەمە هاوچەرخەی ئێمەشدا کەلتورو مەعریفەی مەدەنیانە بەسەر بۆچوون‌و کردارو ئاراستەکانی ژیاندا زالن، ئەوەندەی مەعریفە ئەلتەرناتیڤی بەشێك لە گەڕانی مرۆڤ بەدوای ئازادی‌و لایەنە ڕەفاهیەکان پێك دێنێت.. ئەوەندەی بۆتە هۆی گەڕان بەدوای فرە وەلأمی بۆ پرسیارە تاك ڕەهەندەکان‌و ئەو پرسیارانەشی کەخۆی بە عەقلیدا دێن.. ئەوەندەی کە مرۆڤی هاوچەرخ پێی‌و وانی‌یە کە ژیان کایەیەکی داخراوو دانراوی بەروەختە بێت.. ئەوەندەی ژیان دۆستی‌و باوەڕ بوون بە ئایندە خوازی بەسەر عەقلدا زالە.. کەمتر بەشێك یان بۆچونێك یان کەلتورو مەعریفەیەکی ئایینی دەبینین کە سیمای





سەرەکی شارستانیەتی ئەمڕۆ بێت، ئەگەر لەوێ‌و لەوێ تریش کەلتورێك لە سوچێکی دنیا بەناوی ئایینەوە زال کرابێت‌و سەپاندرابێت ئەوەی کە ئیسلامی سیاسیی دەیکات‌و پێیوایە سەردەمی عومەرو شینی حوسەینە، ئەوا بێگومان دەرەنجامەکەی بە ناچارییانە لە دەرەنجام‌و چارەنووسی (تالیبان‌و قاعیدە) باشتر نابێت.. ئەمەش لەبەر ئەوە نا کە نابێت خەلك‌و مرۆڤی تر هەبن جیاواز لەبیرکردنەوەی دنیایی‌و عەلمانی بیربکەنەوەو بژین.. بەلکو زەمان‌و زەمینەی ئەمڕۆی کۆمەلگای بەشەری ئەو جۆرە پێکهاتەو بیرکردنەوانەو بەو شێوەیەی کە پارچەیەك بن لە ڕەهایی‌و کوشتنی بەرامبەرەکان لەخۆ ناگرێت‌و قابیلی قەبولی ئینسان نین.. کە بەناوی ئایینەوە بێن‌و سیستەمی ئایینی‌و دەسەلأتی ئایینی بەسەر دنیای هەزاران سال دوای ئایینندا بسەپێنن .

عەلمانیەت پرۆسەیەکی مەعریفیانەی سەردەمیشە بەگژ کەلتورێکی وەهمیدا دەچێتەوە کە خەیالی کەلتورێکی مردووی بێ گیانە لە سەردەمێکدا کە سەردەمی هەرە زیندووی بەشەریەتەو تیرازی ئیدارەدانی خۆی هەیە. لەوەش ڕونتر چەمك‌و بزاڤی عەلمانیەت تەنها جیاکەرەوەی ئایین نی‌یە لە دەولەت، بەلکو ڕێگەش لە دەولەت دەگرێت کە ئایین وەك ئامرازێك بەکاربێنێت بۆ بەهێزکردنی دەسەلأت جا هەر جۆرە دەسەلأتێکی سیاسی بێت. وەك ئەو دەسەلأتە تۆتالیتاریانەی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەپێی ئایدیۆلۆژیاو سیستەمی لەناوبەر ئیدارەی دەولەت دەکەن، لە پەناشدا ئایین، نەریتو ترادسیۆن پارێزی‌و ڕەجعیەتی کۆمەلأیەتی گەشە پێدەدەن‌و بەکاریدەهێنن بۆ درێژەدان بە دەسەلأت‌و مانەوەیان.. لێرەوە ( عەلمانیەت ) هەم ، دژی

دەوڵەتی ئایینی‌یە، هەمیش دژی هەر جۆرە دەوڵەتێکە کە ئایین پارێزی بکاتە بەرنامەی مانەوە.

## رۆژهەڵات‌و عەلمانیەت یان ئیسلام‌و عەلمانیەت

ئەگەر وادابنێین گەلانی رۆژئاوا لەململانێکانیان بونەتەوە لەگەڵ کلێسە، کێشەو ناکۆکیەکانیان یەکلایکردۆتەوەو لەویٚ گەلان‌و وڵاتان بە دوا قۆناغی پێشکەوتن گەیشتوون‌و بەردەوامیشن، لەگەشەپێدانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی خۆیان لەئەوروپاو رۆژئاوادا. واشی دابنێین کە ئەم تێزە یان عەلمانیەت پەیوەندی بە زەمان‌و زەمینەی ئاینی مەسیحیەوە هەیە کە بەشێوەیەك لەشێوەکان دوور دەکەوێتەوە لەرۆژهەڵات‌و ناشکریٚ مەسەلەیەك کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نەبێت بیهێنینە گۆڕیٚ‌و جێگای قسەو باس بێت.. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە: ئاخۆ هەمان ئەو گرفتانەی کەکڵێسەو میللەتی ئەوروپا هەیانبووە لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بوونیان هەیە یان نا؟ یان لەوە ببپرسین کامە ئایین خوێناویترین ئایینی دونیایە؟ ئاخۆ مەسیحیەت یان یەهودیەت یان هەر ئاینێکی تر کامەیان لەبەرامبەر ئیسلامدا، بەقەدەر ئیسلام ئایین‌و سیاسەتی تێکەڵ کردووەو شەڕو کوشتاری لەپێناو دەسەڵاتی ئایینی‌و خەلافەت‌و دەوڵەتی دینی کردووە؟ بەتایبەتی هێرشەکانی بۆسەر گەلانی غەیرە عەرەب.. بۆچونێکیش هەیەکە(عەلمانیەت نابێت لایەنگری ئاینێك بێت بەسەر ئاینێکی دیکەداو ئەبیٚ بێلایەنانە بڕوانێتە هەموو ئایینەکان)(الاسلام، اوروبا، غرب... ل١٠٢). دیارە ئەم بۆچوونە جەوهەری مەسەلەکەیە لەنێوان رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا، کە بێشك ئەگەر عەلمانیەت بە





ئاراستەی تەندروستی خۆی پیادەبکرێت نابێت هیچ ئایینێك لەسەر ئەوی تریان فەرز بکات، بەتایبەت لەکاتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داو دەزگا ئاینیەکانی مەسیحی، ئیسلامی، یەهودی ..تاد.. بەوپێودانگەی کە لەرۆژهەلاتی ئیسلامیدا هەمان گرفت‌و بگرە توندتریش هەن لەبەرامبەر ئازادییەکانی مرۆڤ‌و دەستخستەناوەوەی ئایین بۆ ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌و پەروەردەش کەبەپێی بەرنامەرێژییەکی بەروەختە جێبەجێدەکرێن، جگە لەوەی چارەنووسی مرۆڤ هەمیشە پەیوەستدەکرێتەوە بەئایین‌و عەقڵ‌و بیرکردنەوەی ئازادنە زەوتدەکرێت. جگە لەوەی کەنەکراوە بەهیچ شێوەیەك دەست بۆ تەئویلکردنی (دەقە پیرۆزەکان) ببرێت.. ئەوەیە رۆژهەلاتێك، کە دەیەوێت بەرەنگاری هەموو تێزو بیرکردنەوەیەکی دەرەوەی خۆی ببێتەوە، بەپێی بۆچوونی فوقەهاو راڤەکارانی ئیسلامیش، (دیموکراسیەت‌وعەلمانیەت) بیدعەی نەصرانینی‌و دەبنە هۆی لاواز بوونی باوەڕی ئیسلامی!! ئەمەو چەندان بۆچوونی دیکەی کە هەر تێزو دەقێك کە لەسیاقی مێژووی رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا نەبووبێت ناکرێت لەو کۆمەڵگایانەدا بەکاربێهێنرێت‌و تەرویج بکرێت!.. ئەوەی تا ئێستا کرابێت سەدا سی لایەنە ژیاریی‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌و سیاسیەکانی ئەو ئاقارەی زەمین لەپرۆسەی بەعەلمانیبووندا بەشدارن، وەلیٚ هێشتا دەسەڵاتی ئایینی(مزگەوت) دوای زیاتر لە سەد ساڵی رووخانی ئیمپراتۆریەتە ئیسلامیەکان، کاریگەری‌و لەزۆر شوێن دەسەڵاتی یەکەمینی بەرێوەبردنی دەوڵەتە وەك هەردوو نموونەی (سعودیەو ئێران).

دیارە کێشەی نێوان عەلمانیەت‌و ئایینەکان بەشێوەیەکی گشتی یان وەك ئەوەی دەگوترێت ( گیروگازەکە لە نێوان دنیاو دیندا ئەوەیە کە لەروانگەیەکی فەلسەفیانەوە دەستی بۆدرێژبکرێت‌و شیبکرێتەوە یان بخرێتەوە سیاقێکی مێژووییەوە)(الاسلام، اوروبا،غرب...ل٩٠) کە عەلمانیەت ئەم ئاراستەیە رەچاو دەکات لەخوێندنەوەو راڤەکردنی ئاییندا دەست دەداتە هەموو نەگوتراوەکانی ئایین.. بەدیوەکەی تردا ئەوەی لەرۆژهەڵاتی ئیسلامیداو بەگشتی لەناو ئایینەکاندا موقەدەسە، دەکەونە ژێر نەشتەری تاوتوێکردنی دنیاییانەی عەلمانیەتەوە. گەر لێرەدا پرسیار لەوە بکەین چۆن دەتوانین عەلمانیەت لەرێگای بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتەکانی ئایین بەهێز بکەین؟ یان لەچ کاتێك ئایین بەگشتی بێهێز دەبێت‌و لەکامە زەمان‌و زەمینەشدا بەهێز دەبێت؟ بۆوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: ململانێی نێو یەك ئایین‌و سەربەیەك کەلتووری ئایینی (ئایین) بێهێز دەکات، بەتایبەتی ئەو کاتەی ئایین دەگەرێتەوە سنوورەکانی خۆی، کە فرەرایی لەسەر راڤەکردن‌و شرۆڤەکردنەکانی لەمەڕ پەیوەندییەکانی بەدنیاو مرۆڤ پەیدا ببن، بەپێچەوانەشەوە دژایەتی دوو ئایینی جیاوازی یەکتر هەردوو ئایینە لەخاڵە لاوازەکانیاندا کە (تیرۆرو توندڕەوییە)، توندو تیژترو بەهێزتر دەکات چونکە لە شێوەیەی یەکەم کە فرەرایی سەر ئایینە ناکۆکیەکان لەسەر جیاوازیی راوبۆچوونەکانن لە نێو یەك ئاییندا‌و لەشێوەی ناکۆکیەکانی دووەمدا توندوتیژییەکان لەسەر موقەدەساتەکانن، وەك ئەوەی لەنێوان یەهودییەکانی ئیسرائیل‌و ئیسلامەکانی فەلەستیندا هەیە..ئەم جۆرە ناکۆکیانە خاڵی





یەکەمی وەرچەرخانی بەهێز بوونی تەیاری دونیایی عەلمانیەتە لەرۆژهەڵاتدا کە هەمیشە ئیسلام بەرەنگاری بۆتەوە.

ئەگەر سەیری دەوڵەتی هاوچەرخی ئەوروپاو رۆژئاواش بکەین لەسەر بنەمای دیموکراسیەت‌و مافی مرۆڤ‌و مافی کەمینەو مافە کەلتوورییەکانی ئەتنیکەکانی ئەو وڵاتانە بەندە، شێوەیەکی دیکەی لەرۆژئاواو ئەوروپا داوەتە سیستەمە سیاسیە عەلمانیەکان، بەشێوەیەك ئەو بنەمایانە بوونەتە هۆی فراوانبوونەوەی سیاقی عەلمانیبوون لەرووی قەبوڵکردنی تەواوەتی فرە کەلتووری‌و فرە ئایینی‌و بیروڕای جیاوازو ئارادەیەك دژ بەیەکیش ، بەڵام لەسنووری یاسایەك یان رێوەرەسمێك کە ئەم فرەهەندییە نەبێتە هۆی گەرەلاوژەی سیاسیی‌و پێشێلکاری مافەکانی بەرامبەر لەلایەن بەرامبەر توندڕەوەکانەوەو لەلایەکی دیکەوە سیستەمی سیاسی وڵاتانی ئەوروپا، لەسەر بنەمای لێبوردەیی سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی بونیادنراون کە دەرەنجامی کامڵبوونی پرۆسەی دیموکراسی‌و عەلمانی‌و مۆدێرنێتەن‌و لێبوردەیی وەك کەلتوورو هوشیاریەکی نێو خەڵك رەچاو دەکرێت بۆ راگرتن‌و رێکخستنی پەیوەندییەکان‌و شێوازی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەویتردا.. ئەو لێبوردەییەش لەسەر بنەمایەکی یاسایی‌و ئەخلاقی رێکخراوە کە کاریگەری ناجور لەلایەن هیچ کەس‌و دەوڵەت‌و دەزگاو گروهێکەوە نەکرێتەسەر کەرامەتی تاکەکان. ( لەکاتێکدا دەوڵەتی یاسایی عەلمانی وەك ( بێلایەنێکی دنیایی) دێتە ئارا لەسەری پێویستە کە پێکهێنەری هیچ ئایدیۆلۆژیاییەکی وێکچووی ئایینی یان پۆست ئایینی نەبێت بۆ دەوڵەت)(الفلسفه العمانیه.. د. هاینر بیلافیلد). بەو مانایەی کە خۆی پارێزەری هیچ ئایدیۆلۆژیاییەك نەبێت کە ببێتە کایەیەکی

سەپێنراوی سەربیروراو بۆچوونەکانی دیکەی وەك ئەوەی کە لەرۆژهەڵاتدا بەردەوام (ئایینوتەشریعاتەکانی) وەك ئایدیۆلۆژیای خەلافەتی خواهانە، دیفاعی لەدەسەڵاتی ئایینی کردووە.. بەشێوەیەکیش ئایین بۆتە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت کەسەرچاوەی بەهاورێسای بەرێوەبردنو دیاریکردنی ئەرکو مافو لێپرسینەوەو سزاو.. تاد.. بووە. لەهەمانکاتدا لەنێوان ئایینو دەوڵەت(ئایینی ئیسلام) یەکێتیەکی گەورەو پتەو هەبووە کە دەوڵەتپارێزگاری لەدامو دەزگاو پیاوانی ئایینی کردووەو بەو مانایەی ئاینی ئیسلام لەیەککاتدا مەرجەعو دەسەڵاتیش بووە.



# ئەگەری عەلمانیەت لەکۆمەڵگای کوردیدا



باسکردن لە عەقلانیەت بێگومان باسکردنە لەمۆدێرنە، چونکێ مۆدێرنە دەرهاوێشتەیەك یان بەرهەمهاتوویەکی عەقلانییە بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، نەزمی ئابووری، گەشەی کەلتوری، هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی تەقلیدی، هێزی تەکنەلۆژی، ئەکتیف کردنی دەسەڵاتی مەعریفی ..تاد . بۆیە هەمیشە پرۆسەیەکی عەقلانی لۆژیکی لەپشت بەمودێرنە بوونی کۆمەڵگاوەیە، ئەوەی لەکوێدا دەتوانین باس لەوە بکەین کە کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەکی مۆدێرنەیە ، یان نا ؟! ئەمەوێ لێرەوە ئەوە روون بکەمەوە کە کۆمەڵگا، لەکوێدا دوورە لە مۆدێرنەبوون، بۆ ئەوەی بەدیوەکەی دیکەدا رووەکانی مۆدێرنەبوونی کۆمەڵگا ببینین. کاتێ یەکەکانی کۆمەڵگا باوەڕیان نەبێت بە رۆشەنگەری، بەهەموو ئەو لایەنە عەقلانیانەی کە پەیوەندیەکان رێکدەخەن، باوەڕیان نەبێت بەدیموکراسیەت وسەراپای گەشەو پرۆسە دیموکراتیەکان، بەمەدەنیەتو قبوڵکردنی پێکهاتەکانی، باوەڕی نەبێت بە ئازادییە کەسیەکان( ئازادی عەقڵ و بیرکردنەوە، ئازادی جەستەو ئیرادە، ئازادی روئیاو جیهانبینی جیاواز )، لەباوەڕنەبوون بەعەلمانیەتو جیاکردنەوەی سیاسەت لەدیین. بەدیوێکی دیکەدا بەباوەڕبوونیان بەمانەوە لەنێو ئەفسانەو جوگرافیای ئاین ، بەئەکتیف کردنی تەشریعاتە ئاسمانیو لۆکاڵیەکانی پێکهاتەی تەقلیدی کۆمەڵگا... تاد، بەباوەڕبوونو باوەڕنەبوون بەمانە٢٢بێشك پرۆسەیەك نابینین بەناوی بەمۆدێرنەکردنی کۆمەڵگا، بەپێچەوانەشەوە. هەر ئەکتیفیەتێك، ئەکتیف بوونی عەلمانیانەی کۆمەڵگاو دەسەلاتو، نوخبەیسیاسیو، نوخبەی رۆشنبیرە،

کە بنەمای گەشەپێدانی مۆدێرنەبوونن. ئەو بنەمایەشە، دواجار مەنتیقی عەقلانی وەك پرۆسەیەکی ستاندار، دەخاتە پشت پرۆسەکەوە،ئەکتێڤیەکەشی سەرجەم کایە کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیەکان دەگرێتەوە ..

بەو پێیەشی عەلمانیەت لەئاستی کۆمەڵایەتیو سیاسی، کایەیەکی مەعریفیە، بۆیە بەردەوام دەبێت بەچەند ئاماژەیەك ببینرێت کەبەدەر بێت لەو تێگەیشتنەی کە کورت دەکرێتەوە لەوەی عەلمانیەت بەدەرنانی ئایینە لەکۆمەڵگا، ئەشێ ئەوەمان قبوڵ بێت بەمانای جیاکرنەوەی یان دوورخستنەوەی لەدەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت، یان تەفسیرکردنەوەی دونیای بە روئیایەکی مەعریفیانەوە، بۆ کورتکردنەوەی تواناو هێزی پیاوانی ئایینیو تەشریعاتی ئایین (دینیمەسیحی__ ئیسلام – یەهودی- زەردەشتی- ..تاد) وەڵێ مەسەلەی (وەلانان) لەکۆمەڵگا ، ئەگەرێکە هاوکێشەکان بەرەو ئاراستەیەکی توندڕەوانەو قەبوڵنەکردنی بەرامبەرەکان دەبات، لەلایەکی تریشەوە بۆیە عەلمانیین، بۆ ئەوەی رێگای سێیەم کە تەفاهوومکردنی پێکهاتەو یەکە کۆمەڵایەتیەکانە بەرهەم بێنین، ئەمەش گەرەکیەتی گوتاریکی زانستی، مەعریفی ئاراستە بکات بۆ کورتکردنەوەی دەسەڵاتی دین لەکۆمەڵگادا بۆ (ئاینێك )کە بەشێکی لایەنە رۆحیو تقوساتی تاکەکان پێك دێنێ. بۆیە دەبێ لەوێوە عەلمانیەت ئەکتیڤ بکەین کە کۆمەڵگا بەپێکهاتەو وزەی ناوەکی خۆی قبوڵی دەکات، ئەمەش لەرێگای ململانێیەك کە دەرهاوێشتەی خودی کۆمەڵگا بێت لەپرسیارکردنو گومان کردنی لە هەر دەسەڵاتێکی ناعەلمانی،لەتێزو بۆچوونە ئاینیەکان ، لەزەرورەتی بەرەو عەلمانی بوونی کۆمەڵگا.



ئەگەر تێگەیشتنمان لەعەلمانیەت وەك کایەکی مەعریفیانە بێت، ئەوا عەلمانیەت لەرووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو تەواوی پرۆسەکانی دیکەش گەشەدەکەن، گەشەکردنێك ململانێیەکانی ناوخۆیی کۆمەڵ بەرهەمی دەهێنێ، ئەگەرچی ئیمە لەکۆمەڵگای خۆماندا ئەم ململانێیە نابینین کە هاوکێشەو پرسێك بێت لەنێوان عەلمانیەکانو ئاینییەکان، یاعەلمانیەکانو فیوداڵیەکان. دیارە تەفسیری مەعریفیانەش بۆ عەلمانیەت وەك جیاکەرەوەی سیاسیانەی ئایین لەدەسەڵات دەشێ لایەنی مەعریفی عەلمانیەت بەهێزبکات. وەڵێ لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا ئەگەرەکە پێچەوانە دەبێتەوە بەو مانایەی جیاکردنەوەی دین لەدەسەڵات ، جیاکردنەوەی ئایین یان وەدەرنانی ئایین لەکۆمەڵگا ناگەینێت ، بەقەد ئەوەی بەعەلمانی بوونی کۆمەڵگا لەسەرتێرازێکی مەعریفیانەی عەقلانی بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی یەکەوپێکهاتەکانی کۆمەڵگایە کەبەر لەعەلمانیبوون لەقۆناغی تەقلیدیدا بووبێت، بەو شێوەیە دیاریکردنی فۆرمی نوێو نوێتری کۆمەڵگا، لەسەربنەمای عەقلانی ، عەلمانیەتێکی پێویستە کە زەرورەتی عەلمانیبوونی کۆمەڵگا بزانێ لەئاستی پێشوازیکردنو کاردانەوەکانی. سەبارەت بەکۆمەڵگای کوردیش ئیشکالیەتەکانی بەعەلمانیبوون یا نەبوونی بۆ چەند لایەنەك دەگێرمەوە :

١)لەکۆمەڵگای کوردیدا ، ئەوەی دەپەپنرێت خیتابێکی جیاوازە، لەوەی بگاتە ئاستی ململانێیەکی واقیعیانە لەسەر بەعەلمانیبوون یا بەئایینی بوونی کۆمەڵگا، کە لەنێوان دوو ئاراستە یان لەنێوان عەلمانیەکانو تەیاری

دیندا ئەگەر هەشبێت ،لەلایەك لاوازە ، لەلایەکی دیکەوە تێکەڵبوونێك هەیە کە جیاکردنەوەی ئەو دووگوتارەی لەیەکتری لێڵکردووە.

٢) ئەوەی دەبینرێت هێشتاپرسەکە پەیوەندی بەیەکلابوونەوەی عەلمانیەکان هەیە لەوەی کەهێشتا زۆربەی ئەو خیتاباتە بەشێوەیەك لەشێوەکان بەرهەمهێنەری گوتاری‌خێڵ‌و قودسیاتە وەهمیەکانی کۆمەڵگان.

٣)لەناوهەناوی ئەو گوتارانەدا نەعەلمانیەت وەکو هەڵوێستی مەعریفی پراکتیکی چەسپاوە ، نەدەستبەرداری تەفسیرو فتواو تەشریعات‌و باوەڕە ئاینیەکان بوون، بۆیەش کەمتر دەتوانین ئاستێکی دیاریکراوی ململانێ ببینین لەگەڵ گوتاری ئاینی .

٤)ئەو شێوە عەلمانیەتەی هەیە، زیاتر گەمەی تەفسیرەکانە کە ئەکتیڤترە لەگوتارێك لەپێناو بەعەلمانی کردنی کۆمەڵگا، بۆیە ئیشکالیەتەکانی ئەو پرۆسەیە بەئاسانی لەکۆمەڵگایەکی رۆژهەلاتی بێ سیادەی وەکو کۆمەڵگای کوردی زەحمەتە بەدەرکەون:

چونکە لەوانەیە ئیشکالیەتەکانی بەعەلمانی بوونی کۆمەڵگای کوردی تەنها هۆی بوونی گوتارێك یان گروهێکی‌دژ بەوپرۆسەیە نەبێت بەناوی ئایینەوە، بەقەدئەوەی ئیشکالیەتەکە لەوپرسیارەوە دەبێت کە: ئاخۆ تاچەند ئێمەی عەلمانی، عەلمانیین ؟! لەوێوە سەرەتای ئیشکالیەتەکان دەست پێدەکەن کەدەکرێ دواجار لەو سونگەیەوە پرسیار لەدەرەوەی خۆمان، لەکۆمەڵگاو دەسەلاّت بکەین کە تاچەند عەلمانیەتیان قبوڵە یان پیادەیان کردووە ؟! بۆیە ئەگەر تێگەیشتنمان لەعەلمانیەت تەنها ئەوەبێت کە جیاکردنەوەی دینە لەدەسەلاّت‌و هیچ پەیوەندیەکی بۆ دروست نەکەین





لەگەڵ تەواوی یەکەکانی کۆمەڵگا بێگومان ئەوا نەك عەلمانیەت بەڵکو سیاسەتیش بەرەو قەیران دەبەین، دواجاریش هەم عەلمانیەت‌و هەمیش سیاسەت لەکایە مەعریفیەکەی بەدەردەکەین. لەوێوەیە کەدەبێ ئەگەری زیاتری لەخۆدا هەڵگرتبێت بۆ ئەوەی توانای جیاکردنەوەی فۆرمەکانی هەبێت لەنێو گوتاری ئاییندا ، ئەگەر سەیری ئایین بکەین لەگوتاری دوێنێیدا ،کەپشت بەستوو بووە بەنەگۆڕە ئاسمانی‌و ئەفسانەیی‌و تەقدیسیەکان ، ئەوا لەم سەد ساڵەی دوایدا ئەم خیتابە لەنێو خۆیدا تووشی جیابوونەوە بووەو بەدووشێوە دەرکەوتوون : یائەوەتا لەچوارچێوەی کۆمەڵگا عەلمانیەکان بەشەفافیانە هەڵسوکەوتی کردووەو دەسبەرداری چەندین نەگۆڕبووە،کە دواجار وەك بەشێك لەتقووساتی خەڵك ماوەتەوە ، یان ئەوەتا لەفۆرم‌و رۆحانیەتی‌خۆی دەرچووەو شێوەیەك لە بنیادەمی بەرهەمهێناوە کە یەك پارچە توندوتیژی‌و ئیرهابەو، جەستەو عەقڵی بەدەمارگیری گەیاندووە .

شێوەی یەکەمی مومارسەکردنی ئایین کەمەنتیقی قەبوڵ‌و پێکەوە هەڵکردنە لەگەڵ عەلمانیەت‌و مۆدێرنەو عەقلانیەت شێوەیەکە لەئەوروپاو رۆژئاوا زێتر دەبینرێت بەتایبەتی( ئاینی مەسیحی) . خیتابی وێرانکردن وخوێنیش کە کوشتنی هەرچی جیاوازی‌و وێرانکردنی کۆمەڵگایە ئەوا زێتر لەرۆژهەلاّت‌و لەئایینی ئیسلامیدا دەبینرێت، کە دوو بەرهەمهێنان‌و دوو فۆرمی مومارەسەکردنی ئایینن. دیارە ئەو گوتارە لەو تێگەیشتنە میتاعەلمانیەتەوە سەریهەڵداوە کە رەهەندی جیاوازی نێوان

خۆی‌و بەرامبەرەکانی کورتکردۆتەوەو کاری لەسەرکوشتنی ئەو جیاوازیانە کردووە.

خۆی هەر رێخستن‌و شوناس پێدانێك لەدەرەوەی میتۆلۆژیا، تەفسیرەکانی ئایین‌و ئاسمان، دیوەکەی دیکەی رێکخستنەوەیەکی عەقلانی / واقیعیە کەدواجار عەلمانیانە دەگەرێتەوە بۆ لۆژیکێك کەبڕیار بەمرۆڤ دەدات ، خۆی ببێتە سەرچاوەی ئیرادەو چارەنووسەکانی بەو مانایەی لەبەسێنترالّ بوونی لۆگۆس دەگەڕیتەوە بۆ بەسێنترالّبوونی خود(مرۆڤ)، لەباوەڕداری بەدەرەوەی زەمین بۆ زەمانی‌و عەقلێکی بیرکەرەوەی سەر زەمین، گەڕانەوەیە لەتەسلیم بوون بەهێزێك کە داڕێژەرو بیرکەرەوەو بنەمای ئیرادەی مرۆڤ بوو بۆ هێزێك لەخودی‌مرۆڤەوە ئاماژە وئاراستەی ئیرادە بۆ هێز دەبات. ئەم مەنتیقی بیرکردنەوەیە ، بەپرۆسەیەکی عەلمانی‌و دواجار عەقلانی گەشە بەو کۆمەلگایانە دەکات کەهێشتا لەباری نائیرادەیی خۆیاندان، بەو شێوەیە ئەگەر سەیر بکەین، ئەو شوناس‌و رێکخستنەوانەی لەدەرەوەی دونیای ئایینن، بەدیوێکدا قسەکردنە لەو لۆژیکە نەگۆڕەی ئایین، کەکۆمەلێك نەگۆڕی لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ وێناکردوون، هەر لەدەقە پیرۆزەکانەوە بگرە تاوەکو دەگاتە خالق‌و بەدیلکردنی مەخلوق ..تاد. ئەم رێکخستنەوەیەیە کەدەکرێ پرۆسەیەکی عەلمانی رەنگێکی جیاواز لەونەگۆڕەی پێبدرێ ،ئەوەی لەچوارچێوەی دەولەتی ئاییندا دەبینرێت، بەشێك نییە لەدەولەتی مۆدێرن یان هاوچەرخ ، کە بەشێوەیەکە هیچ جیاوازییەك لەدەرەوەی نەگۆڕەو روئیا میتۆلۆژیەکانی قبولّ ناکات. چیمان لەرۆشنبیری کورد دەوێت؟ رۆشنبیری



کورد هەتا چەند بەشدارە لەپرۆسەی بەعەلمانی‌بوونی کۆمەلگای کوردی، یافۆرمەلەکردنی پرۆژەیەکی سەرلەنوێ بۆ بونیادنانەوەو شوناسدانەوەو رێکخستنەوەی یەکەکانی کۆمەلگای خۆی،پێموایە نوخبەی رووناکبیر لەکوردستاندا بەر لەهەموو شتێك لەغیابێکی بەردەوام دایە، غیابێك کەئەگەر دواجار بەردەوام بێت ئەوا ناتوانی هاوشانی نوخبەی سیاسی‌و تاقمی هەمەکی سیاسی لەناو کۆمەلگادا کاربکات، هێشتا رۆشنبیری کورد کۆمەلگای خۆی نەناسیوە لەمێژوویێکی سەقەتەوە سەرچاوەی گرتووە، بەشدار نەبووە لەمێژوو، بەلکو رۆژانە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو مێژووە دروستکراوانەی کەبەزۆری زۆرداری دەبێت قبولّی بێت، رۆشنبیری کورد رۆشنبیرێکی راڕایە بەشوناسەکان، نامۆیە بە ناسینی خودی خۆی‌و ترساوە لەسیاسەت، هێشتا یەکلانیە بۆ ئەوەی بەشداری ئەو پرۆژەیە بکات یان نا، پرسیاری ئەوەی هەیە نەوەکو دیسان ئەو پرۆسەی بەعەلمانی بوونی کۆمەلگای کوردیەش پرۆژەیەکی تەنها حزبی بێت !! گومان لەخودی عەلمانیەکان دەکات لەکۆمەلگایەك کە تاسەر ئێسقان سەلەفیە !! ئەمانەو چەندین پرسیارو گومان‌و وەهم جوگرافیاو عەقلّ و جەستەی روشنبیریان خستۆتە بارێکی ناهەموار، ئەوەی لەناوگروهی رۆشنبیران دەبینرێت بۆتە ئایینێك‌و هالەیەك کە بەدەوری خۆیدا کێشاوە، تا وای لێکردووە هەموومەسەلەکانی فەرامۆش کردوون‌و ململانێیەکانی کورتکردۆتەوە بۆ بەرامبەرێك کە پێیوایە (دەسەلات)ە، ئەو غیابە کە تاوەکو ئێستاخاوەنی هیچ گوتارێك نەبووە لەناوخۆی کوردستان، هیچ پرۆژەیەکی پێنیە بۆ کۆمەلگا، وای لێکردووە هەمیشە غیاب‌و ناکاریگەر

بێت ، دواجار گروهی رۆشنبیرانی تووشی گۆشەگیریو زەمەنێك كردووە جوگرافیاكەی لەدەرەوەی واقیعی كۆمەڵگادایە.

دیسان تێگەیشتن لەعەلمانیەت تەنها گروهی سیاسی داگیرنەكردووە رۆشنبیر خاوەنی جوگرافیاكە پڕە لەوەی كەنازانێت : پێشكەوتنخوازو ژیان دۆستو عەلمانییە، باوەڕی بەرۆشنگەریو عەقلانییەتو دیموكراسیەت هەیە، یان ئیماندار بەنەگۆڕانو غەیبوبەبوون، بەمیتۆلۆژیاو تەسلیم بوون بەخیتابیمەرگ، ئەو (ئایینەی رۆشنبیر)ە وای لێ كردووە بەشدار نەبێت لەبەرهەمهێنانی كایەكی عەقلانی/عەلمانیدا .رۆشنبیری كورد كەتووشی شۆكی دەسەلات بۆتەوە، لەبیرچۆتەوە كەدەسەلاتی كوردی ، دەسەلاتی بەعس نیە ، دەسەلاتی خەلیفەو خەلافەت نیە، هێزو توانای رۆشنبیر بەشێوەیەكە پێی هەزم نەكراوە كە رۆشەنگەركردنی ئەم دەسەلاتە كوردیە، بەدیموكراسی كردنی، راهێنانی بەكەلتوری رەخنەگرتن، بەرەخنەگرتن لەسلبیاتی، بەهەڕەشەكردن لەهەر هەڵەیەكیانیدا (خیانەت) نییە ، ئەمە دیوێكی مەسەلەكانە. ئیمان هێنانی رۆشنبیر بە بێلایەنی، ئیمانهێنانە بە لەدەستدان یان سەرەتای لەدەستدانی كیانی خۆی، چونكە هەمیشە رۆشنبیر لەناو بێلایەنیدا دەچێتە باری غیابەوەو، پێویستیشە لەو مەنتیەقەو دەستپێبكاتەوە كە خیتابی خۆی لە سەربەخۆبووندا ببینێتەوە بۆئەوەیلەرێگای ئەو خیتابەوە ئەكتێڤیەكانی بەدەر بخات.

دیوەكەی تری غیابی رۆشنبیری كورد سەددەرسەد پەیوەندی بەعەقلیەتی سیاسی، دەسەلاتداری كوردیەوە هەیە، عەقلیەتێك





كەدرێژكراوەی كەلتووره ترسێنەرو تۆقێنەرەكانە، كەلتورێكە بەردەوام جوگرافیای ئازادی رۆشنبیری داگیركردووە، داگیركردنێك تەنها بەچەكی حزباندن نا، بەلكو ترساندنی رۆشنبیر لەرێگەی نیشاندانی رەمزو موقەدەساتەكانەوە، لەرێگەی كەلتورێكی سیاسی، دوور لەستراتیژیەتی خیتابەكان، عەقلیەتێكە درێژكراوەی چەندین گوتارەو، ئەو كەلتورە سیاسیە كاری لەسەر نیشتیمانی ئازادیەكانی رۆشنبیر كردووە ، كەچی دەیەوێ پرسیاری بوونی پرۆژەیەكیش بۆ بەعەلمانی/عەقلانی بوون كۆمەڵگا لەو كەسە بكات كە گەمارۆدراوە.

دەسەلاتێك كەدەسالە هەیە بۆ رۆژێكیش بەینی خۆیو تەیارێكی ئاینی تێك نەداوە ، هاوگوتاریخۆی بۆ رۆشنبیر نەسەلماندووە ، خۆی خاوەنی فۆرمێكی نوێ نەبووە بۆ شكاندنی فۆرمی تەقلیدیو لاهوتگەرای كۆمەلگا، بەشێوەیەك لەشێوەكان پارێزەری ترادسیۆنو دابەكانە، چۆن بەعەلمانی ببین؟! بەپێچەوانەوە خەریكی دروستكردنی موقەدەساتەكان بووە، ئەمە كاری نوخبەی سیاسی كوردبێت ، ئەمەیە رۆشنبیری بەغیاب بوون سپاردووەو بواری بیركردنەوەی كورت كردۆتەوە.

لێرەوە دێمە سەر ئەو پرسیارەی كە ئاخۆ كاممان پرسیاری ئەوەمان كردوە ، پرۆسەی بەعەلمانی كردنی كۆمەلگا بەتەنها ئەركی(یەكە)یەكە (حزبە) لەكۆمەلگادا ؟ بۆجارێك پرسیارمان لەپێكهاتەكانی دیكەی كۆمەلگا نەكردووە،؟ پرسیار لەسیستەمی پەروەردە كە هەر لەسەرەتاوە تاكی كورد سەقەت بەرهەمدێنێت پرسیار لەزانكۆ كە هێشتا بەتەفسیرە ناعەلمانیەكان دەڕواتەرێ، پرسیار لەیەكە كۆمەلایەتیو رۆشنبیریەكانو..

تاد. بۆیەش گرنگە ئەو گومان‌و پرسیارانەمان هەبن تاوەکو بتوانین لەوە تێبگەین کەحزبی کوردی بەوعەقڵیەت‌وپێکهاتەیەوە بەتەنها لەتوانایدا نییە کار بۆ پرۆسەیەکی وەك بەعەلمانی بوونی کۆمەڵگای کوردی بکا ، هەموو ئەو غیابانەی هەن هەموو وێرانیەکی زانکۆ ، سیستەمی پەروەردە، ناوەندە پابەندەکانی کۆمەڵگا، پرسیارو گومان لە گەمەکانی پاریزگاری لەترادیسیۆن‌وحوکمی خێڵ، سانسۆرو نەبونی رۆڵی فەرد لەکۆمەڵگادا .. تاد. ئەمانە هەمویان بەشبەحاڵی خۆیان ئیشکالیەتی بەعەلمانی نەبونی کۆمەڵگای کوردین لەکوردستاندا ئەوەی ئەو ئیشکالیتانەشی زەق نەکردۆتەوە، نەبوونی ململانێی هێزی مەعریفی‌و زانستیە لەبەرامبەر گوتارە ناعەلمانیەکان کە ئیرادەیێکی تەسلیم بویان هەیە لەکۆمەگای کوردیدا لەبڕی ئیرادەیەکی توانادار بۆ گۆڕان بۆیەش هەوڵە لابەلاکانی نێوخۆ کەهەرهەنگاوێك بەرەو عەلمانیەت بووبێ چەند هەنگاوێك بەرەو فەندەمنتالیزم بووە، ئینجا چ فەندەمنتالیزمی ئایینی یان فەندەمنتالیزمی کۆمەلأیەتی بێت .

ئەگەر بڵێین لە ولاتی ئێمەدا دەسەلأتی عەلمانیمان هەیە، وەلێ لەئاستەکانی دیکەدا ئەگەر سەیری ئەو پرۆسە عەلمانییە بکەین تواناکانی ئەو پرۆسەیە بەسەر دیوەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردیدا نەشکاوەتەوە پرۆسەی عەلمانی بوون نەگەیشتۆتە تونێلە تاریکەکانی کۆمەڵگا لەبواریکۆمەلأیەتی‌دا وشیاری جەماوەری تێگەیشتن لەوەی کەدەسەلأت تەنها بەناو عەلمانییە، بۆیەشە ئاستی ناتەواوو ناعەلمانی لەکۆمەڵگادا دەبینین، هەر لەسیستەمی خوێندنەوە بگرە تا دەگاتە پێکهاتەو یەکە





کۆمەلأیەتی‌و سیاسی‌و رۆشنبیریەکان، بەشێوەیەك گوتاری ئاینی بەتایبەتیش (ئاینی ئیسلام ) کاریگەری هەیە، نەتوانراوە لەکاریگەریەکەی کەم بکەینەوەو دەسەلأتی کوردی لەچوارچێوەی ئەو شێوە عەلمانیەتە، وزەی گوتارەکەی بەشێوەیەکە کەوتۆتە حاڵەتی موجامەلکردنەوە، عەلمانیەت پرۆسەو فکرێکە موجامەلەی لەو جۆرەی لەپێکهاتەدا نییە بۆنمونە دەسەلأتی کوردی عەلمانیەو لەپێکهاتەشی‌دا چەندین تەیاری جۆراوجۆری ئایینی بەشدارن تیایدا، ئەمە بەعەلمانیبوون نییە، بەقەد ئەوەی پرۆتۆکۆڵ‌و تێکەڵ بوونی گوتارەکانە تێنەگەیشتن لەعەلمانیەت رازی بوونی کۆمەڵگای سیاسی کوردیە، رازبوونی عەقڵیەتی سیاسی‌و هێزە عەلمانیەکانە بەمەرجەعیەتێك کەبەشێکی زۆری عەقڵ‌وجەستەی تاکی کوردی داگیرکردووەو کاری لەسەر جوگرافیای کرانەوەی ئەوتاکە کردووە کەلەپاڵ ئەوگوتارە ئاینییە گیرۆدەو دەستبەسەری چەندین گوتاری دیکەیە کەبەشێوەیەك لەشێوەکان جەوهەرێکی ئاینیان پێدراوە هەر لەگوتاری خێڵ بۆ ترادیسیۆنە کۆمەلأیەتیە سەقەتەکانەوە بگرە تاوەکو گوتارێك ئازادی تەواوی ئەو تاکەی ،ئازادی بیرکردنەوەی ، ئازادی جیاوازبوونی، ئازادی‌و ئیرادەی خودی و ئیرادەو ئازادیە جەستەییەکانی کۆنترۆڵ کردوە، لەبەرامبەریشدا عەلمانیەکانی کوردستان دەتوانم بڵێم ٥٠٪یان هێشتا لەدۆگمای فیکریی خۆیان لەگێژاودان نەیانتوانیوە تەفسیرێکی لۆژیکی بەرهەمهبێنن، نەتوانراوە کار لەسەر ئەوبونیادەی خیتابی نوێ بکەن دیارە کارنەکردنێکی لەوجۆرەش دواجار (گوتاری سیاسی دینی ) لەشێوەی گروپی سیاسی ئیسلامی لێکەوتۆتەوە خاڵێك کە بەختیارعەلی ئاماژەی

پێکردووە (پرۆسەی بەهێزکردنی توانای کۆمەڵگایە لەسەر ژیان لەژینگەیەکی عەلمانی ) ئەگەر کۆمەڵگا توانادارو بەهەمهێنەر نەبێت، توانای ململانێکانی لاواز بێت، تەفاهووم نەکردنی عەلمانیەتی لا نابێتە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی‌و کەلتوری‌و،پرۆسەکە تەنها لە دونیای سیاسەتدا قەتیس دەبێت‌و ئەگەرەکانی گەشەکردنەکەش کەمتر دەبنەوە . لەپاڵ هەموو ئەو دیاردەو یەکە عەلمانیانەی لەکوردستاندا ئەکتیڤن، لەپاڵ دەسەڵاتی یاسایی‌و ئیدارەی سیاسی، لەپاڵ قسەکردن لەدیموکراسیەت‌و مەدەنیەت‌و کۆمەڵگای کراوە ، ئەکتیڤیەکی بەگوڕتر هەیە کە ئەکتیڤی ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی‌و تەقلیدو سیرمۆنیا ئایینیەکانە، کە هەمیشە دەمانبەنەوە سەر ئەگەرێك لەتێك نەگەیشتن‌و، لەکاتێکدا هێزی فشاری تەیاری ئایینی لەکوردستاندا بەوشێوەیە نیە، وەلێ تەیاری عەلمانی خۆی کەم توانایە. هەم ئایین، هەمیش عەلمانیەت لەکۆمەڵگای کوردیدا بەدوو ئاراستە کاردەکەن کە تۆ هەست ناکەی کە دژی یەك بن یان کێشەیان لەگەڵ یەکدا هەبێت ، ئەمەش بۆخۆی خولْقانی فەزایەکی ناکامڵ لەتێگەیشتنەکان بەرهەمدێنێ. ئەگەر چی‌ناکرێ پێمان وابێ ململانێکان هەڵوێستین بەلاَم حەقیقەتی عەلمانی بوون کەمکردنەوەی دەسەلاَتی دیینە وەك دەسەلاَت‌و گێرانەوەیەتی بۆ فۆرمی سروشتی خۆی یان دوورخستنەوەیەتی لەدەسەلاَتی دەولْەت کە ئێمە لەکوردستاندا کەمتر ئەو جیابوونەوە رەگ‌و ریشەییە دەبینین، کارکردنەکان نامۆن لەگەڵ کۆمەڵگادا جگە لەیاسای مەدەنی، تەشریعاتی خێڵ تەشریعاتی دیین، تەشریعاتی بنەماڵە ..





تاد.،کاری خۆیان کردووە، رێگرتن لەم فرە بڕیارو تەشریعەیە یەکەم سەرەتایە بۆ ئەوەی بتوانرێ لەکوردستاندا قسە لەعەلمانیەت بکەین.

تاکی کورد یان نوخبەیەك لەکۆمەڵگادا بەچ گرانتیکێك بتوانێ پرۆژەی هەبێ بۆ بەعەلمانی کردنی کۆمەڵگا، کەلەژێر گەورەترین هەڕەشەو لەناوبردندا بێت، کە جگە لەیاسای دەولْەت لەلایەك مەحکومە بە ترادسیۆنە فیدراسیۆنیەکانی خێڵ‌و تەسلیم بەگوتاری خوێن‌و پشت ، لەلایەکی‌دیکەوە مەحکومە بەتەشریعاتی ئاسمان‌و ئەفسانەو دین .. لەلایەکی دیکەشەوە کۆنترۆڵ کراوە لەلایەن دەسەلاَتی سیاسیەوە بەشێوەیەك کەرێگای لێدەگرت بەئازادی عەقڵ‌و جەستەی بیر لەگۆڕان بکاتەوە.

کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکە ئەگەر لەروێکەوە کراوە بێت لەچەندین رووی تر داخراوە ، بەمانای کۆمەڵگا، چارەنووسەکانی لەسەر بنەمای کۆڕاو زۆینە وەستاوە، بەشێوەیەك کۆڕاکە بەئاسانی دەکەوێتە حاڵەتی قبولْکردنی نەگۆڕەکان ، بەئاسانی ناتوانێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی، مەدەنیەکانی لەحاڵەتی نەگۆڕی دەربکات ، بۆیەش پەیوەندیەکان چەندین ئاستی جیاوازو نارێك دەڕۆنەرێ، لەحاڵەتی ئاسایی خۆیاندا نیین، بۆیە لەکۆمەڵگای کوردیدا پەیوەندیەکی جەدەلی لەنێوان دیاردەو یەکە نەگۆڕەکاندا نیە. ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ دەمانەوێ لەکوردستان ، ئەوەیە کەئێمە بەر لەهەموو شتێك کۆمەڵگایەکی ئاینیی نیین ، ئەوەی جێگای سەرنجیشە بەمانا ستاندارەکەی عەلمانیش نیین ، ئەوەی هەیە گروهی سیاسی دینین بەناوی ئیسلامی سیاسیەوە هەن ، شێوەیان کانتۆنی بچووك‌و داخراوی نێو ئەو کۆمەڵگایەن . لەکۆمەڵگای کوردیدا ئایین قەبولْکراوێکە

كە بەشێك لەلایەنی رۆحی مرۆڤی كورد پێك دینێ .. وەك ئاینی (مەسیحی ، كاكـەیی، زەردەشــتی، حــەقی ، یــەزیدی ، ئیســلام ، تــاد) . لــەدەرەوەی ئەورۆحانــیەتەش، ئــەویتر سیاســەت كــردنو كاركــردنە بــۆ ژیاندنــەوەی كلتورێك كەكەم تازۆر كلتوری كوردی نییە ، بەڵكو كلتوری عەرەبیە بەر لــەوەی (ئیســلام)ی بێــت . بۆیــە بــۆ زیاتــر گەشەســەندنی عەلمانــیەت پێویســـتەخاوەنی جیهانبیـــنیو روئـــیایێكی كـــراوە بـــین لەبـــەردەم گۆڕانكاریـەكاندا، ئەمـە لەكاتـێكدایە كەكۆمـەڵگای كوردی تواناێكی لەخۆیدا بەرهەمهێناوە زیاتر كرانەوەو عەلمانیەت قەبوڵ دەكات نەك ئەو خوازیاریە ملیشیایەی كەدەیـەوێ كۆمـەڵگای كـوردی بەئیسلام بكاتـەوە. ئـەو توانایـە بەشێوەێكە زیندووكردنەوەی كلتوری عەرەبی لەرێی ئایینەوە لەخۆناگرێ . لەلایـەكی دیكـەوە هـیچ هـێزێكی ئیسلامی یـان دەسـەلآتێكی ئیسلامی یـان دەوڵەتـێكی ئیسلامی ناتوانێ لەگەڵ سیستەمی نوێ جیهانو جیاوازییەكانی دەرەوەی خـۆی هەڵـبكات، چـونكە خـاوەنی كلـتورێكە، كلـتوری كوشـتنی جیاوازیەكانو عەقڵیەتی گروە و میلیشیایە. زەروریشە رۆشنبیر پرۆژەی هەبێــت بــۆ بەهــێزكردنی عەلمانــیەت وەڵێ گــرنگە ئــەوەش بــزانین فۆرمەڵـەبوونی پـرۆژەیەكی وەهـا پێویستی بـەزەمانو زەمیـنەیەك هەیـە كەتۆكمـە بـێ بەمەعـریفەو زانست بۆ ئەوەی لەرەنگدانەوەیدا نەبێتە هۆی كوشـــتنی جـــیاوازیو بەرامـــبەرەكان. زەرورەت لەوەیـــە كـــەتۆ چـــۆن بەرامبەرێكـت قەبوڵـە كەبزانێـت كۆمەڵگاكـەت ،كۆمەڵگایـەكی عەلمانـیەو، ناشیەوێ ئاینی بێت ئەگـەر بەرامـبەرەكەت ئـەوە تـەفاهوم نـەكات ، بێشك ململانێیەكان پێویستیان بەدرێژەپێدان هەیە بۆ تەفاهوم پێكردنی.





# ئیسلامی سیاسی:
# كولتووری گوێگرتنو دیوی تاریكی ئیمان

## كۆمەڵگاو ئایین:

قسەمان لەوە نییە كە هیچ كۆمەڵگایەكی دنیا بەبێ ئایین نییە، یان ئەوە بڵێین كۆمەڵگایەك كە بێ ئایین بوو، پرسیار لە ئایینەكەی بكەین. بەڵكو باسەكە لەسەر دیوە شاراوەكانی ئایینە، كە بەشێوەیەك لەشێوەكان كاریگەری بەسەر كۆمەڵگاو پێكهاتەكانیو تاكەكانیشەوە هەیە! چین ئەم كایانەی كە ئیدارەی عەقڵی مرۆڤ دەكەن؟ ئایا ئایین جارێك دیوی رووناكی هەبێت چەند جار دیوی شاراوەو تاریكی هەیە؟! لەكۆمەڵگای كوردیدا تاچەند ئایین وەك كایەیەك لەكایەكان بەشدارو بەرپرسیارە لە كلۆڵكردنی پێكهاتەی تاكی كوردی، لە مەسەلە پەیوەندیدارەكان بە ئازادی مرۆڤ، ئازادی عەقڵ، ئازادی جەستە، ئازادی ئیرادە، ئازادی بیركردنەوە، ئازادی روئیاو دونیابینی؟ ئایین بەگشتیو ئایینی ئیسلام بەتایبەتی سەرچاوەی لێسەندنەوەی ئیرادەو بیركردنەوەی مرۆڤەكانە، یان(نوری ئیمانی تاكەكانە)؟! لێرشەوە دێینە نێو باسەكەوە كە: تاكی كورد خاوەنی روئیاو بیركردنەوەی جیاوازە لەمەڕ رەشو سپییەكانی ئایینو روانینی دونیاییانەشی بۆ ژیانو ئازادیو مرۆڤ، هەمان ئەو روانیینە ئاینیانە نییە كە بەشێك لە راڤەكارییە تێكستییەكان خۆی دەبینێتەوە.

ئێمە بۆ قسەکردن لەسەر ئایین، قسەکردن لەسەر دەسەڵاتی دینیو مێژوویی ئەو دەسەڵاتە، دوان لەمەڕ ڕەهەندەکانی کەلتووری ئایینی سەپێنراو، لەسەر ئایینی هاتوو بۆ وڵاتەکەمان، لەسەر ئایینی خۆماڵیو سەرکوتکراو، ئایینو ئیرادەی مرۆڤ، ئایینو ئاینزا کوردییەکان، لەوانەیە نەتوانین لەو باسەکورتەدا بەتەواوی قسەی لەمەڕ بکەین. وەلێ لەو دەروازەیەوە پێویستە لەروانگەیەکی رۆشنگەرەوە ئەو پرۆسەی قسەکردنە ئاراستەبکەین، کە گوتارەکان لەخودی ئازادیو ئیرادەی مرۆڤەکانەوە بێت، بەشێوەیەك لەتوانادابێت، سەرەتایەك لەپێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیو کەلتوورو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکان، فەرهەنگییەکان، بنەما سیاسیو ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگا راڤەو شرۆڤە بکات، کە کاریگەری هەبێت بەسەر دانانی ئاستێك لەبەردەم ئەو رەهاییەی کە گوتاری ئایینی لەرێگای نەگۆڕەکانی وەك( نەریتی ئایینی، حوکمی دینی، شەریعەت، تقوسو ترادسیۆنەکان کە لەمیانەی بانگەشەی ئایینیەوەن، عەقڵو کەلتوورو بیرکردنەوەی مرۆڤ دەخەنەژێر گوشاری بارگاویکردنێکی رەهای نالۆژیکیانە بەناوی روحانیەت، غەیبانیەت، حەقیقەتی ئەو دنیاوە).

کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ هەموو نێگەتیڤیەکانیشیەوە لەروانگەی قەبوڵکردنی بەرامبەر، جیاوازبوون لەگەڵ بەرامبەر ، پێشێڵنەکردنی ئەویدی، جێگای بەشی هەرە زۆری گوتارەکانی تێدابۆتەوە، وەلێ جێگای وەبیرهێنانەوەی هەموو کەسێکی خودان (گوتاری ئیسلامی عەرەبی شۆڤێنیە) کە بزانرێ، کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگای سەردەمی جاهیلیەت نییەو دەسەڵاتی





خەلافەتیش تێدا نییەو لەمێژووشدا شتی وای نەبووە لە رۆژهەلاتو رۆژئاوای ئیسلامدا.

کەم تازۆرێکیش کە ئایینی ( ئیسلام) قبوڵکراوە، نەئسولێەتو نەگوتاری ئایینی عەرەبی شۆڤێنی ( گوتاری ئیسلامی سیاسی) لەولاتی ئێمەدا جێگای قەبوڵ نەبووە ، بەڵکو بەرەنگاریشکراوەتەوە، نەك لەبەر ئەوەی نابێت هەبێ، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردی بنەماکانی ژیاندۆستی زیاتربوون لە بنەماکانی مەرگدۆستی، ئەگەر لێیان گەڕابێت بژێت. جگە لەئیسلامیش مێژووی ئایینەکانی کوردستان، مێژوویەك بووە هەم ئازادی مرۆڤو هەم نۆرمو بەها کۆمەڵایەتیو مرۆییەکانیان لەبەرچاو بووە وەك ئایینی( زەردەشتی، مەسیحی، حەقە، کاکەیی، یەهودی..تاد)، ئەمەش پاساو هێنانەوە نییە بۆ هیچ کامێك لەو ئایینانەی کە باسکرانو هەریەك بەقەدەری خۆی بەشێکی نۆستالیژیا لەکۆمەڵگادا پێکدێنن، کە هێشتا لە نێو قەبوڵو رەتکردنەوەی گەشەکردنە مۆدێرنەکانی کۆمەڵگای بەشەری یەکلانەبونەتەوە. لەوانەش ئایینی (ئیسلام) لەوەی دەستبەرداری (کەلتووری بەدەوی بێت، کەسەلەفو نەسەبی عەرەبی پێك دێنێت، کە کەلتووری توندڕەوییانەی ئەو نەتەوەیەیە بەرامبەر هەر نەیارێك کە بە ئەهلی کوفر ناوی دەبەن، لە دوا ئاستی توندڕەویشدا دەگاتە نالۆژیکیەتی تیرۆرو تۆقاندنو فتواو تەکفیرکردن لەبەرامبەر جیاوازەکان، دواجاریش ئەو گوتارە بنەمایەکە بۆ بچووککردنەوەی بەهامرۆییەکانی ئینسان بەناوی ئایینو دواجار بەناوی( جیهاد) بۆ رازیکردنی (خودا)، ئایا ئەمە ئەگەر گوتاری ئیسلامی سیاسی بێت، چۆن دەکرێت باشترین ئەلتەرناتیڤی دەسەڵاتی مۆدێرنی کۆمەڵگاکان بن.

******

کاتێك ڕۆشنبیرو یەکەکانی کۆمەڵگا بەتەواوەتی لەماناو مەغزاکانی ئیسلامو ئایین تێگەیشتبن، کە لەجێگای یاسا، شەریعەتی ئیسلام بێت، لەجێگای دەسەڵاتی مۆدێرن، دەسەڵاتی هەزارساڵەی خەلافەت بێت، لە بڕی هەڵبژاردنو پرۆسە دیموکراتیەکان ( بیعە)و لەجێگای ئازادی ئینسان، لەدەستدانی ئیرادە بێت، لەجێی تەکنەلۆژیاو عەقڵو کەلتووری مرۆیی، خورافەو حەکایەتو شیرەوشاندن، بێشك ئەبێ ڕەگو ریشاڵی ئەم گوتارە ئیسلامیە هەم شرۆڤە بکرێت، هەمیش دەسکەوتە مرۆییەکانی کۆمەڵگای بەشەری لەبەردەمدا بپارێزرێت. لێرەوەیە کە ئایین مانا دیارو نادیارە ڕۆحیەکانو بەهاو نۆرمە مۆراڵییەکانی لە کنفیکونێکدا دەداتە دەست بزوتنەوە ئیسلامیە ئسولیەکانو بەدەسەڵاتی ئایین دەیگۆڕێتەوە، لەرەهاییە ئاسمانییەکانەوە ، دادەبەزێتەوە بۆ ئەوەی هەمان حەقیقەتە کۆنکرێتیەکانو ڕەهایی بەسەر مرۆڤ، بەمانا ئاینیەکەی بەسەر بەندەکانیدا بسەپێنێ.

مرۆڤ وەك کائینێکی بیرکەرەوەو ژیاندۆست تێدەگات کە: مەرگدۆستی، بێئومێدکردنی مرۆڤ لەبەردەم بووندا، دژ بوون بە عەقڵو ئازادی ئینسان، بە جوانییەکانی دونیا، بەروئیاو بیرکردنەوەی دەرەوەی دەقە پیرۆزکراوەکانو خوێندنەوەی ڕەشو سپیانەی دنیا، ئەمانە هەموو گوتارێکن بەناوی( گوتاری ئایینیو لەبن باڵی ئیسلامی سیاسی) ئاراستەی نەتەوەیەك دەکرێن، کەلەو دەساڵەی دواییدا هەناسەیەك بداتو لەبەردەم نادیارو دیارەکانی ئایندەی خۆی قسەیەك بکات.





ئەگەر مرۆڤ بەتەواوی مانا ئازادو کائینێکی ئیرادەگییە، ئاخۆ ئایینو ئەو گوتارانەی ئایین ئاراستە دەکەنو ئایین ئاراستەیان دەکات، شەرعیەت لەکوێوە دێنن بۆ ئەوەی دەستبخەنە نێو سنوورو مەغزاکانی ئەو ئازادیە، قسە لەهەموو شتێك بکەن کە پەیوەندییان بەو گوتارانەوە نییە، بەفتوا تەکفیری خەڵك بکەن تا دەگاتە ئەو رادەیەی لەژێر ئەو حەق بەخۆدانە (چەك هەڵگری خودا بن)،وەك ئەوەی پێیانوایە کۆمەڵگای کوردیو ڕۆشنبیرەکانی مێگەلنو نازانن کە (خودا) پێویستی بە مرۆڤکوشتن نییە، لەو روانینەشیانەوە کە ئەوان (خەلەف)نو پیرۆزکراون، دەیانەوێ وا نیشانی خەڵك بدەن کە سەردەمی خەلافەت دەژێننەوەو خەلافەتیش مانای دەسەڵاتی ئایینە، ئەمەش ئەو سەرەتایەیە کە ڕووناکییەکانی ئایین بە تاریکیەکانی دەگۆڕێتەوە.

مرۆڤی کورد، بەتەواوی بیرکردنەوەی دەزانێ خوێندنەوەی ئایینیانەی دنیا جیاکردنەوەی ڕەگەزو مەوداکانی ژیانن لەبوونو نزیککردنەوەیانن لەمەرگو کوشتنی هەمەڕەنگیە لەتێڕوانینمان بۆ (خودا)، ئایینو پیرۆزکراوەکان، بەستنەوەی ڕەگەزەکانی ژیاندۆستین بە ئایندەی مەرگو کڵۆڵکرنی ئیرادەو عەقڵی مرۆڤە، بەو جۆرە خوێندنەوەیەی دنیا ، خوێندنەوەیەکی جەهەننەمیانەی ئایینە بۆ لەباربردنی بەرامبەرو جیاوازەکانو بەرهەمهێنانی ڤینەو رقی ئیماندارانەیە( بەگوتەی خاوەنی ئەو گوتارانە) بەرامبەر زیاتر لە ٥ ملیار بێئیمان. دونیابینیش جیاکردنەوەی جوانیی لە ناشیرینیو ئازادیین لە کۆیلێتی عەقڵ، لێرەشەوە مرۆڤی کورد دەیەوێ قسە لەئایین بکات کە شرۆڤەکردنو تەئویلکردنی هەموو دەقە

(پیرۆزەکراوەکان) ئاسایی‌و جێی باس بێت، فتواو تەکفیر قەدەغەبن، لەو روانگەیەشەوە قبولکردنی ئایین، پێویستی بە ئازادی مرۆڤەکانەوە هەیە، پێویستی بە هوشیاری‌و رۆشنگەری لەسەر ئاستی کۆمەڵگاوە هەیە، پێویستی بە شیکارکردنی بنەما کۆمەڵایەتیەکان، جیاکردنەوەی گوتارەکان( ئایینی ، فیودالی، سیاسی‌و حزبی..تاد)هەیە، ئەمەش بۆ تێگەیشتن لەوەی چ جۆرە کۆمەڵگایەك بەشەریەت ئاسوودە دەکات؟ دەبێ لە دووڕیانەکانی نێوان گرفتە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکان، ئایینی‌و فیودالیەکان، ئاکاری‌و نەرێتیەکان، لە نێوان ( کۆمەڵگای ژیان‌و کۆمەڵگای مەرگ)،( کۆمەڵگای خەون‌و تەکفیرو کۆمەڵگای واقیعبینیدا) لەنێوان رابردووخوازی‌و ئێستادا، لەرێگەی خوێندنەوەیەکی بیرکەرەوانە خاڵ بخەینە سەر دوا ئەگەرەکان، بپرسین کۆمەڵگای کوردی ئەیەوێ بژێت یان بیر لەمەرگ بکاتەوە، لەکاتێکدا کە (نەخەلەف)و (نەسەلەف) رابردووو ئێستاو ئایندەی ئەم کۆمەڵگایەن؟!

گومان لەوەشدا نییە کەگرفت‌و خەسارەبوونەکانی کۆمەڵگای کوردی بەتەنها لەئەستۆی ئیسلام‌و پیاوانی گوتاری ئیسلامی نییە، وەلێ لەهەمان کاتیشدا ئیسلام بێ گوناه نییە لە دیلکردنی ئینسانی کورد لەرێگای نەرێتە ئایینیەکانی ، لەرێگای وێناکردنە جەهەننەمیەکانی بۆ ژیان، لەرێگای بەندکردنی مرۆڤ‌و بچووکردنەوەی ئیرادەی ، لەرێگای پێدان‌و لێسەندنەوەی ئیمان بەمرۆڤ بەکەیفی گوتاری ئیسلامی .. زەوتکردنی لەرێگای حەرام‌و قەدەغەکانیەوە، دیارە ئەگەر ئەمەش بڵێین، هەموو لەوەدا دەردەکەون کە لەئێستادا ئایینی ئیسلام ئەو کردەیە ناڕاستەوخۆ لەرێگای ئیسلامی سیاسی‌و گوتارە دەمامکدراوەکەی جێبەجێی دەکات، مرۆڤی کوردیش ئەکاتە مرۆڤێکی



پاشکۆی گوتارێك، کە گوتاری ئیسلامی تەبەعیانەیەو پڕە لەرەشبینیەکانی مەرگ‌و ناشیرینکردنی ئایین. بۆ کارکردنیش لەسەر ئەو گوتارە ئیسلامیە سیاسیە، پێویست دەکات: یەکەمیان هێزی پڕ ئیرادەی‌و فشاری ئینسانی کورد راڤەبکەین، بۆ تێگەیشتن لەئاست‌و کایەکانی ژینگەکەی، دووەمیان کارکردن بێت لەدەرەوەی ئەو کایانە بۆ ئاشکراکردنی رووە دیارو نادیارەکانی ئیسلامی سیاسی.

کاتێك ئیسلامی سیاسی لەرێگای گوتاری ئیسلامی توندڕەوەوە بیەوێت ژیان‌و مرۆڤە بەرامبەرەکان بەدیوی ناشیرین نیشان بدات‌و ئیسلام نەبوون بەکوفرو ئیلحاد ناوببیات، ئەوە دەکرێ ئینسانی کورد لەبەردەم ئەلتەرناتیڤی دیکەدا ئەو رەوتە مەرگدۆستیەی ئیسلامی قەبوڵ نەبێت. ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا دیارە جیاوازیشە لەئیسلامی سیاسی خاوەن فیکرو تیۆریایی ئایینی‌و ولاتانی عەرەبی یان ولاتێکی وەك ئێران( موسڵمانە شیعە مەزهەبەکان)، ئەوانی لای خۆمان خاوەنی هیچ گوتارێکی بارگەکراوو قوڵی تەسەوفی دینی نیین، جگە لەوەی رۆحیانیەتی ئایینیان لەتیرۆرو سەرکوتکردن‌و حەرام‌و قەدەغەو کوفرو ئیلحاددا کورتکردۆتەوە، بەشێوەیەك کەهەڕەشە لە ئازادی ئینسانی کوردو، کەلتوورو فەرهەنگ‌و رابردوو ئێستای بکەن، لەرێگای پرۆسەی ئوممەی ئیسلامی‌و دەستەبەردارکردنی ئینسانی کورد لە بەهاو نۆرمە نەتەوەیی‌و نیشتیمانییەکانی لەپێناو مێژووو کەلتوورو شوناسێکی رابردووی ئیسلامی عەرەبی بەدەوی، کە عەرەب بەر لەهەموو کەس‌و میللەتێك بەهی خۆی دەزانێ‌و بەپێنەمای عروبەو سەروەری خۆی لەقەڵەم دەدات، مێژوویێك کە کورد کەم تازۆر، بەدرێژایی زەمان‌و زەمینەی

دروستبوونی‌و سەردەمی قەڵاچۆکردنەکانی سەر کورد نەبەشداربووە لە بەرهەمهێنانی، نەخێری بۆ کوردو نەتەوەکەی هەبووە جگە لە پرۆسەی سەپاندنی مەرگدۆستی نەبێت بەسەریدا،( کوشتارەکانی سەردەمی فەتحی کوردستان، جینۆسایدو ئەنفال.. تاد) لەکاتێکدا ئەم کەلتوورە ئیسلامییە عەرەبییە داکۆکی لەخۆی دەکات‌و رۆشنبیرە شۆڤێنیە عەرەبەکان تا ئەوپەڕی ئیسلام بە بنەمای فیکرو فەرهەنگ‌و شارستانیەتیان دەزانن، کەچی ئیسلامی سیاسی تیرۆریستی لەکوردستاندا تەپڵی سەرکەوتنی ئیسلام لە شیشان‌و بۆسنەو ئەفغان دەکوتن‌و.. قسە لەسەر نەبوونی (کەلتووری کوردی ، زمانی کوردی، ناوی کوردی، بێئیرادەیی ئینسانی کورد، بێمتمانەیی ئەو ئینسانەو بچووکردنەوەی تارادەی ئەوەی بەبێ ئیسلام هیچ نییە)دەکەن، گوتارێك یەکەم قسەو دوا قسەی لەبەرامبەر جورئەتی ئینسانی کوردو جورئەتی رۆشنبیرو عەلمانیەکان لەوڵاتەکەیدا، زمانی تیرۆر بێت‌و ئەو گوتارەش لەسەر ئاستی ئیسلام تەرجەمەی سەر زمانی (موجاهیدانی ئیسلام)و رۆشنبیرە گوتار ئیسلامیەکان بکرێ، ئەمەوێ لێرە ئاماژە بەمەسەلەی گوتاری رابردوو بدەم، کە هەمیشە لەگەڕانەوەیدا بۆ رابردوو کەم ئەرکترە لە گوتاری پێشکەوتخوازی غەیرە دینی، چونکێ گوتاری رابردووخوازی / نوستالیژی، تەنها لەسەریەتی موقەدەس‌و حەرامکراوەکانی سەردەمی پێشووی بپارێزێت‌و جیهاد لەپێناو مانەوەیاندا بکات، ئەمەش گوتارێکە لەسەر پاشماوەی زەمەن‌و شوێنکاتی بەرلەخۆی کاوێژدەکات‌و زمانی هاوچەرخ‌و سەردەمییانەی پێشکەوتنەکانی ئەزبەر نییە.. گوتاری رابردووخوازی ئیسلامی سیاسی جگە لە ستایش‌و پیاهەڵدانی خەلەفی ئایینی، دەسەڵاتی هەزارجار نەخۆشی





ئیسلامی، حیکایەتی شیر وەشاندن، رق‌و کینەی لەرۆژئاواو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان هیچی دیکە نییە، ئەمەش لەپێناو هێشتنەوەی ئەو نەگۆڕانەی ئیسلام کە عەقڵ لەمرۆ بەدواوە گومانیان لێدەکات، گوتاری ئیسلامی رابردووگەر کەم ئەرکترە لە گوتاری رۆشنگەرو کەمتر پێویستی بەنوێبوونەوەو داهێنانە لۆژیکی‌و عەقلانی‌و زانستیەکانە، تەنها داهێنانێك لە گوتاری ئیسلامی سیاسیدا ( گوتاری تیرۆرو ترس‌و تۆقاندن‌و گەمژەکردنی ئینسانە)، گەمژەکردنێك کە بێشك لەو روانگەیەوە کە دونیا بەسەر مرۆڤ دادەخات، رۆژانە مەنجەنیق‌و جەهەننەمیەکانی مەرگ دەکاتە وێردی سەرزوبان‌و خەون‌و خەویش لە مرۆڤی ئازاد تێکدەدات.. لەلای خۆشمان ئەو رەوتە ئیسلامیە سیاسیانەی هەن، هەریەکەو بەجۆرێك‌و لەژێر باڵی نوێبوونەوەو بەخۆداچوونەوەو لەژێر رەحمەتی هوتافاتی فیکرو رۆشنبیرانی هەڵگری ئەم بارگاوییبوونە، دەیانەوێ جارێکی دیکە ئیمانی مرۆڤانەی ئینسانی کورد بخەنەوە ژێر پشکنینی ئیسلام‌و بەئیمان‌و بێئیمانەکانی کۆمەڵگای کوردی دابەشبکەنەوە، ئەو گوتارە ئیسلامیەی کە تاسەر ئێسقان دژ بە هەموو جیاوازییەکانی دەرەوەی خۆیەتی، دژ بە هەر (رۆشنبیرییەکی ناپیرۆزو) هەر کەسێکی ناموسڵمانە، بەهاوتەریبی لەگەڵ گوتاری فیودالی نێو کۆمەڵگای ئێمە، یەك گوتار ئاراستە دەکەن، ئەویش گوتاری زەلیلکردنی ئینسانی کوردە. بەشێوەیەك کە رابردووگەری لەو گوتارە ئیسلامیەدا پارێزەری هەموو سەلەفێکە لەدیاردەو نەریت‌و ئیمان‌و( ئەخلاقیاتی ئیمانی ستانداری ئیسلام)، (بەو پێیەی پرۆسەی پاککردنەوەی ئینسانی کوردو پیسیەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە؟؟!!). ئەم گوتارە تائەورادەیە گەمژەییە، کە

ئایین لەقاڵبی سیاسەتدا، بەسیاسەتی تیرۆر دەکات‌و دایدەماڵێ لەوەی ئایین بێت‌و بەس، گوتارێکە ئایین دەکاتە دادگا، دادگای سووتاندنی بێئیمانان، دادگای رەشەکوژی حەشاماتی خەڵك بەناوی تەکفیرەوە، ئەو دادگایەی کە باشترین‌و بەویژدانترین حوکمەکانی تیرۆرن. بەوێنەیەك کە گوتارە بەرامبەرەکان بە خەتەر دەزانێ‌و خۆیشی وەك خەتەر بەسەر بەرامبەرەکان دەبینێت. گوتاری ئیسلامی سیاسی( عەرەبی/کوردی) ئەو گوتارەیە کە بەر لەکەلتووری ئیسلامی پارێزەری کەلتووری بەدەویانەی عەرەبیە لە کوردستان. پارێزەری ناوی ئەسحابەکان‌و گومەزو گۆڕستانەکانی سەردەمی فتوحاتە، پارێزەری مەرگ‌و شەهامەتی رابردووی ئیسلامە، پارێزەری ئەو قەتڵ‌وعامکردنانەن کە کەس نابێ رەخنەیان لێبگرێ، چونکێ ئیسلام کردوویەتی. رۆشنبیرانی کورد باشدەزانن  ئەم گوتارە ئایینیە ئیسلامییە مێژووییە، ئەو کایە کارامەیە نییە بتوانێ بەهاو نۆرمە ئەخلاقی‌و کۆمەلایەتی‌و مرۆییەکان لەبەرامبەر ئەو نۆرم‌و مۆراڵە کۆمەلایەتیە سەردەمیانە دابمەزرێنێ، چونکێ  هەمیشە گوتاری رابردوو، گوتاری مێژوویانەی ئیسلام‌و ئیسلامی سیاسی، حەقیقەتی ئەو رەهاییانەن کە نۆرمی کۆمەلایەتی سەردەمی سەرەتایی کۆمەڵگای بەدەوی‌و خێڵەکیانەی بەسەرچوو بەرهەم دێننەوە. لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئایین رێگا بەگۆڕان نادات کە دواجار ئەو (حەقیقەت‌و رەهاییە)بێ سێ‌و دووانەی ئیسلام بکەونە ژێر باری پرسیارو گومانەوە . ئەو حەقیقەتانەی کە پەککەوتوون لەنرخاندنی مەوداو روئیاکانی شوناسدان بەمرۆڤی نوێ‌و هاوچەرخی سەردەمێك کەدەسەلاتی سیاسیانەی ئایین تیایدا لەپشوودانە ،  گوتاری ئیسلامی سیاسی گوتارێکی





پەککەوتەیە لەبەرامبەر ئازادییە نوێیەکانی مرۆڤ‌و کۆمەڵگای بەشەری، چونکە گومان لەوەدانییە (اجتیهادکردن ) لەدەقی پیرۆزدا تەنها لەراڤەکردندا قەبوڵە ، نەك لەتێکستدا .. بۆیە دواجار ئازادییە کەسیەکان نامۆن بەو گوتارەو پرۆسەی خۆناساندنیان، ئەو گوتارە بەرامبەر ئەو ئازادییانە نامۆیە چونکێ ئەو ئازادییانەی مرۆڤ هی خۆیەتی‌و گوتاری ئایین بەرهەمی نەهێناون‌و پەی پێ نەبردوون، عەقڵی ئاینیش هێزی ئیرادەگی مرۆڤ لەدەرەوەی دەقە پێرۆزکراوەکان رەتدەکاتەوەو گوتارێکە گرانتێکی ئارامی رۆح‌و مرۆڤی کوردی لەدەست داوە .. گوتاری ئیسلامی سیاسی لەپەنابردنە بەر توندوتیژیش ، ئەو نالۆژیکیەتە بەکاردەبات کە شکستی لەبەرامبەر گەشەسەندنە مەعریفی‌و زانستیەکاندا، لەبەرامبەر بیرکردنەوە نوێ‌و نوێترەکانی مرۆڤدا هێناوە ، بەرادەیەك کە ئەگەر سەردەمانێك ئایین‌و تەرحەکانی سەرەتاییترین بیرکردنەوەی مرۆڤ بووبن بەرامبەر کۆیلێتی‌و نەزانی، ئەوا ئەمرۆ ئەو تەرحانەی ئایین بەشێوەیەکی دیکە لەبەرامبەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی دونیادا، لەبەرابەر عەقڵی زانستیانەی مرۆڤ، لەبەرابەر دنیاو روئیابینی تاکی کوردو مرۆڤی نوێی دنیا، لەبەرابەر تەکنەلۆژیاو لایەنە روون‌و تاریکەکانی ، لەبەرامبەر گەشەی ئازادییە تاکگەرییەکان ، گەشە کۆمەڵایەتی‌و هۆشیارییە مرۆییەکان، بەشێوەیەکە لەشوێنی (ستۆپدا) وەستاوەو توانای هەزمکردنی ئەو ئازادییانەی مرۆڤی نوێی نەماوە، بۆیە بەپەیوەندی لەگەڵ دواکەوتووی (ئایینی) خۆی، دواکەوتووی فیوداڵیانەی کۆمەڵگا، لەسایەی قەیرانە سیاسیەکان، لەسایەی قەیرانی عەقڵی‌و ئایینی بیرنەکەرەوە لەژیان .. تاد رواڵەتێك بۆ دیلکردنی

مرۆڤ لەچوارچێوەی ( قەدەغەو حەرامەکان ) بەرهەم دەهێنێت کە هەرکارێك دژی پیرۆزکراوبێت (پیرۆزکراوی ئایینی، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، تاد .. . ) بەتەکفیرو تەلحید وەڵامی دەداتەوەو زمانی ( کوشتار/ تیرۆر ) زمانی نالۆژیکییانەی ئەو گوتارەیە.

## عەقڵ‌و ئایین :

لەمیانەی قسەکردنی کانتەوە لەمەڕ رۆشنگەری کە ( گواستنەوەی مرۆڤە لەکەم‌وکورتی عەقڵییەوە بۆ پێگەیشتنی عەقلانیانە ) دەکرێ پرسیار لەئایین‌و رواڵەتە دەرەکییە دیارو دەمامکە شاراوەکانی ئەو دیو ستراتیژیەتە گوتاریەکەی بکەین ، کەعەقڵ لەباوەڕهێنانی بەدەسەڵاتی دەرەوەی مرۆڤ و لەگەڵ میتافیزیکا دەکەوێتە گیروگازەوە. پرسیار لەوەی کە ئاخۆ ئایین بەگشتی‌و ئیسلامی سیاسی بەتایبەتی لەگەڵ عەقلانیەتی ئەمرۆی مرۆڤ لەگەڵ زانست‌و دەسکەوتەکانی، لەگەڵ مرۆڤی بیرکەرەوەی دوور لەئیمانی ئسولیانەی ئیسلامی سیاسی ، کۆك دەبێت یان نا ؟!

عەقڵ ئەو کەناڵەیە ، کەپرۆسەی بیرکردنەوەی مرۆڤ ، لەبیرکردنەوە لەگومان‌و پرسیارە وجودی‌و نادیارەکان دەگەیێنێتە سەرووی بیرکردنەوەی ئاسایی، سەرووی پەیبردنە سەرەتاییەکانی عەقڵی سەرەتایی، بەشێوەیەکی دیکە ئەوەی تادوێنێ بەناوی پیرۆزکراو، تێکستی خوڵقێنراو، حەرامکراو بوون، ئێستا جێگای گومان‌و پرسیاری فەلسەفی‌و زانستی نوێن، بەشێوەیەکن کە قسەکردنن لەبارەی هاوکێشەکانی نێوان مرۆڤ و ئاسمان، ژیان‌و مەرگ، قسەکردنی مەعریفیانە لەسەر وجودو دیارەکان، لەسەرنەبوون‌و نادیارەکان،



کە مرۆڤ لەناو ژینگەی نەناسراوی خۆیدا ، دەیەوێ بپرسێ، لەبەرابەردا لەو گوتارە ئیسلامییە کوردیە سیاسیە تێدەگات، دەیەوێ بپرسێ ئاخۆ ئەو گوتارە تەقلیدییە ئییسلامییە دەیەوێ چی بڵێت کەپرسیارەکانی عەقڵ بەکوفر دەزانێ ، گومانەکان بەئیلحاد .. بەرابەرەکان بەکافر ، مرۆڤی کورد ئەیەوێ تێبگات ، رۆشنبیرەکان تا چ ئاستێك راستیەکانی پێدەڵێن، بۆچی عەقڵ گومان لەبوون دەکات، بۆچی ئەو یەقینانە جێگای گومانن کە رەهان‌و ئەو حەقیقەتانەش جێگای پرسیارن کەخۆسەپێنن، ئەگەر سەیری نەگۆڕو یەقینەکانی نێو ئایینی ئیسلام بکەین، چەندین یەقین‌و حەقیقەتی رەهاو کۆتان، هەر لە (دواهەمین) ئایینبوونەوە بگرە تادەگاتە دواهەمین پێغەمبەرەوە، دیارە بەم شێوەیەش عەقڵ دەیەوێ پرسیار لەو یەقینانە بکات کە لەرێگای گوتاری ئیسلامیەوە بە شێوەیەکی جیاواز لە گوتاری ئاینی دەیەوێ تەرویجبکرێنەوە، کە بێگومانین لەوەی شیکاری مەعریفیانە دەگەنە سەر ئەو دوانەییانەی کە خۆیان لە جیاوازی نێوان( مرۆڤ‌و ئاسمان، عەقڵ‌و ئایین، ژیان‌و مەرگدۆستی، یەقین‌و گومان، پرسیارو وەڵامە کۆتاکان) دەبیننەوە. بۆئەوەی ئەوە بخرێتەروو کە(ئیمان) تەنها باوەڕبوونی ئایینیانە نییە، راستە ئیماندارێکی ئایینی ئیمانی بە یەقینەکانە، ئیمانی بەحەقیقەت‌و رەهاییەکانە، وەلێ لەحاڵەتی جیاوازو لای مرۆڤی بیرکەرەوە، پرۆسەی عەقلانیانەو رۆشنگەرانەی بۆ شیکارگەرو تەفسیرکردنی دنیابینانە بۆ فینۆمینۆی ئاییینی، مرۆڤ ئیرادەی لەدەرەوەی ئاسمان، بەرهەمهێنەری گوتارێکی مۆدێرن ترە لە گوتاری راپەڕدووی نوستالۆژیانەی ئیسلام‌و ئیسلامی سیاسی. چونکێ گوتاری مۆدێرن بەرهەمهێنەری روئیایەکی نەگۆڕو

کۆتاهاتوو نییە، بەپێی ئەو لۆژیکەی عەقڵی ڕۆشنگەر، عەقڵێکە لەسەر بنەمای پرسیارو وەڵامە پێشوەختەکان بەرهەمنەهاتووە، بەقەد ئەوەی عەقڵی هۆکارگەرایی گومانکەرە لەو پرۆسە دەرەنجامگیرییەی ئایین ، بەمانایەکی دیکە عەقڵ لەبەرامبەر عەقڵی ئایینی کە عەقڵی بیرنەکەرەوەی دەرەنجامەکانە، عەقڵی سزاو توندوتیژی پێشوەختەی مرۆڤە موسەیەرەکانە، بەوەستاوی ماوەتەوە لەبەردەم عەقڵێك کە لەرێگای گومانو پرسیارە گەورەکانی گومانەوە، کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی یەقینە کۆنکرێتیەکانی ئایین دەکات، گومان لەو گوتارەی کە بەهێزو ئیرادەی ئاسمان کار بۆ دیلکردنی ئینسانەکان دەکات، گوتارێك کە دەرەوەی زەمینو ناوەوەی زەمین بەرەشو سپیو بە موقەدەس نەبێت نابینێت. لێرەشەوە ئەو گوتارە ئایینیە بۆ جیاوازیکردن لە نێوان بەهاو نۆرمە ئەخلاقیو مرۆییەکانو دانراوە نەرێتیو ئایینیەکان، عەقڵێکە کار لەسەر گێڕانەوەی سەردەمی خەلافەتو دەسەڵاتی دیین دەکات،بۆ شوێنێك کە هی خۆیەتیو سنووری ئاسایی نەك سنووری گوشارەکانی گێڕانەوەی حیکایەتەکانی ئایینە بۆ زەمانو زەمینەیەکی مێژوویی، وەك تێگەیشتنێکی تەندروستانەی نێوان ململانێکانی ئیمانو عەقڵ، ئایینو عەقڵ، ئیمانو زانست، عەقڵو لۆژیك، ئیمانو فەلسەفە، عەقڵو فەلسەفە... ئەمەش کایەکانی یان زەمینەی قسەکردەکانن بۆ بەتاڵکردنەوەی زەمانو زەمینەی موعجیزەو خورافاتەکان، ئەو موعجیزانەی کەدوای هەزاران ساڵ (ڕۆشنبیرە فەیلەسوفەکە-فاروق) پێی ئیماندارە، ئیمانداربوون بەرابردووی ئەو (موعجیزانەی) کە بەشێکی زۆری دۆگمایی ڕۆشنبیری ئێستای گوتاری ئیسلامی پێك دەهێنێت. کەقسەکردنە بەو گوتارە



بەر لەهەموو شتێك گومانکردنە لە پەیوەندی مرۆڤو زەمین، مرۆڤو ئاسمان، بەشێوەیەك کە تەنها ( پەرستن) دەکاتە نۆرمی مانەوەی ئەو پەیوەندیە. کاتێك عەقڵو ، مرۆڤی بیرکەرەوە گومان لەو دیاردەیە بکات، گومانکردنیەتی لەپەرستن، گوتاری ئیسلامیش کە لەرێگای ئیسلامی سیاسیەوە، لەرێگای گێڕانەوەی هەیبەتە جەهەننەمیەکان بۆ ژیان، لەرێگای ترسو حەرامکردن دەیەوێ پێمان بڵێت ئایین خاوەن شکۆیەو مرۆڤ دیلو زەلیلو غولامە؟! کە دواجار دیلیو غولامی مرۆڤەکان بەوە پاك دەبێتەوە کە ئیمانداربن بە ئەنجامگیرییە کۆتاییەکانی ئایین، ئایینێك کە (خەلەفەکانی) جێبەجێیدەکەن، ئاینێکە (دەسەڵات، سزا، پاداشت، بەهەشتو دۆزەخ، چاکەوخراپە، قەدەرو دنیای ئاخیرەت، ژیانو مەرگی بەروەختە بۆسەرجەم بەشەریەت بڕیوەتەوە. بۆیە کە بتەوێ لەنێوان ئەو هەموو (یان)انەی لەنێوان ئەوانەی سەروەدابوون، خوێندنەوەی ڕەشوسپیانەی گوتاری ئایینیو ئیسلامی سیاسین لەبەرابەر( مرۆڤ، ژیان، عەقڵ، بیرکردنەوە، فەلسەفە، ئیمان، لۆژیكو مەعریفە) کەوا لەمرۆڤو عەقڵی بیرکەرەوە دەکات بەدوای رێگای سێیەمدا بگەرێیت. ئەو ڕەهاییەی ئایینە کە لەهەموو زەمانو زەمینەیەکدا ، لەبەردەم بوونی بەشەریدا، لەبەرامبەر ئازادییەکانی ئینساندا، لەبەرابەر شەرەفمەندی مرۆڤو ئیرادەو جورئەتیدا، مەترسیدارترین بۆچوونو ئیمانبووە لەبەرامبەر عەقڵو ئازادی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان.

جەنگ دژی تیرۆر بەڕای فاروق رەفیق( جەنگە دژی ئیسلام) یان ( ئەم جەنگە تەنها رەهەندێکی دژایەتیکردنی ئیسلامە) یان ( لەئەوروپادا هێرشێکی درندانە بۆ سەر بەهاو شارستانیەتو ، ئایینی ئیسلام، دژ بە ئینسانی موسڵمان هەیە) یان (خەونی ئەوەی کە ئیسلام بەجیهاندا پەخش ببێتەوە، وەکو ئایینێکی گەردوونی خەونێکی زیندووە) یان( رۆشنگەری لەراستیدا تاریکترین چرکەساتی مێژووی بەشەریەتە)..تاد ( لە پاکس ئەمریکاناوە).

لەتەواوی نووسینەکەدا دیارە کە _فاروق رەفیق) چ گوتارێك ئاراستەدەکات، دەیەوێ جۆرێك لەمرۆڤ دروستبکات، کە مرۆڤی گوێگرە، مرۆڤێك کە تەنها لەرێگای گوتنەکانی بەرامبەرەوە بوونی هەبێت، لەبەرامبەر وتاربێژییەکانی فەیلەسوفدا دەبێ گوێگربێتو بۆی نەبێت قسەبکات،.. دیارە ئەم گوتارەش بە ( ئەخلاقی گوێگرتن) ناودەنێت.کەدیارە بەتەنها ئەخلاقی گوێگرتن دواجار ئەخلاقی دیلی ، کۆیلێتی، بەندەییو بەو ئەخلاقە تەماشاکردنی بەرامبەرەکان بەرهەمدێنێت، مێژووی گوێڕایەڵی ئینسانیش لەمرۆڤەکەوە نییە، هەموو گوتارەکانی باوك، خێزان، کۆمەڵگا، ئایین، هەژموونگەری رۆشنبیری تا بە (فەیلەسوف)دەگات، بەرهەمهێنەری ئەو ئەخلاقەن، جگە لەوەی گوێڕایەڵیو گوێگری بەشێکی هەرەزۆری باکگراوندی ئایینی ئاسمانی پێك دێنێت کە مرۆڤ دەبێ گوێگربێتو وەلائی بۆ( موقەدەس) لەخۆی گەورەتر بێت، بەرهەمهێنانو کاوێژکردنەوەی ئەو جۆرە گوتارەش لەنالۆژیکیەتی خۆیدا دەبێتە بەرهەمهێنەری پەیوەندییەکی





سەقەتی ئینسانەکان( ئەو مرۆڤانەی بەناوی موقەدەسەوە قسەدەکەن‌و ئەوانەشی دەبێ گوێگربن لەبەرامبەر نوێنەرانی موقەدەسدا). بەدیوێکی دیکەدا ئەو جۆرە تەماشاکردنەی ( فاروق) بۆ گوێگرەکان ، ئەخلاقێکی ئیلاهیانە بەرهەمدێنێت وەك مرۆڤێکی (موتەعالی) بێخەوش، گوێگرتن بە بەشێك لەئەخلاق‌و بێ ئەدەبی نەکرن دادەنێت، لەنێوان خۆی‌و گوتارە ئیسلامیەکەی‌و مرۆڤەکان کەبێشك ئەم جۆرە تەماشاکردنە تەماشاکردنی مێگەلیانەی بەرامبەرەکانە.. ئەمەش دواجار رێگا خۆشکردنە بۆ سەراپاییکردنی بیروبۆچوونە تاك رەهەندییەکان بەسەر تەواوی بەرامبەرەکاندا، پەخشکردنی بۆچوونەکانە لەتایبەتمەندێتی بۆ گشتگیرکردن‌و بەرهەمهێنانی ئیستبدادی فیکریی‌و رۆشنبیرییە. وەك ئەوەی پێیوایە بەتایبەتکردنی ئایین واتە مەرگی( ئایین ، رێز، خودا، موحیبەت، حەقیقەت..تاد). دیارە بەپێچەوانەوە بەتایبەتکردنی ئایین، لەلایەك گێڕانەوەی ئایینە بۆدۆخی ئاسایی خۆی، لەلایەکی دیکە گێڕانەوەی ئازادی ئینسانە لە ئیختیاری بۆ ئیمانێك، ئاینێك، بۆچوونێك، فیکرێك. کاتێکیش پێتانوایە ئایین دەبێ گشتیانە بێت، ئەم گوتارە جگە لە بیرکردنەوەیەکی تۆتالیتاریانەی رووتە بەناوی (فیکر/ ئایین)ەوە، بەدیوەکەی تریدا ئاخۆ ئەو گشتی بوونە ناکاتە مەرگی( ئازادی ، ئیرادە، کۆمەڵگا، بیرکردنەوە، جیاوازو بەرامبەرەکان) یان نابێتە بەرهەمهێنەری( تۆتالیتاریەتی ئۆتۆکراتیەت، سەرهەڵدانی خەلیفەو ئومەرای دینی، لەزەمانێکدا کە زەمانی خەلافەت نییە، نابێتە هۆی سەراپاگیربوونی شەریعەت‌و تەریقەت‌و تەبەعیەت‌و مەحسوبیەتی ئایینی..تاد). ئەی کە ئەمە نابینین‌و ئیسلامیەتی ئەسوڵی‌و

تیرۆر بە باشترین بەدیل دەزانین، ئاخۆ گشتی بوونی گوتاری ئایینی لەژێر دەمامك‌و عەبای گوتاری ئیسلامی سیاسی‌و رۆشنبیرە بارگاوییبووەکانی، هەوڵێك نییە یان وەك خۆی دەڵێت ئەگەرێك نییە بۆ کوشتنی هەرچییەك لە (دەرەوەی ئایینی بوون‌و پیرۆزبوون)دا، بەرهەمهێنانی رق‌وکیینەو بوغزنییە لەکۆمەڵگای بەشەری‌و کۆمەڵگای کوردیدا، گێڕانەوەی مرۆڤ‌و کۆمەڵگای هاوچەرخ نییە بۆ جاهیلییەتی ئایینی‌و بەدەویەتێك کە بەشێکە لەگوتاری رۆشنبیری تۆ؟!

ئەگەر دەستبەرداری ئەو دوا گشتگیریەش بیت‌و بشڵێیت ئەبێ سیاسەتیش تایبەت بێت، دڵنیابە تایبەتەو ئەم بەسیاسی بوونەی دنیاش، لەشەڕێکەوە( بەمانای کوشتن نا) هاتووە درێژدەبێتەوە بۆ سەردەمی رۆشنگەری لەئەوروپاو دواجار لەئەمریکاش کۆتایی هاتووە( کە بەتاریکترین سەدەی ناو دەبەی) کە (ئایین) تایبەتمەندی مرۆڤەو سیاسەتیش ئەگەر تەواو ئیمانداری بە فەلسەفەی یۆنان‌و بە( عەقلانیەتی ئەفلاتون‌و ئەرستۆ)و هەموو ئەو فەیلەسوفانەی کە بەشەهامەتەوە قەبوڵتن، ئەوا سیاسەت ( بەڕێوەبردن‌و ئیستاتیکایە)، ئەمڕۆ ئەوروپا، دام‌ودەزگا سیاسیەکانی، پێهکاتە مەدەنییەکانی، کۆمەڵگاکەیان لەبەڕێوەبردندا، لەبەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ‌و نوێتردا، لە مەعریفەیان، لەهەڵبژاردن‌و دیموکراسیەتیان، لەقسەکردنیان لە سەر مێژووی خۆیان، لەسەر رێنیسانس، لەسەر رۆشنگەری، لەسەر فیکرو ئایدیاکان، لەسەر ئایین‌و تەجەلاکان، لەسەر عەقڵ لەسەر فەلسەفەو، لەسەر وجود، لەسەر هەموو شتێك کە پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە، قسەکردنێکە لەبەعەقلانیکردنی بوونی ئەو کۆمەڵگایانەو دواجاریش ئیدارەیان مانای





سیاسەتکردنیانە، لەبەرامبەر سەرجەمی کۆمەڵگای بەشەریدا، ئەمەیە نالۆژیکیەتی تەنها گوێگرتن رەتدەکاتەوە، ئەوانەی ئیسلامی سیاسین‌و تۆ پێتوایە گوێگرن، راست دەکەی چونکێ لەتۆ فێرنەبوون‌و گوێگرتنیان لە ئیلاهیاتەوە بۆماوەتەوە، ئەوە تەنها خۆتی کەبەشێك لەو کەلتوورە پێك دەهێنی. ئەوانەشی کە گوێگرنەبوو دڵنیابە(زۆڵ) نین، وەلێ دەزانن کە(کەلتووری گوێگرتن بۆ کورد ناشێ‌و، کوردایەتیش بۆگەنی نەکردووە).

ئەگەر جەنگ دژی تیرۆر- جەنگ بێت دژی ئیسلام، ناکرێ خۆت لەوە ببوریت کەبڵێی (تیرۆری جەماعی) لە نیویۆرك، جەنگە دژی کوفرو ناکرێ دیفاعی لێبکەی کە نایکەی، چونکێ ئەوە بڵێیت‌و دیفاع بەپێی گوتارەکەت لە کوفر بکەی، ئەوا ئیسلامیانە تۆ (زەندیق)یت. ئەو دیفاعکردنەی تۆ لەوەی لە ئەوروپا هێرش دەکرێتە سەر شارستانیەت‌و ئایینی ئیسلام، هێرش دژ بە ئینسانە موسڵمانەکان).. جێگای پرسیار نییە ئەگەر بڵێین: ئەوە خەونی رۆشنبیرێکی گوتار ئیسلامی وەك تۆیە، ئەو خەونەی( کە پێتان وایە ئیسلام بەجیهاندا پەخش ببێتەوە، وەکو ئایینێکی گەردوونی خەونێکی زیندووە)، وەلێ ( رۆشنگەری چرکەساتی تاریکییە..)لێرەوە بۆخۆی بوونی جالیەی ئیسلامی لە ئەوروپا، بوونی سەدان مزگەوت لە وڵاتە ئەوروپی‌و رۆژئاواییەکان، بوونی ئازادی ئایینی‌و ئیمان‌و عەقیدەی جیاواز، بوونی خوێندنگەو فێرگەی ئیسلامیانە لە ناو جەرگەی ئەوروپادا، ئەم قسەیەی سەرەوەت کە هێرش دەکرێتە سەر ئینسانە موسڵمانەکان، بەدرۆدەخاتەوە، چونکێ ئاگاداربوونی گەلانی ئەوروپا لەتیرۆری ئیسلام‌و ئیسلامی سیاسی وادەکات، خۆیان لەبەردەم هێرشی لەجۆری ١١ سیبتێمبەر بپارێزن، ئەم

خۆپاراستنەش ناکاتە هێرش بۆ سەر موسڵمانان بەڵکو دەکاتە بەرەنگاربوونەوەی هێرشی تیرۆریستانە، ئەو گوتارەی جەنابتو نموونەی تۆن، کە پاڵ بە ئیماندارانەوە دەنێت، دەست بۆ تیرۆر ببەنو عەقڵیان لەوەدابزربێت، کە سەردەمی جەهالەتەو ئەوان نێردراو موجاهیدی(خودان)، ئەبێ ئەوە بزانین ، ئەوانەی تیرۆری جەماعیانەی ئینسانەکان بەجیهاد دەزانن، بەناوی ( موسڵمانانی ئەمریکا یان ئەوروپا) ئەو کارەیان نەکردووە، بەڵکو بەناوی گوتارێکی توندڕەوی ئیسلامییەوە کردوویانە کە لەرێگای( ئومەرای تیرۆرو بەناو رۆشنبیرانی گوتار ئیسلامی ) پاڵدەنرێن بۆ ( جیهاد فی سبیل الله).. لەکوردستانیشدا ئەوا( رۆشنبیرە سیاسیەکان نیین، کە بانگەشەی قەتڵوعامکردنی ئیسلامیەکان دەکەن) بەڵکو پرسیارەکەت ئەبوا ئەوە بێت( کێ ، کێ قەتڵوعامدەکات؟)، ئیسلامو ئیسلامی سیاسی کوردیان لەناوبردووە، یان(کورد) کە بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتۆچکەیەکی ئیسلامیشی نەبووە، ئەوی هەشیبووە دەرباربووە، کەی ئەو (کورد)ە، هەرەشەی ئێستاو رابردوو بووە بۆسەر ئیسلام وەك دیین، بۆ ئەم مەسەلەیەش دەبێ بە یادەوەری لەباربراوی کوردو تۆمارە موعجیزەییەکانی ئیسلامدا بچینەوە، لەشەرە خوێناوییەکانی(فەتحی کوردستان)، لەبەدرەوجەسانو شەڕەکانی ٣٣٦ ی کۆچی، بەسووتاندنی جەلەولاو کەلتوورو شارستانیەتی کوردی، بەرووخاندنی هەزاران ئاتەشگەو کوشتنو لەناوبردنی سەدان هەزار کورد، تا دەگاتە( ئەنفال)، کەتۆ ئەو کات، خاوەنی ئەو گوتارە جیاوازەی ئیسلام نەبووی‌و بەر ئەو قەتڵوعامە نەکەوتی!؟





(فاروق) پێیوایە: بۆ ئەوەی کەسێك هەبێت گوێ لەقسەکانت بگرێت لەسەر فەلسەفە بەلانی کەم دەبێت (وەك خۆی) دکتۆرات هەبێت لەفەلسەفەدا).. دیارە قسە لەسەر تێزە ئەکادیمیەکانو قوڵیو سادەیی هیچ کەسێك نییە لە کوردستانو دەرەوەش، کە ئەکادیمیانە نەخوێندەوار بێت، وەلێ قسەمان لەسەر ئەوە هەیە کە هەر کەسێك ئەکادیمیانە فەلسەفەی خوێند، مانای ئەوە ناگەیەنێ: یەکەم فەیلەسوفەو دووەم ئەبێ وەك فەیلەسوف گوێی لێبگیرێت.. چونکێ چەندین رۆشنبیری کورد هەن کە پێویست بەناو هێنانیان ناکات، بەشێك لەکەلتوورو رۆشنبیریو شارستانیەتی ئەو میللەتە پێك دەهێننو گوێشیان بۆ دەگیرێو فەیلەسوفیش نیینو لەوانەشە ئەکادیمیانە نەخوێندەوار نەبن؟!

لێرەوەیە (فاروق) بە یەك کۆمەڵ نەخۆشی دەروونیەوە دەیەوێ پێمان بڵێت: (من فەیلەسوفم!!)، دواجار بەو نالۆژیکیەتەی خۆی دەیەوێ بڵێت کەس نابێ قسە لە فەلسەفە بکات! (چونکێ تۆ ماسترنامەی فەلسەفەت نییە، تۆ دکتۆرات لەفەلسەفە نییە، تۆ هەموو عیلمەکانی فەلسەفەت نەخوێندووە، تۆ لە کەلتووری کوێری ئیسلام شارەزا نیت، تۆ لە ئەمریکا ناژیت بۆیە نابێ قسە لە ئەمریکا بکەی.. تاد) ئەمە ئەو گوتارەی فاروقە کە دەڵێ مەحفەلی رۆشنبیری کوردی هەمووی نەخوێندەوارنو دەبێ لەبەرامبەر نەخوێندەوارییان گوێگربن، گوێبگرن تاوەکو (مەلای دوانزە عیلمو دکتۆری ! فەلسەفەو، مایسترۆی ریتمی رۆشنبیری کوردی) قسەدەکات، لێرەوەیە هەم رێگا لەبەرامبەرەکان دەگرێتەوە کە قسە لەفەلسەفە بکەن،(بەتایبەت ئەو رۆشنبیرو قەڵەمە جددیانەی) کە نەوەی سەردەمی ئەون لەکوردستان،

هەمیش دەیەوێ نەوەی دوای خۆیشی یان نەوەی راپەڕین ترسەتاو بکات، .. کە ناتوانێ. ئەم جۆرە ئیحائەی بۆ ئەکادیمیەتی فەلسەفەو هەق بەشینەوە بەکێ قسە بکات‌و کێ گوێگر بێت،(مەنتقی مەلایەتیە لەوەرگرتنی ئیجازەی دوانزە عیلمی ئایینی) کە ئەمڕۆ پاشاگەردانی دەدا بە گوتاری ئیسلامی خوێندەوار.

(بوونی ویژدانێکی سالم کە بتوانێ بەرەئەنجامەکانی رۆشنگەری ببینێت‌و بخوێنێتەوەو لەوانە( ئیمپریالیسم، کۆلۆنیالیزم، قەتلۆعامکردنی خەڵکی رەسەنی ئەمریکای ژوورو.. تاد ل١٦٤ .. ماڵێکی لێکترازاو..) بۆ (باومان)یش ئاساییە قسە لە کارەسات‌و رووداوەکانی نێو مێژووی خۆی بکات، بۆ تۆش ئاساییە کە باس لەهیچ شتێکی خۆت ناکەی، لەبەر ئەوەش نایکەی چونکە ئەو گوتارە ئیسلامییە دەمامکدراوە خەوشدار دەبێت، کاتێ قسە لەسەر ( ئەنفال، کیمیاباران، فتوحات، تیرۆری ئایینی، روخانی هەزاران دێهات‌و..تاد)بکەی، کێ کردی، رۆشنگەری ئەوروپی کردی، یان ( صحوەو تەنویری ئیسلامی)، ناشکرێ بڵێین تۆ ویژدانت بیمار نییە گەر بڵێی ئایینەکانی دیکە بوون، بۆ دەبێ ئەم قسانەی تۆ (گوڵ) بن‌و رۆشنبیرانی کوردیش تەمبەڵ‌و نەخوێندەوارو پیلانگێڕ)بن، قسەمان لەسەر تەمبەڵی نییە وەلێ دڵنیابە تێزو بیرکردنەوەکانت کە ناگەن بەفەلسەفە جێگای ئەوە نیین پیلان هەڵبگرن، ئەو کارەش کاری هیچ رۆشنبیرێکی جددی‌و بەجورئەتی کورد نییە، وەك ئەوەی تۆ خەون بەوەوە دەبینی (فەیلەسوف)ی نێو ئەو رۆشنبیرە( تەمبەڵانە) بیت؟! دەڵێ: ( لەکورددا کەس هەیە مافی ئەوە بەخۆی دەدات قسە لەسەر ئەمریکا بکات) ئەی تۆ کەبێ ئاگایانە قسە



لەو غیابەی خۆت دەکەی لەکوردستاندا، رۆشنبیرەکانی بەزۆڵ دەزانی‌و بەچاوی ئیسلامی سیاسی‌و بەعەقڵی سەلەفیانەی ئیسلامەوە سەیری کۆمەڵگایەك دەکەی ، چۆن رێگات بەخۆتداوە. کە پێتوایە لەرێگای تەکنەلۆژیاو رەحمەتەکانی ئاگات لەقسەکانە ئەمە پێویستی بە جاسووسیەت نییە، تەکنەلۆژیاش لەلای کورد لانی کەم (١٠)ساڵە شتێکی نامۆ نییە، بۆ ناساندنی کەلتوورو رۆشنبیری‌و مێژوو ، فەلسەفە.. گەیاندنی دونیا بەیەکتری،( هەموو کەس هەقی قسەکردن بەخۆ دەدەن)، چونکێ ئەو هەقە لەلای (فەیلەسوف!!)ی وەك فاروق نییە،دلگەورەیی تۆش بەرامبەر ئەو شارستانیەتە ئیسلامییە بێخەوشەو!! سازشکارییەکانت بۆ ئیسلام‌و ئیسلامی سیاسی هێندەن، بەشی ئەوە دەکەن( رۆشنبیرە زۆڵ‌و بەجورئەتەکانی)کوردستانی پێدەمکوت بکەی‌و تۆش( لەدیوانی خەلافەتدا، بەقار}ول دیوانی خەلیفەی موسڵمانان قەبوڵ بیت).

( ئایە ئێمە دژی ئەمریکاین؟.. ل ١٦٦) ئەگەر مەبەستت لە(ئێمە) میللەتی (کورد)ە، ئەوا نەخێر، ئەگەر مەبەستیشت خۆتە وەك (رۆحی نەتەوە) ئەوا بۆت نییە، چونکێ ئەو رۆحە ئیماندارانە موحاسەبەت دەکات، بێگومانیش بە لەزانینی ئەوەی ئەگەر وەك( فەیلەسوفێکی کوردیش قسە لە ئەمریکا دەکەی‌و کەسیتر بۆیان نییە قسەی لێبکەن، ئەوا نەئەمریکا پێویستی بە فەیلەسوفی وەك تۆ هیەو، نەکوردیش فەیلەسوفی هەیە..؟!

غرور بەناوی فیکرەوە، بەناوی ئەکادیمیەت‌و فەلسەفەوە، ئەوەیە کە بەرامبەرەکان بەبێ باوك‌و زۆڵ بزانی‌و خۆشت بەفەیلەسوف، دیارە رۆشنبیری کوردی پێویستی بە بیرکردنەوەی چەندین قەڵەمی بوێرو جددی

هەیە، بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکانی کۆمەڵگاکەمان، نەك بەدەرسدادان لەسەر( چۆنیەتی بیرکردنەوەو ، چۆنیەتی خوێندنەوەی رۆبۆتیانە..) هەموو مرۆڤەکان، رۆشنبیربن یان نارۆشنبیر، تەمبەڵو زۆڵبن یان فەیلسوفی خوێندەوار، مافی بیرکردنەوە، ئازادی بیرکردنەوە، رادەربڕین، تاوەکو مافی بیرکردنەوەی ناعەقڵانیشیان هەیە، بۆیە ناکرێ تۆ خەڵك بەرمەجە بکەیو داتای بۆدانێی، دەرسی دابدەی، کە چۆن بیربکاتەوە.. ئەوەش جێگای سەرسوڕمان نییە کە خاوەنی ئەو گوتارە دنەی ئیماندارانی وڵاتەکەمان بدات بۆ ئەوەی بێدەنگ نەبن، ببنەسەرچاوەی هەڕەشە لەسەر ژیانی خەڵك، کەلەرووی یاساییەوە دنەدان بۆ کاری تیرۆریستیو هەڕەشەو تۆقاندنی خەڵك بەناوی ئایینەوە، لەژێر هەر پەردەو دەمامکێکەوە بێت.. جێگای گومانەو هیچ هێزێکیش کە لەکوردستان کاری سیاسیو مەدەنیانە دەکات ناتوانێ بەفتوای فاروقو مزگەوتو تیرۆر ببێتە بەشێك لەو کۆمەڵگایەو لەکایەی سیاسی دیموکراتیانەو مەدەنییانە، هاتنە نێو پەرلەمانیش لەکوردستان وەکو وڵاتانی عەرەبی لەرێگای فتواوە نییە،چونکێ کۆمەڵگای کوردیو نێوەندی رۆشنبیریی کوردی بەرهەمهێنەری ئەو تیرۆرە جەستەییو عەقڵیو فیکرییە نییە کە گوتاری توندڕەوی ئیسلامی بەرهەمهێنەریەتی. کۆمەڵگای کوردیش بەو هەژارییەی خۆی نەگەیشتۆتە ئەو نالەبارییو بیمارییەی کە بەرهەمهێنەری ترسو نەریتی فاشیستیانەو تیرۆریستیانە بێت بۆ کوشتنو وێرانکردنو سەرنگومکردنی بەرامبەرەکان. ئایینێك لەنێوان دەسەڵاتی دنیاییو دەسەڵاتی ئاسمانیدا، یەکلانەبووبێتەوەو ئێستاش خەون بەهەردووکیانەوە ببینێتو فاروق هیوای گەردوونی بوونی بۆ بخوازێت،



لەژێر باری گوتارە ئیسلامیە سیاسیەکانی پەخشکەرەوەی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی خەلیفە/ خەلافەت، شەریعەت بێت، لەسەردەمێکدا کە بە بەرچاوی خۆیەوە رووخانی شوورەوی ببینێو بێت بەناوی (کەلتووری پڕ شەهامەتی ئیسلامەوە!؟) خاڵی گۆڕانو وەرچەرخان لەدنیادا دروست بکات، ئایینی ئیسلام جێگای گومان نییە کە ئایینی بەدەویەتی عەرەبیە لەدوورگەی عەرەبی بەر لەهەر میللەتێکی تر، ئاینێکە لەدوورگەی کەلتووری جاهیلیەتی رۆژهەڵاتەوە هاتووە، بەشێوەیەك کە بەدووە عەرەبەکان هیچ جیاوازییەکی دەرەوەی خۆیان بە قابیلی قبوڵ نەخوێندۆتەوە، بەڵگەش (فتوحات)ی میللەتانی دونیایە، کەدواجار لەچینو ئەندەلوس شکستی خوارد، بەنالۆژیکیەتی مەحفکردنەوەی بەرامبەرو تواندنەوەیان لەنێو کەلتووری جەهالەتو لەرێگای کوشتارو تاڵانو شیروەشاندندا، کەلتوورێك کە کەلتووری خوێن بێت، چۆن ئەگەرێکی تێدا دەبێت بۆ گۆڕان لەکوردستاندا..! کە بێشك لەرووی رەگو ریشەیەوە کلتوورێکی رەسەنترە بۆعەرەب، لەوەی کەلتوورێکی رەسەنی کوردی بێت. دیارە ئەمەش ئەو نامەنتیقەتە رەتدەکاتەوە کە لەدەرەوەی کەلتووری ئیسلامی هیچ کەلتوورێك توانای خوێندنەوەی خۆی نەبێت!! یان ئەگەر ئێمەی کورد بمانەوێ مێژووی پڕ کارەساتمان ، رابردوومان ، ئێستامان، ئایندەمان رزگارو ئازاد بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە وەك فاروق دەڵێ بۆ (ئەو کەلتوورە دەوڵەمەندو ئەرشیفیەی ئیسلام)، کە ئیبن خەلدوونو ئیبن روشدو.. چەندینی تری هەیە. پرسیار ئەوەیە خەلدوونو روشد بیرکەرەوەی سەردەمی ئێمەن؟ بۆدەبێ کەلتوورمان لەو دیدەوە نەبێت نەخوێنینەوە؟ تێینەگەین، گەشەی پێنەدەین؟ ئایا ئەوە

لەلایەك ترس‌و لەلایەك رەتكردنەوەی بەرامبەرەكان نییە!! كە ئیسلام دژەكانی بەهەڕەشە بزانێ بۆ سەر ( قواعد ئیمان)و ئیسلام، ئەگەر ئیسلام خۆی خاوەنی ئەو فیكرو فەلسەفەیەیە كە (فاروق) تەرویجی دەكات، كێ رێگرە؟ بەربەستەكان چیین؟ بۆ بێدەنگ‌و دەستەوەستانن؟ كوا فەلسەفەی ئیسلام لەسەردەمی فەلسەفەدا، كوا تەكنەلۆژیاو عەقڵی عەرەبی ئیسلامی ..تاد. بێگومان كە پیربوون چووە گیانی ئایین‌و گوتارە ئیسلامیەكان، چووە نێو عەقڵی فەیلەسوفی ئیماندار، بێگومان سەردەمیش دەبێتە سەردەمی خەلافەت، تەكنەلۆژیاش بەجەیشی موسڵمانان، فیكرو فەلسەفەش بە جیهادو ئیمان.

سەرچاوەی سود وەرگرتن:


١- الاسلام، اوروبا، غرب..محمد اركون، ت: هاشم صالح، دار الساقی، ١٩٩٥.

٢- الفلسفه العلمانیه، د. هاینر بیلافلید، ئەنترنیست، الشبكه اللبرالیه الكویتیه.






# من‌و بەرامبەرەكانی رۆژئاوا ئەوو رۆژهەڵاتیەكان

ئـەم باسـە وەك سەرەتا پرسیار گەلێك هەڵدەگرێت كەرونكەرەوەو وروژێنەری پەوەندییەكانی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا دەبن، بەو ئاراستەیەی كەناكرێ قسەكردن نەبێـت لـە( شـوناس‌و كەلـتورو ئـایین‌و سیاسەت‌و عەقڵ‌و تەكنەلۆژیاو ئازادی بـیرو جەسـتەو..تـاد) كەبەشێوەیەك لەشێوەكان رەگـەزە خوردكـراوەكانی ئەو پەیوەندیـیە،یان دژیەكبونەی ئەو دوو جەمسەرە پێكدەهێنن.. ئەوەی جێگای مەبەستیشـە پرسـیاركردنە لەشوناسـی رۆژهەڵاتـیان‌و كەلـتوری رۆژئاوایـیان.. لەنـێو هاوكێشـەو گەمـە سیاسـیی‌و ئایـنی‌و ئابووریـەكان كـە پانـتای هـەردو شارسـتانیەت پـڕدەكەنەوە. چـونكێ هـەم رۆژهـەڵات‌و كۆمـەڵگاو پـێكهاتە داخـراوەكانی‌و هەمـیش رۆژئـاواو دامـەزراوەو دونیاگەرییـەكەی خوێندنەوەو روئـیای جیاواز لەخۆدەگـرن بۆیـە ئەبێ بپرسین! پرسیار لەمێژویەكی دوورو بـەردرێژی رۆژئـاواو تاگەیشـتن بـە مۆدێـرنەو دەسـكەوتە هـەر چـاكەكانی‌و بەرهەمهێـنانی نمونـەی بـاڵا لەسیاسـەت‌و ئـازادی عـەقڵ‌و ئـازادی مـرۆڤو كەلـتوورو شوناسـێك كـە لەئاسـتیدا هـەموو كەلـتورەكانی دیكـە نـیگەرانی هەژموونەكـەیین. پرسـیار لەنوێـبونەوە، یـەك بـەدوای یەكـەكانی ئـەو كۆمەڵگایانـەی كـە هـیچ بـەرەو دواچـونێك قەبوڵناكەن.. بۆیـە ئـەبێ بپرسین ئـاخۆ: رۆژهەڵاتیـبوون شوناسـی كۆتـای رۆژهەڵاتیانە؟چـی مـنی رۆژهـەڵاتی لەئـەوی رۆژئـاوایی جـیادەكاتەوە؟ بـۆ رۆژئـاوا بـە مۆدێـرنە دەگـات‌و خـاوەنی

کەلتوری دونیای خۆیەتی، رۆژهەڵاتیش وەك خۆی داخراو لەنێو کەلتوری ئاینگەرایدا دەخولێتەوە؟ بۆچی رۆژهەڵات سەدەکانی رابردووی ناوەراستی تێنەپەڕاندووەو دژایەتی مۆدێرنەبونی دونیاش دەکات؟ بۆچوونی رۆژهەڵاتیان بەرامبەر ئەوی رۆژئاوایی چییەو بۆچی تاکی رۆژهەڵاتی، کۆمەڵگاو دەوڵەتی رۆژهەڵاتی، دەیەوێ شتی بۆبکەن نەك خۆی شت بکات؟بۆچی رۆژئاواییەکان پرسیاری ئێوەچیتان هەیە لەبەرامبەر چیمان بۆدەکەنی رۆژهەڵاتیان دادەنێن؟! چیمان هەیە: ئایا ئەم پرسیارە، پرسیارکردنە لەشوناسی نەتەوەیی، کەلتووری، مەعریفی، فیکریی، فەلسەفی..تاد رۆژهەڵاتیان؟یان پرسیارکردنە لەداخران‌و نەکرانەوەی رۆژهەڵات لەروی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و ئاینی..؟ ئەگەر ئەمە جەوهەری پرسیارەکە بێت : پێکەوەژیان‌و لەیەکتێگەیشتن، یان ململانێ رێگاچارەیە؟ ئاخۆ رۆژهەڵات چەکی ئەو ململانێیەی لەسەر هەموو ئاستەکان پێیە؟

کەلتورو نەرێتە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فەرهەنگیەکان چ پەیوەندییەکیان بەهاوکێشەی رۆژهەڵات/ رۆژئاواوە هەیە؟! سیستەمی نوێی سیاسی‌و مەعریفەی دەوڵەتی نوێ‌و چەمکەکانی وەك: دیمکراسیەت، عەلمانیەت، کۆمەڵی مەدەنی، بازاڕی ئازاد، جیهانگیری ئابوری‌و جیهانگیری کەلتوری چ کاریگەریەك دەکەنە سەر رۆژهەڵات‌و چی لەگەڵ رۆژئاوا کۆ، یان جیایان دەکاتەوە؟ پێشکەوتنەکانی رۆژئاواو گەرانەوەکانی رۆژهەڵات بۆ گومان‌و گەڕانی بەدوای شوناس‌و گەریدەبونی تاکی رۆژهەڵاتی بەناو ئستورەو چیرۆکە ئایینیەکان، رۆژهەلات بەرەو چ ئاراستەیەك دەبات؟ بۆ لەرۆژئاوا شوناس‌و





ئازادیەکانی تاك وەك شتی خودی سەیردەکرێن، لەرۆژهەڵاتیش شوناس‌و کەسێتی تاك بەستراوەیە بە: شوناسی رۆحیانەو پیرۆزیانەی ئایین‌و کۆمەڵگا داخراوو دواجار بەستراوە بەداب‌و نەرێتە کۆمەلایەتیەکان لەلایەك‌و بەدەسەڵاتە سیاسیە لۆکاڵەکانی لەشێوەی ( خێزان، خێڵ، عەشرەت، شار..تاد)؟ بۆچی رۆژهەڵات بۆتە نیشتیمانی زەوتکردنی ئازادییە کەسیەکانی مرۆڤ، تارادەی لەدەستدانی ئازادییە کەسیەکان؟ئایا دەتوانین لەدەرەوەی گۆڕانی روئیامان بەرامبەر بەیەکتر، رووە شاراوەکانی رۆژهەڵات/ رۆژئاوا بناسێنین؟ لەکاتێکدا کە رێگای گۆڕانکاریەکان‌و میکانیزمی کرانەوەی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات جیاوازترن لە پێشکەوتنەکانی رۆژئاوا. لەو سەردەمەشدا بەتایبەتی ئسولیەتی رۆژهەڵاتی ئیسلامی پێویستی بەگۆڕانێکی درێژخایەن هەیە کە مرۆڤەکانی لەتوندوتیژی‌و تیرۆرو دژە مرۆڤ بوونەوە بگۆڕێت، بۆ مرۆڤێك کە بتوانێ سیمای کۆمەڵەکەی بگۆڕێت، لێبوردەبێت نەك دژە ژیان، گەر لەرووی دێرینیشەوە سەیری رۆژهەڵات بکەین، فرە دێرینە، وەلێ کەم شارستانیەتیش هەن بەقەد ئەو داخراو کڵۆم دراوبن، بێگومان چەمکی کۆن یان نوێ دەلالەتی خۆی هەیە بەرێژیەك کە کۆنی رۆژهەڵات مرۆڤی رۆژهەڵاتی لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ رابردوو بەرهەمهێناوە، بەرهەمهێنانێك کە کۆنی بەکەسایەتی‌و شوناس‌و کەلتوورو هەڵسوکەوت‌و ئسولی بوونی تاکەکانەوە بەروونی دیارە.. بەشێوەیەك کە جیاوازییەکان لەگەڵ ئەوروپاو رۆژئاوای ئەمرۆ لەگەڕانەوە بۆ رابردوو یان بەرەو پێشوەچووندا هاوکێشەی پارێزگاری رۆژهەڵات‌و پابەندبوونیان بەرابردووخوازی‌و کەلتووری بۆماوەو دێرینی تقوسەئاینیەکانەوە

بەدەردەخات.. تا ئەو رادەیەی ئەو رابردووە وەك بەربەستێكی لێهاتووە بۆ بەشدارینەكردنی لەگەشەسەندنی كۆمەڵگا بەشەرییەكانی دونیاو، دواجار لەرێگای كەلتووری تۆقاندنی ئایینیانەو تیرۆرو ئسولیەتگەرایی رۆژهەڵات دەچێتە قاڵبی نەگۆڕی‌و خەتەرناكی بەسەر كۆمەڵگاكانی بەشەریەتدا.. بەشێویەك رۆژهەڵات نابێتە خاوەنی رێچكەو كایەیەكی ماددی‌و مەعنەوی‌و مەعریفی بەرامبەر بەرۆژئاوای جیهانگەرا.. سەقەت بەرهەمهێنانی تاكی رۆژهەڵاتیش لەرووی كۆمەڵایەتی‌و سایكۆلۆژیەوە، كەسایەتیەكی نائارامی بەرامبەر بەشوناس‌و كەلتوورەكە بونیاد ناوە كەرۆڵی لەلاوازی پێكهاتەی كۆمەڵگاو سیستەمە سیاسیی‌و كۆمەڵایەتی‌و مەعریفیەكانی رۆژهەڵاتدا هەیە. كەسی رۆژهەڵاتی ئەو جیاوازییەی لەنێوان خۆی‌و رۆژئاوادا دەیبینێت تەنها پەیوەست نییە بەم هۆكارانەی سەرەوە بەڵكو خاڵێكی دیكە خۆی لەتێكشكانەكانی رۆژهەڵات بەرامبەر بە رۆژئاوا دەبینێتەوە دیارە مەبەستیش لەرۆژهەڵاتی نزیك‌و دووریشە بە رۆژهەڵاتی ئەورووپاشەوە، كاتێك تێكشكان دەبێتە سەرەتای جیابوونەوەی مەعریفی‌و كەلتووری‌و ئایینی‌و سیاسی‌و كۆمەڵایەتی لەنێوان رۆژهەڵات/ رۆژئاوادا.. كە ململانێی ئەمرۆ درێژكراوەی ئەو شكت‌و جیابوونەوانەن‌و كاریگەریی رێژەییان تاوەكو ئێستاش ماوە، رۆڵ لەهەلومەرجی گەلان‌و كۆمەڵگاكانی هەردوو پانتایەكە دەگێڕن، لەسەر ئاستی جیابونمان لەروئیای سیاسی‌و كۆمەلایەتی‌و ئایینی‌و مەعریفیەوە، بەشێوەیەك كە هەرلایەكمان جیاواز دنیا دەبینین تارادەی پێكدادانی پێكهاتەكانی نێو هەردوو شارستانیەتی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا. لەوانەشە ئەمرۆ ئەم جاوازییە سیمایەكی ئاینی كەمتر بەخۆوەبگرێت، یان تەنها پەیوەست





نەبێت بەئایینی رۆژئاوایی‌و ئایینی رۆژهەڵاتیانەوە( رۆژهەلاتی ئیسلامی، یەهودی ، زەرەدەشتی ، بودایی..تاد) بەمانایەك ئەگەر سەیری ئەم جیابوونەوەیە لەرووە ئاینیەكەیەوە بكەین ئەبێ بگەرێینەوە بۆ " جیابوونەوەی كلێسەی مەسیحی بۆ كلێسای ئەرتەدۆكسی رۆژهەڵات‌و كلێسای كاتۆلیكی رۆژئاوا(١٠٥٤) كە لەدنیای مەسیحگەرادا بەئاژاوەی گەورە نابراو دواتر بوو بەهۆی دابەشبوونی ئایدیۆلۆژیانەی نێوان رۆژهەڵات/ رۆژئاوا"'" الاسلام، اوروبا، غرب،..ل٣١".

دەرەنجامیش بەرهەمهێنەری ئەو هەژموونەی رۆژئاواو رۆژئاوای ئەورپا كاریگەریان خستەسەر تەواوی كۆمەڵگاكانی دنیا بەرۆژهەلاتی ئیسلامییشەوە، ئەگەر بەوردی سەیری ئەم جابونەوەیە وەك (دابڕان) بكەین، جیابوونەوەو ململانێیەكە لەسەر ئاستی ئاینی‌و گۆڕانی روئیاكانە دەربارەی مرۆڤو پەیوەندییە رۆحیەكانی‌و دەسەلاتەكانی كلێسە، بەئاراستەیەك كە رۆژهەلاتی ئایینی‌و رۆژئاوای ریفۆرمیستی ئایینی هاوكێشەكە بەرەو جیاوازی شارستانی بەرن.

ئەمرۆ ململانێكانی رۆژهەڵاتی لاوازو رۆژئاوای بەهێز شێوازی جیاوازتر لەجاران لەخۆ دەگرن.. مەسەلەی ئازادیەكانی ئینسان‌و ئازادی عەقڵ سنوورەكانی ئایین‌و دەسەلاتە داخراوەكان ناناسن، مەسەلەی دیموكراتی بوونی كۆمەڵگاكانی‌و دەسەڵات‌و عەلمانیەتی دنیاگەراو جیهانگیری ئابووری‌و جیهانگیری كەلتووری روویەكی نوێی ئەم ململانێیانەن، لەسەردەمێكدا كە گۆڕانكاریە نێو خۆییەكانی وڵاتانی رۆژهەلات‌و رۆژهەڵاتی ئیسلامی پەككەوتەو لەخۆچوون، بەئاراستەی ئەوەی گۆڕانكاری ناوخۆ لەباری

وەستاندایەو، هەوڵێکیش گەربدرێت بەرامبەر کاردانەوەیەکی ناوخۆی ئسوڵیانە دەبێتەوە، بەشێوەیەك کە گۆڕانکاری ناوەخۆی وڵاتانی رۆژهەڵاتی لەبەرامبەر هەژموونی گۆڕانکارییەکانی دەرەوەدا دەستەوەستانەو هیچ ئەڵتەرناتیڤێك شك نابەن، کە سیمای ئەو گۆڕانەی ئاستی ناوخۆ بێت.وەك ئەوەی لەرابردودا رۆژهەڵاتی ئیسلامی نەیتوانی بەشۆڕشە سیاسیی‌و فەرهەنگی‌و مەعریفی‌و فەلسەفی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابوورییەکانی رۆژئاوا رابگات، ئەمرۆش پوکانەوەی بەرامبەر بەهەموو ئەو چەمك‌و گۆڕانکارییانەی کە جارێکی دیکە هەر رۆژئاوا پێشەنگیانەو هەر رۆژهەڵاتیشە لێی ترساوە، بەرادەیەکە رۆژهەلات کاتێك دەیەوێت رووبەرووی گۆڕانکارییەکانی دنیا بێتەوە، دەست بۆ رابردوویەك درێژدەکاتەوە کە کەلاوەیەکی نامەعریفی گەورەی بەشەریەتە، نەك بۆ ئایندەیەك کەئیسلام‌وعەرەب‌و رۆژهەلات خاوەنی نییە.. راستیشە گەر بڵێین ئەوروپا رێڕەوی مێژویی خۆی بڕیوە تاوەکو بەو قۆناغەی مۆدێرنەبون گەیشتووە، تاوەکو بەرەو دیموکراسیەت‌وعەلمانی بوون‌و دونیاگەری چووە، وەلێ پرسیارێکی لۆژکیشە گەر بڵێین کام شارستانیەت بەقەد رۆژهەلات مێژوویییەو، کێ رێگای لەرۆژهەڵاتیەکان گرتوە کە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی ، سیاسی، ئابووری ، ئایینی (کە هەر ناوێرن)بیکەن، جگە لە پاشاگەردانی عەقڵ‌و بێئیرادەیی خودی تاکەکانیان؟! گەر سەیری رۆژئاوا بکەین بۆ گەیشتنیان بەئەمرۆی مۆدێرن چەندین ململانێی ناوخۆو شەڕو کوشتاریش لە نێویاندا رویانداوە بۆ ئەوەی ئینسانەکانیان، کۆمەڵگاکانیان، عەقڵیان، جەستەوئیرادەو خودیان، فەلسەفەو مەعریفەیان، ئازاد بکەن، ئازادییەك کە جیاوازی نێوان ویژدانی زیندووی





مرۆڤ‌و ئیمانداریێکی خواهانە، لەنێوان ئازادی عەقڵ‌و دیلی بێعەقڵیدا، لەنێوان ئیرادەی خۆی‌و ئیرادەی دەرەوەی خۆیدا بکات، جیاوازی لەنێوان بیرکردنەوەی مرۆڤ‌و وەعزداندا بکات، ژیاندۆست بێت، نەك مەرگ دۆست.. ئەو وەرچەرخانانەی ئەمرۆ بەسەر دنیادا هاتوون بەتەنها گۆڕانکاری ماددی‌و مەعریفی نیین، بەڵکو لەرووی هاوکێشەی پێکدادانەکانیش دوالیزمی مەسیحگەرای- ئیسلامگەرایش گۆڕاوە بۆ هاوکێشەی نێوان رۆژهەڵاتی چەقبەستوو_ رۆژئاوای دنیاگەر بەشێوەیەك کێشەکانی گواستونەتەوە بۆ تێگەیشتن لەدنیاو کەلتوورو هونەرو مەعریفە بەرامبەر ئەویترێك کە دواجار لەنێو بەجێماندا ئەوی دیکە ببێتە بێگانەو نامۆ بناسرێتەوە. بەومانایەی چەمکی ئەویتر بووە چەمکێکی شوناس ئامێز بۆناساندنی بەرامبەرەکانی رۆژهەلات لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە. کە ئەم تێگەیشتنە دواتر نارۆژئاواییەکانی لەشێوەی پەراوێزی مرۆیی‌و دنیایی داناو رۆژهەڵاتیەکانیش کەمتر توانای خوێندنەوەیان هەبوو بۆ ئەویتری رۆژئاوایی.. دواتریش کە ئەمریکا دۆزرایەوەو ئەوروپا هێزی دیکەی لەخۆگرت، رۆژئاوایی بوون بەشێوەیەك گەشەی کرد کە لەسەر ئاستی جوگرافی‌و کەلتوری‌و ئابووری بەرنامەرێژییەك بۆ ئەوانی دیکەی بەرامبەر دابڕێژێت.. لەو سۆنگەیەی کە خودی ئەوروپی‌و رۆژئاواییەکان کارکردەبوون بۆ پاراستنی شوناسیان‌و دەوڵەمەندکردنیشی بە بێهێند هەلگرتنی ئەویترو کەلتوور شوناسیان لەناویشیاندا کارکردن بۆ پوکاندنەوەی شوناسی رۆژهەڵاتیان کە بەدرێژای مێژوو شوناسێکی راڕاو لەرزۆك بووە.. ئەوەی ئەمرۆ رۆژئاوا بەرێوەی دەبات،

سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کەلتوری سیاسی و پێناسی فەرهەنگیە، بونیادنانەوەی روئیایەکە کەدنیا بەرە ئاراستەیەکی فەرەهەندی بەرێت.

دوا قۆناغی هەژموونگەری رۆژئاوا، ئەو هەژمونگەریەیە کە رۆژهەڵاتی ئیسلامی تۆقاندووەو بەمەترسی دەزانێ بەسەر خۆیدا، هەژمونگەریی ئەوروپا/ رۆژئاوایە کە لەرێگای بەجیهانی بوونی چەمك و کایەکان و پیادەکردنیانەوە گەشەی کردووە. ئەمرۆ لەسایەی جهانگیری ئابووری و بازاڕی ئازاد، جیهانگیری کەلتووری و، جهانگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی.. تاد، هەژمونی رۆژئاوا بەسەر رۆژهەلاتدا۔ رۆژهەڵاتی خستۆتە قەیرانەوە، قەیرانێك کە بەشی زۆری گەلانی ئەو ناوچەیە نەیانتوانیوە هەم قەبوڵی بکەن، هەمیش لێیدەرچن، نە بەململانێ و نە بەپێکەوەژیان ئەڵتەرنەتیڤی ئەو قەیرانانەیان پێنەبووە، گەر لێرەشەوە سەیری وڵاتە ئیسلامیەکان و بەتایبەتیش جیهانی داخراوی عەرەبی بکەین دەبینین زۆرترینی قەیرانەکان پەیوەندیان بە عەرەب و ئیسلامەوە هەیە.. سەردەمانێك لە ئەوروپا ئایین دەسەڵاتی هەبوو کە سەدەکانی ناوەراست بوو، ئێستا رۆژهەڵاتی ئیسلامی لەو سەردەمەدا دەخولێتەوەو ئایین دەسەلاتی پشتی دەسەڵاتۆکەکانی دەوڵەتە عەرەبیەکانە، دەستدەخاتە نێو هەموو ئاست و کون و کەلەبەرەکانی ژیان و زاڵێتی پێوەدیارە، بە ئاستەکانی یاساو یاسادانانیشەوە، کە پابەندن، بەم شێوەیەی دەسەڵاتوجگە لە کۆمەڵگاکانی سەدەی تاریکی هیچ ناوێکی دیکە لەخۆناگرێ، ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئەو دەسەڵاتە هەڵنەوەشاوەتەوە کە لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکانەوە تەحکوم دەکات و مرۆڤ بە ئاسمان دەبەستێتەوەو ئیرادەی زەوت دەکات، بەشێوەیەك لەنەگبەتی رۆژهەڵاتدا (کاتێك زەوی بەدبەخت دەبێت،





ئاسمان هەمیشە گەشەدەکات) بۆیەشە کە رۆژهەڵاتێك هێشتا لەسەدەکانی تاریکیدایە، بەچی بتوانێ ململانێی رۆژئاوا بکات؟ ئەوەی ئەمرۆ رۆژئاواو بەتایبەت ئەمریکا بانگەشەی بۆدەکەن، گۆڕانی ئەو سیستەمانەیە کە دەسەڵاتی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکانن و، لەرووی سیاسیەوە لەدەرەوەی سیستەمی دیموکراتی جیهانی بەرێوەدەچن، لەرووی کۆمەلایەتیەوە گەندەڵ و هیچ لەباو تاسەرئێسقان دژی مرۆڤو ئازادیەکانیەتی، لەرووی کەلتووریشەوە سەر بەکەلتووری رابردووی جەهالەت وئاییینی تۆتالیتارن، کۆمەلگا رۆژهەلاتیەکان بەگشتی و کۆمەلگای ئیسلامی و عەربیەکان بەتایبەتی بەقەد ئەوەی خەریکی پارانەوەن لەئاسمان، نیو بەقەد ئەوە خەرکی خۆشبەختکردن و ئازادکردنی عەقڵ و جەستەو ئیرادەی ئینسانەکان نییین. مەترسی نیە گەر بڵێین، لەبیست ساڵی ئایندەدا زیاتر لەنیوەی ئەو دەوڵەت و سیستمانەی رۆژهەڵات پەرپوت و لەباریەك هەلوەشاوە دەبن، چونکە هەم سیستەمی تۆتالیتارن و هەمیش سیستەمی باونەماوی ئاینین، لەلایەکی دیکەشەوە مەسەلەی چارەنووسی گەلانی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەسەلەیەکە قابیلی قەبولکردن نییە کە ئازاد نەبن، ئەو گەلانەی کە تا ئەمرۆش لەژێردەسەلاتی سەپاوی ئیسلام و عەرەب و گەلانی دیکەی سەردەستەدان. ئەو گەلانە سەرچاوەی ئازادی تەواوی رۆژهەڵاتن کە (گەلی کوردو ئازەرو ئەرمەن و قیبتیەکانی میسرو، بەربەرەکانی جەزائیرو..تاد..ین، کە بێگومان ئازادبوونیان ، فرەکەلتووریەکی گەورە لەهەرێمەکەدا دێنێتە ئارا، جیاواز لەو کەلتورە ئیسلامیە عەربیەی کەبەزۆری زۆردارەکی بەسەر گەلاندا زاڵکراوە.ئەو هەژموونەی ئەوروپاو رۆژئاوا لەجوغزی جوگرافی و

لاهوتگەری تێپەڕیوە"وەك ئەوەی ئیسلام پێیوایە شەری خاچەکانە" کاریگەریان بەرادەیەکە هەرشوێنو ولاٌتو گەلێك کەوتبێتە گۆڕان لەگەلٌیدا سودی لەو گوشارەی پێشکەوتن وەرگرتبێت، بەبەشێك لەو گەشەسەندنو بەبەشێك لەو کەلتووە سیاسیو کۆمەلاٌیەتیو ئابووریو تەکنەلۆژییەی رۆژئاوا دادەنرێت. هەموو گەلانی رۆژهەلاٌتیش وەکو ٠یابان) دەتوانن بەشێکبن لەبەژەوەندییە سیاسیو ئابوورییو کەلتوریەکانی رۆژئاوا، بەشێوەیەك کە دیموکراسیەت قبولٌ بکەن، بازاڕی ئازادی دنیا قەبولٌ بکەن، ئازادی مرۆڤەکان بەشێوەیەك بێننە ئارا کەشایستە بەمرۆڤ بێت، بۆیە منی رۆژهەلاٌتیو ئەوی رۆژئاوایی دەکرێت بەیەکەوە بژین بێ ئەوەی نیشتیمانی یەکتر داگیربکەین، بێ ئەوەی لەبەرامبەر یەکتردا هەست بەلەدەستدانی شوناسی نەتەوەییمان بکەینو روئیامان بەرامبەر بەیەکتر مەترسیدار بێت. لەرۆژهەلاٌتدا نموونەی ئەو هاوبەشیەی گەلان لەگەلٌ یەکتر فرەن، سەرەتاش ئەو گۆڕانکاریانە بەولاٌتانی( سەروی دەریای قەزوینو، ئەفغانستانو کوردستانو عێراقی ئایندەو ولاٌتانی دوای روخانی شورەوی) دەستی پێکردووە، کەبەشێك دەبن لەئایندەی سیاسیو بەرژەوەندیەکانو مۆدێلی دیموکراتیو بەشێك لە ستراتیژی رۆژئاوا دەبن، گەرچی گەشەسەندنی رۆژئاوا بەرای هەندێ دید، پرۆسەیەکە لەبەرژەوەندی رۆژئاوا، وەلێ بەرژەوەندی گەلانی رۆژهەلاٌتیش لەزۆرێك لەئاستەکاندا کۆمەلگانمان لە داخرانی سیاسیو کۆمەلاٌیەتیو ئابووری رزگاردەکات، مرۆڤی نوێی رۆژهەلاٌتی بەرهەمدێنێتو دەمانخاتە شوێن ئەو مرۆڤو کۆمەلگاو کەلتورە وەستاوانەی کەسەراپای رۆهەلاٌتی پێوە سەرگەردانە، نیگەرانیەك نییە بەنیسبەت گەلی





وەك ئێمەش(گەلی کورد) کەبچینە نێو سیستەمێکی دنیایی کە نەسەروەریو نەدەولٌەتو نەنەتەوەشمان لەدەست دەچێت، دەشکرێ ئێمەی کوردو گەلانی دیکەی ئازادیخوازی رۆژهەلاٌت، بەکەلتوورمان، بەمەعریفەمان، بە مێژوومان بەشدرایبکەین لەبەرهەمهێنانی سیستەمی نوێی جیهانیو لەرۆژهەلاتێکدا کە لەئایندەدا رۆژهەلاٌتی گەلانی ئازاد بێت ، بەشێوەیەك کە بەشداریمان پێکەوەژیان لەگەلٌ رۆژئاوایانو فاکتەری گۆڕانکارییەکانی ئەو هەرێمە بێت، کەهەم جیاواز بینو هەمیش دۆستو پێکەوەژیاو.

## کورد لەنێوان رۆژهەلاٌتو رۆژئاوادا

مێژووی ئەم میللەتە، لەرابردوودا مێژویەکی نیگەرانو بێ سەروشوێن بووە، لەرۆژهەلاٌتێکدا کە کورد خۆیو هەرێمەکەیو کەلتورو مێژووەکەی دلٌی رۆژهەلاٌتی ناوین پێك دەهێنن، هەر لەوەی کە کوردستان بەولاٌتی رۆژو هەرێمی میزۆپۆتامیا ناسراوە تادەگاتە مێژوویەکی دێرینی وەك هەرێمی مادو نەتەوەی زەردەشتیو هەموو پێکهاتە کۆمەلاٌیەتیو گەشەسەندنەکانی..

رۆژهەلاٌت لەسەدان سالٌی رابردوویدا، بەبێ میللەتێكو دوانو سیان ژیاوە، رۆژهەلاٌت ، رۆژهەلاٌت بووە، وەلێ بەبێ گەورەترین گەل بوونی هەبووە، کورد بەدرێژایی مێژوو لەخودی رۆژهەلاٌتدا جێگای مشتومڕو ولاٌتەکەشی شوێن پێکدادانی مەرامە ناوچەییەکان بووە، بەقەد ئەوەشی لەژێرسایەی کەلتووەکانی دەوربەری بووە، ئەوەندە رێگای پێنەدراوە گەشە بەکەلتوورەکەی خۆی بدات تا ئەو رادەیەی کە لەرۆژهەلاٌتداو لەو سەدەیەی دوایدا کوردبوونو زمانی کوردیو قسەکردن لەولاٌتێك بۆ کورد، لەخودی

نەتەوەکەش، یاساغبووە، بەشێوەیەك لەسەدەی رابردوودا جگە لەکوشتنی گەلی کوردو لەناوبردنی، (کورد) بەهیچ شێوەیەکی دیکە بەشدار نەبووە لەوێرانی یان بونیادنانی رۆژهەڵاتدا، بۆیەش هەمیشە ئێمەی بەرەسەن رۆژهەڵاتی ئەو جوگرافیایەمان خۆشنەویستووەو لامان نامۆو خۆشمان بەنیگەران بینیوە تیایدا.بەشدار نەبووین تیایداو بگرە دژیش بووین، بەرامبەر بەعەرەبکردن‌و بەئیسلامکردنی زۆرەملێیانەی هەرێمەکانمان، نیگەران بووین لەوەی کە بەناوی عروبەوە، بەناوی ئیسلامەوە، بەناوی شۆڤێنیەتی عەرەبی‌و تورك‌و فارسیشەوە لەناوبراین، بەشدارنەبووین لە وێرانکاریەکانی رۆژهەڵات کەلێرەوە خۆشبەختیین‌و لەئایندەدا دەمانەوێ بەشدار بین لەبونیادنانەوەی رۆژهەڵاتی گەورەو نوێ.. لەرابردوودا بەشدار نەبووین لەدژایەتیکردنی هیچ کەلتوورو رەوتێکی پێشکەوتووخوازانە، نیگەرانیش بووین لەبەرامبەر ئایدیۆلۆژیاو کەلتووری شۆڤێنیانەی ئەو گەلانەی کە بەهەر شێوەیەك بووبێت داگیرکەری وڵاتەکەمان بوون، بەشێوەیەك کە لەوڵاتی رۆژدا، ئێمەی کورد نورێکمان دەست نەدەکەوت رووناکیەك بداتە ئایندەمان، مێژومان، کەلتوورمان، زمانمان ، ئاینەکانمان...تاد، نیگەران بووین لەوەی شۆڤێنیەتی عەرەبی‌و ئیسلامی کیمیاباران‌و ئەنفالیان کردین، بەوەی کە کورد ئەهلی کوفرن‌و بەشمان لەناوچوونە، ئەمە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە میللەتی کورد هەم گەلێکی رۆژهەڵاتی رەسەنە، هەمیش ئەوە بسەلمێنین کە ئێمە بەجیاوازی گەلانی دەڤەرەکە، بەجیاوازی شۆڤێنیەتی عەرەبی، بەجیاوازی ئیسلامگەرایی‌و ئیسولیەتی ئایینی، بەجیاوازی رەجعیەت‌و جەهالەتی





میللەتان وەك عەرەب‌و تورك‌و ..تاد، بەجیاوازی لەگەڵ تۆتالیتاریەت‌و زەوتکردنی ئازادییە مرۆییەکان، بێگومان گەلێکین پێکەوەژیانمان لەرۆژهەڵاتداو لەگەڵ رۆژئاواییانیشدا گەرەکە، ئێمە وەك میللەتێکی رۆژهەڵاتی وڵاتانی رۆژئاواو، گەلانی رۆژئاواو، تاکەکانی رۆژئاواو کەلتوورو مەعریفەو فەلسەفەو ئایین‌و سیاسیەت‌و..تاد رۆژئاواییان بەدژی خۆمان نازانین، جیاوازین وەلێ دەکرێ لەیەکتر نزیك ببینەوە، رۆژئاوا لەبەرامبەر گەلانی دیکەی رۆژهەڵات قسەیەکی هەیە کە پێکدادانی شارستانیەتەکانە، ئێمە وەك بەشی رۆژهەلاتیبوونی خۆمان لەگەڵ پێکەوەژیانی ئەو شارستانیەتانەداین کە جیاوازیەك بەنیسبەت کورد دروست ناکەن.. رۆژئاواییەك دەکرێ لەو سەردەمەی ئێستادا.. گەر زێدەرۆی نەبێت بۆ میللەتەکەمان فریادرەسێك بێت، هاندەربێت بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی شوناس‌و کەلتوورو زمان‌و وڵاتمان، بۆسەر لەنوێ بونیادنانەوەی میللەتێك بەهەموو ئاست‌و پێکهاتە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابوورییەکانی، بۆسەرلەنوی بونیادنانەوەی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەلگای کوردی کە بەهەموو شێوەیەك گەلانی داگیرکەری ولاتەکەمان بەهەزار ناوەوە دەستیان لەوێرانکردنیدا هەبووە، نامانەوێ دژبین، وەلێ ئازادیشین لەهەڵبژاردنی دۆستەکانمان، لەهەڵبژاردنی ئەمریکاو رۆژئاواو ئیسرائیل یان لەهەڵبژاردنی سعودیەو میسرو ئێران، لەهەڵبژاردنی بەرژەوەندیەکانمان، ئایندەی میللەتەکەمان، لەدیارکردنی چارەنووسمان.. بەناوی رۆژهەڵاتیبوون‌و ئیسلامبوونیشەوە ناچینە ژێرباری ئەوەی دژی رۆژئاوابین، یان دژی ئاینەکانی دیکەو دژی بەرامبەرەکانی دیکەی جیاواز لەخۆمان نیین. ئەوی رۆژئاواییو ئەوی

مەسیحگەراو ئەوی یەهودیو ئەوی زەردەشتی.. بەدژ نازانین، پێکەوەژیانمان لەگەڵ ئەوی رۆژئاوایی پێ قەبوڵترە ، نەك وێرانبوون بەدەستی رۆژهەڵاتیان، بەدەستی شۆڤێنیەتو ئسوڵیەتی عەرەبو تورکو فارس، بوژاندنەوەی چارەنووسو کەلتوورو زمانو نیشتمانی میللەتەکەمان پێگرنگترە لەوێرانبونو لەناوبردنو نەهێشتنمان.. ئەوی رۆژئاوایی نیگەرانم ناکات بەرامبەر بە ئایندەم، نیگەرانم ناکات بەرامبەر بە کەلتوورو زمانم، ئەوی رۆژئاوایی نیگەرانم ناکات بەرامبەر بەشوناسو مێژووم، بەرامبەر بەژیانو ئازادیم، ئەوی رۆژئاوای گەر بەرژەوەندیشی لەگەڵمادا هەبێت لەوڵاتەکەمدان هەقی ژیانم لێناسەنێتەوە.. بۆیە منی رۆژهەڵاتی ئەوی رۆژئاوای هەم بەمرۆڤدۆستو هەمیش بەفریادرەس دەزانم لەبەرامبەر مەرگدوستی گەلانی داگیرکەری وڵاتەکەم، کە بەکۆمەڵێك ناوەوە دژ بە بوونمن.

## کورد لەنێو هاوکێشە سیاسیەکانی ئایندەدا

ئەمرۆ کورد لەهاوکێشە سیاسەکانو ئابووریەکاندا، هەم بەشێکە لەتاکتیكو هەمیش هاوپەیمانی ستراتیژیی رۆژئاواییە لە هەرێمەکەدا، کورد بەشدارە لەسیاسەتی رۆژئاواو ئەمریکا لەپێناو گەلەکەیدا، کورد بەشدار نییە لەدژایەتیکردنی گەلانی رۆژهەلات، وەلێ بەشدارە لەبونیادنانەوەی خۆیو هەرێمەکە، بەشێوەیەکی بەرچاویش دژی تیرۆرو تیرۆری دەولیە، دەشیەوێت رەقەمێکی بەرچاوی رۆژهەلاتو ئایندەی رۆژهەلات بێت.گەلێکی ٦٠ ملیۆنی وەلێ لەبەرچاو نەگیراو لەچاوی شۆڤێنیستو ئسولیەکانی ئاینیدا، گەلێك





کەجارێکی دیکە دەڵێم لەستراتیژەتی دنیادا (دڵی رۆژهەڵاتی ناوەراستە).. وەلێ بەردەوام وێرانکراوە: بەدەستی ئەوی رۆژئاوایەوە نا، بەڵکو بەدەستی نزیکە رۆژهەڵاتیەکانیەوە، بۆیەش منی رۆژهەڵاتی دەکرێت بەشێك بم لەسیاسەتو هاوکێشەکانی دنیا بۆ بونیادنانەوەی رۆژهەڵات، هەقیشمە ئەوی رۆژئاوایی بەبەشێك لەهاوکێشەکان بزانمو دۆستبم لەگەڵیدا. قەبوڵم بێت کە بەژەوەنییەکانمان هاوبەشبن، ئایندەی مرۆییمان هاوبەش بێت، کەلتوورمان نزیك بێت لەیەکترو بەشداربم لەگەڵیدا.

ئەو قۆناغەی ئەمرۆ کوردو سیاسەتی کوردی پێیدا دەڕوات یەکەم هەنگاوی گۆڕانکاریەکانی هەرێمەکەیە، یەکەمین هەنگاوی بەدیموکراسی بوونی رۆژهەڵاتی جەهلو یەکەم چانسی گۆڕانو ئایندەکەشی تیایدا کورد فاکتەری بەهێزی ئاسانکاریەکانە لەرۆژهەڵاتێکدا کە لەسەر تەواوی ئاستەکانی پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە،ئەو زەمینەیەشە کە بەئاسانی وەرگری گۆڕاناریەکانە.. کورد لەقۆناغێکدایە پاسپۆرتی رۆژهەڵاتی نوێو گرەوەکەیەتی، بۆیە ئەبێ بپرسین: ئایا تاچەند دەتوانین دیموکراسی بین، مەدەنیی بین، سیستەمی عەلمانیمان گەشەسەندوو بێت، تاچەند بەجیاوازی لەگەڵ گەلانی دەوروبەر دەتوانین ئازادییە کەسیەکان بەرهەمبهێنین، دژ بە تۆتالیتاریەتو تیرۆر بین، تاچەند کورد لەوڵاتی خۆیدا دەتوانێ لێبوردەبێت؟ لێبوردە بێت بەرامبەر بەئەوانی دیکەی وڵاتەکەی، لێبوردەبێت لەسەر ئاستی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئایینیشەوە؟ تاچەند کورد دەتوانێ لێبوردەبێت لەسەرکرانەوە ئازادی مرۆڤەکانی؟ تاچەند وەك فاکتەرێکی پۆزەتیف لە بونیادنانەوەو گۆڕانی ئێستاو ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشدار دەبێت.

لەنێوان شوناسی رۆژئاوایی بوونداو لەبەرامبەر شوناسێکی رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا کورد دەیەوێت سەر بەکام شوناس بێت یان دەیەوێت شوناسێکی تایبەت بەخۆی بەرهەمبێنێ. بەشداربوونی کورد لەگۆڕانکاریەکاندا گرنگیەکی دیکەشی هەیە، کە کەمکردنەوەی رۆڵی ولاتانی هەرێمەکەیە لەتاکتیك‌و ستراتیژی رۆژئاوادا، وەك ئەوەی لەپرۆسەی رزگارکردنی عێراقدا بینیمان چۆن کاریگەربوو لەکەمکردنەوەی رۆڵ‌و بوونی وڵاتی تورك لەرۆژهەڵاتی ناوەراست‌و لەنێو هاوکێشە هەنووکەییەکانی هەرێمی‌و دنیادا.. بوونی کورد وەك هاوکێشەیەکی نوێی نێو بەژەوەندییەکانی رۆژئاواو، بوونی لەرۆژهەلاتدا وەك هاوکێشەیەکی نوێ‌و نەبیسترا وەك کاریگەرو فاکتەری پۆزەتیڤ سەرجەمی پلانە رابردووەکانی هەرێمەکەو دنیا سەرلەنوێ هەڵدەگێڕێتەوە، وەلێ ئەم ئامادەگیەی کورد پێویستی بەهۆشمەندی‌و گوتارێکی دیبلۆماتی تۆکمە هەیە کە ئاراستەی سیاسی کوردی بەئاقاری جێگیربوونی ئەو گرنگیە دەبێت.دیارە ئەو جێگیربوونەش لەرۆژهەڵاتدا گرنگە لەو سەردەمەدا بکرێت کە رۆژئاوا دەیەوێت گۆڕانکاریەکان بکات‌و نەخشەی هەرێمەکە بگۆڕێت‌و قسەیەکی دیکەو بەرەنگ‌و دیدێکی دیکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینێت. لەکاتێکدا ئەمریکاو رۆژئاوا پرۆژەیەکی جددی گۆڕانکارییەکانیان هەیە نەك پرۆسەیەکی ئاسایی. گوتاری سیاسی کوردیش لەرۆژهەڵاتدا کە ئێستا چالاکە نەك تەنها بۆکورد بەڵکو بۆ گەلانی عێراقیش، بەرادەیەك کاریگەرو چالاکە لانی کەم وڵاتە هەرێمیەکان لەو گوتارەی کورد نیگەرانن‌و دەشیخەنە حیساباتی وردیانەوە.. ئەمە لەکاتێکدایە کە دوژمنانی کورد بەر لەرۆژئاواییەکان درك بەوە دەکەن کە رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەو





، مەسەلە دیموکراتیەکان‌و گۆڕانکاری سیاسی‌و ئابووری، بەبێ ئازادی کوردو گەلانی دیکە نابێتن بۆیە پرۆژەیەکی وەك رۆژهەلاتی گەورەو نوێ کەلەلایەن رۆژئاواو ئەمریکاوە خراوەتە ئاستی بیرکردنەوەو جێبەجێ کردنەوە، بێگومان بەبێ کورد نابێت، تیاشیدا کورد فاکتەرێکە بۆئەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بێتەئاراوە.. یەکەم پێگەی ئەم هەنگاوەش کوردو وڵاتی کوردە، کەدەتوانێ شوێنی دەسپێکی تەواوی گۆڕانکاریەکانی ئایندە بێت.

ئەو سەرچاوەیەی سودی لێوەرگیراوە:

١- اسلام، اوروبا ، غرب، محمد ئەرکون، ١٩٩٥.

## پرسی کۆرد..

# حەقیقەت‌و مەنفاکانی لەبیرچوونەوە

دوان لە پرسی نەتەوەیەك، نەتەوەیەکی وەك کورد کە بەدرێژایی بوونی بێبەش لەناسنامەی نەتەوەیی‌و گەردوونی‌و مرۆیی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو لەوەتەی هەشە خەونی بەئازادیەکانەوە بینیوە، لێرەوە ئەوەتا ئێستا لەنێوان وەهم حەقیقەتدا، لەنێوان باوەڕکردن‌و باوەڕنەکردندا، لەنێوان بەهاکانی نیشتمان پەروەری‌و شۆڕشگێڕی‌و خیانەتدا بەو نیمچە ئازادیە گوشادە کە لە هەرێمێکی دووکەرت‌و نیشتمانێکی بڕ زامدا پێیگەیشتووە، وەڵێ هێندە ئاسان نابێ‌و جێی ئەگەر نی‌یە کە لەوانەیە توانایەکی زۆری بوێت بۆ قسەکردن لەم بارو هەڵومەرجەو گەڕانەوە بۆ مەسەلەیەکی گرنگی وەك پرسی کورد لەنێوان پێشکەوتن‌و گۆڕانی میکانیزمەکانی سەندنی حەقە نەتەوەییەکان، لەسەدەیەکی وەکو ئەمڕۆ کە لانی کەم لە دنیای دوور لەئێمە سەدەی رزگاری نیشتمانی‌و کەلتوری نەتەوەیی‌بووە بۆ چەندین گەلی ژێردەستە، لێرەشەوە تەنها بەڕۆچوونە نێو ئاسۆو هیواکانی ئەو تاکانەی کە لەو هەرێم یان ئەمیان، لەو لەتە وڵات یان لەمیان دەژین‌و هەموو ئەو خەون‌و ئومێدو یۆتاپیایانەشی کە نەتەوەیەك لەسایەیاندا دەژی، دەکرێ قسە لەسەر پرسی کورد بەتایبەتی لەو دەساڵەی دواییدا بکەین، لەم سەرەتایەداو بەپێی گەڕانەوە بۆ مێژووو، رووداوەکانی، ئەو زەمەنەی ئازادیمان بەساتەوەختێك دەزانرێ دووبارەبوونەوەی لە ئاییندەدا دەکەوێتە بەردەم ئەگەرەکانەوە، قسەکردنیش لەم مەسەلەیە ئەمانباتەوە بۆ گەڕان بەدوای چەندین مەنفا، مەنفاکانی نیشتمانێکی بێ‌ئاییندە، مەنفاکانی نەتەوەیەکی





پڕلەهیواو لەهەمانکاتدا پڕلە شکست‌و لەوێشەوە بۆ مەنفاکانی بەحەقیقەت بوونی قەیرانەکان، قەیرانی کۆمەڵایەتی، سیایی‌و ئابوویی‌و تێکشکانی هەموو دەروازەکان‌و دۆشدامانی سیاسیەکانی وڵات‌و تاسان بەرامبەر چارەنووسمان، لێرەوە مەنفاکانی بیرکردنەوەی ئێمە پڕکراون لە یادەوەری‌و رووداوو شکستەکانی دوێنێی دوورو نزیك، پڕکراون لە شکستە رۆحی‌و جەستەییەکان، ئازارەکان بەشێوەیەکن ئەمڕۆش نەتوانراوە لەبیریان بکەین،نەتوانراوە لە شکستەکان فێربین‌و خۆمان نەبینە ئاڕاستەکاری شکستەکانمان‌و نەشبینە سەرچاوەی خەونێك، کە جوانیەکانی وڵاتەکەمان تێکدا، یان تەنها رووەتاریکەکانی رەوشەکە ببینین‌و چاومان لایەنە گەشەدارەکان نەبینێ، لێرەوە ئەوەی گەرەکمانە لێی بدوێین‌و مەوداو رەهەندەکانی بینینمانە بۆ حەقیقەت، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە کامە حەقیقەت!؟ کە دێینە سەر حەقیقەت بەو مانایەی ئەگەر لەپێشینەو پێشهاتەکانی بدوێین، ئێستای لەواقیعدا ببینین ئەوا دەبێ لەحەقیقەت بەر لەبوون بە واقیع‌و لەدوای بوونی بەواقیع بپرسین، هەر ئەو پرسەشە دەمانباتەوە بۆ سەر دەروازەیەك لەدەروازەکان‌و پێمان دەڵێت بوەستە ئێرە مەملەکەتی پرسی کوردە، ئێرە مەملەکەتی قەیرانەکانە، قەیرانێك کە وێرانکەری پرسی نەتەوەیەکی گەڕاو بەدوای شوناسێکی گەردونیداو نەشیتوانیوە لەگەردووندا لەنێو چوارچێوەیەك بمێنێتەوە، لەوڵاتێکی وەکو ئێمە هەرچەند قسە لەسەر قەیرانە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و کەلتووریەکان بکەین نیمچە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، هێشتا ناگەینە ئەم حەقیقەتەی کە نەڵێین قەیرانەکانی کوردستان ئەمانەی وتمان هیچیان نین بەرلەوەی بڵێین قەیرانەکان سیاسین،

لە کوردستانێکی بەسیاسی بوودا، قەیران بەو مانایەی‌نا کە ئاسۆکانی لێخنن‌و دەروازەکانی هیوا تەواو دادەخرێن، قەیران بەمانای لەبارچوونی ئازادیەکانمان نا، لەبارچونی ئەزمونمان نا، وەڵێ حەقیشمانە ترس‌و گریمانەشمان لەو لەناوچونانە هەبێت، لانی کەم ئەگەر قەیرانەکان هەروا بمێننەوە، ئەوا شتێك نامێنێ بەناوی پرسی کوردو پرسێك دەبێتە مەنفایەکی ون، لەچوارچێوەی چارەنوسێکی نادیاردا ئەگەرەکانی ئێمە هەمیشە ئەگەرێکن لەو دەساڵەی دواییدا لەگەڵیاندا ژیاوین و لەمنداڵدانی دەساڵ ئازادی وەنەبوونی ئاییندەیەك هاتوونەتە وجود، گریمانەکان ئاراستەکاری حەقیقەتەکانبوون، ترسیشمان بەردەوام بەشێك بووە لە رووداوە واقیعسەکان، خوێندنەوەیەك بووە بۆ عەقلی سیاسی کوردو تێڕامانێك لە شکستەکانی‌و ناشکرێ بێهودە بەسەریاندا تێپەڕین. بۆیە لێرەوە بەکردنەوەی چەند دەروازەیەك دێمە قولایی باسەکە، کە پرسی کوردە لەنێوان حەقیقەت‌و مەنفاکانی لەبیرچونەوەدا:

١- لەچوارچێوەی قسەکردن لەسەر پرسی کورد، هەمیسە حەقیقەت دەمانباتەوە سەر قەیرانەکان، قەیرانیش حەقیقەتەکانی ئەم پرسە بەرهەم دێنێ وتێڕوانین‌و روئیایەکی نوێمان (جاری‌وا پڕ لە ئومێد یان پڕ لە گومان‌و ترس) بەرامبەر بە دۆزی کورد پێدەبەخشێ.

٢- کورد وەك نەتەوەیەکی نیمچە ئازاد لەو دەساڵەی ئازادیدا، کەمتر سودی لەو ئازادییەی خۆی بینیوە بۆ ئازادکردنی تاکە ژێردەستەکانی‌تری نەتەوەو ئەوانی بە مەنفای بیرچونەوە سپاردوون. بەو مانایەی ئەو ئازادیەی ئێستا لە





هەرێمە ئازادکراوەکان هەیە، ئازادیەك نی‌یە خاوەن شوناسێکی نەتەوەیی یان نیشتمانی بێت و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای لەخۆگرتبێ.

٣- سیاسی‌و حزبەسیاسیەکانی کوزردستان، لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەقەدئەوەی خەریکی قوڵکردنەوەی مەسەلە نێوخۆییەکان بوون، لە زەقکردنەوەی کێشە خێڵەکیەکان، کۆمەڵایەتیەکان‌و هەرێمیەکان‌و حزبیەکان، مەسەلەی نفوزو گرێ چینایەتیەکان، نیو ئەوەندە بەتەنگ مەسەلە شوناسیەکانی نەتەوەکەمانەوە نەبوون لەسەرئاستی کەلتووری‌و نیشتمانی‌و هاوڵاتی‌بوون‌وهاوهیوابوون بۆ دۆزینەوەی شوناسێکی کوردیانەو کەلتورێکی گەشەدار.

٤-دیموکراسیەت‌و مەدەنیەت‌و هەموو ئەو بانگەشانەی دەکرێن لەگەڵ زۆری لایەنی پۆزەتیڤیان‌و هەموو و هەڵبژاردنە دیموکراسی‌و نادیمەکرایی‌یانەشی کە بەڕێوەدەبرێن بەشێك بوون لە ستراتیژیەتی حیزبی، حزبە کوردییەکان، نەك ستراتیژیەتی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوین‌و لەو شوێنە جوگرافیایەی کە بە وڵاتانی دامێنی زەمین ناونراوە، بەو مانایەی خاڵی سەرەکی پرسی کورد کە رزگاری نیشتمانیە، خاڵێکی لاوازی ینەمای کاروستراتیژیەتی سیاسی‌و سیاسی‌یە حزبیەکان‌و دیبلۆماسیەتی کوردی‌بووە، لەلایەکی دیکەشەوە کوردو هەرێمە ئیداریەکانی کورد، بەقەد ئەوەی خەریکی پارێزگاری‌کردنی سنوری دوژمنان‌و پاراستنی ئەمنی قەومی ئەوان بوون، نیو ئەوەندە بیریان لە بەرنامەڕێژی نەکردۆتەوە بۆ پاراستنی ئاسایش‌و سنوری نەتەوەیی‌و کەلتوری نیستمانی خۆمان‌و لێرەوە پرسی کورد جگەلەوەی دەبێتە قوربانی ئارەزووەکانی سیاسەتی هەرێمی‌و ئەزمونی مانەوەی حیزبیانەی

حیزبەکوردیەکان، لەلایەکی دیکەوە پێموایە ئەم مەسەلەیە وردەوردە ئەنگێزبووە بەسەر لەدەستدانی شەرعیەتەکانی: نەتەوەیی، نیشتمانی‌بوون‌و، شەرعیەتی شۆڕشگێڕی، کە وایکردووە ئەو حەماسەتەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە هەبانبووە بە قودرەتی قادیرو بە چاوسەرکردنەوەی حیزبەکوردیەکان بەر لە دوژمنەکانی ئێمە لە (تورك‌و عەرەب‌و فارس) بخەسێنرێت.

-١-

حەقیقەتی دۆزی نەتەوەیەك لە نیشتمانێکی بەمەنفابوودا یان بابڵێین تەئجیلکراو وەك کێشەو لایەنە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌ومرۆییەکانی لەسەر ئاست‌و مێژەکانی دانان بە حەقی شەرعی کورد لەلایەك‌و، لەو بارە بنیەستبووەی پرسی کورد لەناوەو لەدەرەوەی کوردستاندا و لەو دۆخەی کە کورد تیایدا لەچاوەڕوانیدایە ئەگەرێکەو، لەبەرامبەریشدا بەشێك هەیە پێویشستی بە دەیان‌و بگرە هەزاران ئەگەرو گریمانەو پێشبینی‌وو چەندین ئاماژەی ستراتیژی‌و سیاسەتی حەکیمانەی‌سیاسیەکوردیەکان هەیە بۆ لەبارنەبردنی ئەم هەلۆمەرجانەی ئێستای کوردستان، کەچی ئەفسوس لەو دەساڵەی دواییدا کە ئازادییەك دەبینین بەهەموو وێرانییەکانیشیەوە (لێرەوە قسەم لەسەر لایەنە جوانەکان نی‌یە کە بە سەدانن)، پرسی کورد خراوەتە نێو بەرنامەڕێژیی‌و ستراتیژیەتی حیزبی‌و هەموو مەسەلەکە کورتکراوەتەوە بۆئەوەی لەسەر ئاستی پرۆژە حیزبیەکان قسە لەم مەسەلەگرنگە بکرێت کە هەمیشە ئەبێ ئەوە بزانین، بێ‌ئەوەی ئێمە پرۆسەی رزگاری نیشتمانیمان تەواوکردبێ، بێ‌ئەوەی هەموو تاکەکانی کورد لە کوردستانی عێراقدا رزگاربووبن‌و هەموو کۆمەڵگای کوردی بەیەك هیواوە لەسایەی ئازادیدا بژین،





ئەوا پرۆسەکانی دیکە نێچیری بەردەم هەرەسەکانن‌و لاوەکی دێنە جێیباس، ئەوەی ئێمەی نەوەی دوای ڕاپەڕینیش کەم تا زۆر لەناوەوەو دەرەوەی حزبایەتی‌و جاری وا لەدەرەوەی سیاسەتیش لە کێشەکەمان رادەمێنین، تەنها هەست بەوە دەکەین کە پرسی نەتەوەیی‌و نیشتمانی کورد چۆتەسەر خوانی سیاسی جیزب‌و تادێ دەکرێتە پرۆژەیەکی لاوەکی لە تاکتیك‌ومالی حزبیانەی ناشەرعی‌و هەولی بەردەوامیش لەو میانەیەوە بۆ بچوککردنەوەی دۆزەکە دەدرێ بۆ نێو کۆڕو کۆبونەوەو سەرمێزەکانی کێشە لاوەکیەکان‌و هەولێ زێدەتر بۆ سنورداركردن‌و کپکردنی هەر هوشیاریەك یان بەئاگاهاتنێك لەمەڕ ئەو مەسەلە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتوریانەو هەموو ئەو روانینەش دەدرێ، کە دەبنە زەمینەی چەواشەکارییەکان‌و لەژێر باری دروشم‌و دێوەزمەو زەبەلاحیەتی حیزب‌و دامودەزگا بێشومارەکانی داپلۆسینی کوردانە، کار بۆ لەباربردنی هەرچی شێوازی خەباتی ئۆپۆزسیۆنی هەیە دەکرێ. تا دەگاتە چاوبەستنی یەکەیەکەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەی کورد. سیاسەتی بەحیزبی کردنی هەموو دام‌و دەزگاو بوارە خزمەتوانیەکان‌و مولکە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکانیش بۆئەوەن، کە بەردەوام لەبەرچاوماندا بیانەوێ واقیع لە ناواقیع‌و ناشەرعیەتدا بەرهەم بێنن‌و حەقیقەتیش ناوبنێن بینینێکی کوێرانە، ئەوەی ئەمرۆ نەوە یەك لەدوای یەکەکانی ڕاپەڕین‌و مندالانی کوردی لەسەر رادێنرێ شتێك کەمترن لە پڕۆژە دژە کوردییەکانی بەعسیزم لە کوردستانی بەر لەڕاپەڕین، بەلام لە بۆتەی حزبی خێڵەکی کوردیداو بەمیکانیزمێکی کوردانەی نالۆژیکی. ئەوەیە کە پرسی کوردمان بەرەو لەبیرچوونەوەیەکی سەیر دەبات، کە دەشلێین بەمەنفاکردنی پرسی

کورد، مەبەستمانە بڵێین کە پڕۆژە حزبیەکان هەموو ئامانجەکانی تریان لەبیر بردینەوە، مەبەستمانە بڵێین کە پرسی نەتەوەیەكو هیواکانیو ئایندەشی تادێت لەسەر دەستی حیزبی کوردیدا دوا دەخرێن، لێرەوە کە ئەگەرەکانی بەئاگاهاتنەوەی نەوەیەکی میللەتەکەمان بەپەرۆشەوە لەپرسی نەتەوەییو نیشتیمانیو کەلتووری خۆی دەپرسێتەوەو هەموو مەودا سیاسیو کەلتووریو کۆمەڵایەتییەکانی تا دەگاتە سنووری ئاشکراکردنی مەنفاو بنبەست بوونی مەسەلەکانو هەمی جوگرافیای دۆزەکە، بەهۆشیارییەوە دەیانبینێو ئۆباڵی هەر تێکشکانێکیش دەزانێ چۆن لەئەستۆی سیاسیەکانو ئەم یان ئەو لایەنی سیاسی دەخا بە کوردستانی هێشتا رزگار نەکراویشدا (مەبەست بەشی داگیرکراوی کوردستانە لەلایەن رژێمی بەعسی عەرەبی شۆڤینی) ئەم مەسەلەیەو چەندین تێبینی تر وامان لێدەکەن، هەست بکەین کە لێرەوە سیاسەتی حزباندنی هەموومان، حزباندنی عەقڵمانو بیرکردنەوەمان، جیا لەوەی کە بێهۆشکردنو چەواشەکاریەکی ڕوونە، بەرەو ئەگەری دوورکەوتنەوەشمان دەبات لە پرسی راستەقینەی کورد کە بەدەرە لە هەرچی پڕۆژەی حزبییە، وامان لێدەکات دوورکەوتنەوەکان بەچەندین فەرسەخ پێوانە بکەینو، لەمەنفاکانیدا بەدوای خەونەکانماندا بگەڕێین. ئەلێرەوەو کەهاتینە سەر قسەکردن لەسەر کرۆکی ئەو مەسەلانەو بەدوا داگەڕانی حەقیقەتی شتەکان، جاچ لە سونگەی سیاسیەوە یان لەبواری کۆمەڵایەتیو کەلتووریەکان، یان لەروانینمان بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکان کە پەیوەندی کەم تا زۆریان بە ئێمەمانانی نەوەی ئایندەی ئەم وڵاتەوە هەیە، لێرەشەوە بێشك بەسەر چەندین قەیراندا دەکەوین، ئەو قەیرانانەی





بوونەتە بەشێك لەپێنەگەیشتنی عەقڵی سیاسی کورد و نەبوونی بەرنامەیەکی عەقلانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ناوخۆییو هەرێمیەکان، یان لە هەر پەیوەندییەکدا لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان لە (تورکو عەرەبو فارس)، بەومانایەی قەیرانەکان لەجیاتی ئەوەی ببنە هۆی بەکارخستنی هەموو تواناکانی نەتەوەیەك کە ئارەزوویەتی لەپێناو ژیانێکی ئاسوودەدا سەری دابنێو تواناکانی بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکان بکاتە ئەنجامێکی ئیجابیانەی قەیرانەکان، ئەبێ بەرنامەیەکی هیوایانەی ئاسوودەبەخش بەرهەمبهێنرێ، یان ئەم هەلو مەرجانە ببنە هۆی پیاچوونەوە بەسەرجەمی سیاسەتەکان لەمەڕ پرسی نیشتیمانیو نەتەوەی کوردو هەوڵی ئاراستەکردنی چارەسەر بدرێ، لەوڵاتی ئێمەدا بەردەوام قەیرانەکان، قەیرانە سیاسیەکان، دیبلۆماتیەکانو سەربازیەکانیش، یەك رێچکەیان بەسەرکردایەتی حزبە خێڵەکیەکانی کوردستان داوە، ئەویش رێچکەی تونێڵەتاریکەکانی سیاسەتی هەڵپەرستانەو وەهمو خۆبەزلزانی بوون، تا دەگاتە شەمەندەفەری خیانەت وەك بەشێك لە سیاسەتی حزبیانەی کورد، کە هەر زەمەنو حزبێك بەهەموو مێژوو و سەروەرییەکانیو، بەرهەمی خەباتو شکستەکانیو بەهەموو شەهیدو زیندووەکانی پلێتی بۆ بڕیوەو سەرکردەیەکیش شوفێری بووە، لێرەوەیە بابڵێین ئەوی لەلایەن حزبە کوردیەکان لۆژیکە (خیانەت) دەبێتە پڕۆژەیەکی فریادرەسانە لەسەر دەستی داگیرکەرانو بەچارەسەری قەیرانەکانیش ناوزەد دەکرێ، لێرەوە نایەینە سەر ئەو یادەوەرییە ڕەشانەی کە بەردەوام نەوەی دوای ڕاپەڕین وێران دەکاتو وەرەقەی دروشمە زلەکان ئاشکرا دەکات، لێرەوەیە کە قسەکردن لەسەر پرسێکی شێواوی وەك پرسی

کورد دەمانباتەوە سەر تونێڵی قەیرانە بنبەست بووەکانو قەیرانەکانیش لەمەودا حەقیقیەکاندا، لەسەر زەمینی واقیعدا و لەنێو کەشکۆڵە بەسەرچووەکان، ئەو حەقیقەتەیە کە دەبێتەوە بەرهەم هاتوێکی واقیعیو هەموو ئەگەرو گریمانە پێنەگەیشتووەکانی حزبمان بۆ دەردەخات، خەباتو دروشمەکانی حیزب بەتاڵ دەکاتەوەو پێمان دەڵێت بێتوانایی سیاسیو ناکارامەیی سیاسیەکانمان توانای چارەسەری پرسی منو تۆیان وەك کوردێك لەو وڵاتە پڕ ئافاتە نییە، بەڵکو ئەگەرەکان پێماندەڵێن کە ئەو پرۆژەیەی کە بەشێك لەحزبەکان پێیانە بۆ مەسەلەی نیشتیمانیئێمە، بۆ دەرچوون لە قەیرانە سیاسیو ئابووریو ناعادیلانەکان، پرۆژەیەکە لە قەیرانێکەوە دەمانباتە قەیرانێکیترو لە تونێڵێکی تاریکدا نامان گەیەنێتە ئایندەیەکی دیار، لەقەیرانی شەڕی سیاسیانە بۆ شەڕی سەنگەرەکان لەوێوە بۆ شەڕی پەنجاکانی خۆمانو وێرانکردنی مەملەکەتێك لە هیواو لەوێشیانەوە بۆ نەفی کردنی هەموو بەرامبەرێك کە بە (نا) وەڵامێکی پێبێو باری سەرنجیلە پێشێلکاریی سەروەرییەکانی ئێمەی تاکی کوردا هەبێت، لێرەوە بەدواداگەڕانی حەقیقەت گریمانەی قەیرانەکانەو ئەگەر بشمانەوێ قەیرانەکان شیتاڵکەین کەوا بێشك حەقیقەتەکان بەردەوام بەرهەم دێنو ئێمەش گەشبین ناکەن، بەرامبەر بە ئایندەو مەودا دوورەکانی یان ستراتیژیەتی پرسی نەتەوەیی کورد.

-٢-





کاتێك لە دەروازەی دووەمەوە بێینە سەر مەسەلەکەو لەسەر پرسی کورد قسان بکەین دەگەینە سەر ئەو حەقیقەتەی کە هێزە سیاسیەکانی کوردستان، جیا لەوەی لەدوای ڕاپەڕینی جەماوەری نەیانتوانی بەرگری لەوخاکانە بکەن کە بەپشتیوانی پێشمەرگەو جەماوەر لەدوژمنی لەمێژینەی کورد رزگارکرابوون، جا چ ئەو داگیرکردنەی بەناوی عێراقی عەرەبیو چ لەمێژووداو لەژێر ناوی ئیسلام کە بێشك قەتلوعامی خەڵکی کوردنشینی ئەو دەڤەرانەیان بەحەلاڵ زانیووە. دوای ئەوەی ڕاپەڕین دەکەوێتە بەر شکستو هەڵگەڕانەوەی چەندین کەس لە کەسایەتی خێڵەکیو کۆنەجاش لە ڕاپەڕینی جەماوەری، دواجار سەیر لەوەدایە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد قەناعەتی بەمانەوەیە دێت لەو بەشەی ئێستای هەرێمی دوولەتو سارد دەبێتەوە لەسەر پرۆسەی رزگارکردنی هەرێمە داگیرکراوەکانی وەك (کەرکوك و خانەقین و شەنگار و دەوروبەری) و دەکەوێتە بەرگورجێکی کەمەرشکێن لەبێ ئومێدی لەبەردەم روانینی ئامانجە ستراتیژییەکان، ئەمەشمان وابینی کە دوای لێژنەی تەنسیقو کێشانەوەی ئیدارەکانی ڕژێم لە هەرێمە کوردیەکانو (کە ڕژێم بێ سێو دوو گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە جارێکی دیکە ناتوانێ لەوناوچانەدا حوکمی فاشیانەی خۆی بکات) کەچی لەخەونو خەیاڵی حیزبە کوردییەکانماندا شتێك، مەسەلەیەك، پرسێك نامێنێ بەناوی پرسی رزگاری نیشتیمانیو هەموو ئەو کوردانەشی کە تەنها بۆ چەند ساتێك ئازادییان بینیو لەژێر حوکمی بەعسدا ئێستایان بەسەر دەبەن، دەخرێنە مەنفایەکو مەسەلەی ئازادکردنیان تەئجیل دەکرێت، بەلام کام تەئجیلکردن، لەدەساڵدا

لەناو ئایندەیەکی بێ ئومێدو نادیاردا دەگوزەرێنو چاوەکانیان بەردەوام لە چاوەڕوانی رزگاریدان.

جگە لەم مەسەلەیەش کە نەمانی پرۆژەیەکی سیاسیو سەربازییە بۆ ئازادی نیشتیمانی نەتەوەیی ئەو تاکانەی کۆمەڵگاکەمان، هەموو هەوڵەکانی دیکەی بەرەنگاربوونەوەی پرۆسەی بەعەرەبکردن، راگواستنو بەبەعسیکردنو گۆڕینی شوناسی نەتەوایەتی کورد لەو هەرێمە داگیرکراوانەدا لەبیردەچنەوە، پێشمەرگە دوای شکستە یەك لەدوای یەکەکانی خۆیو خەریك بوونی بەشەڕە ناوخۆییەکان، باوەڕ بەپشوێك دێنێ کە لەناوبەرگی دوژمندایە، پێشمەرگە چالاکیە کوردژێنەکانی لەیاد دەچنەوەو ئەبێتە فەرمانبەرێکی چەك لەشانو قەناعەتی پێدەهێننو لەبیری دەبەنەوە کە هێشتا قۆناغی رزگاری نیشتیمانی بەنیوە چڵی ماوەتەوە، لەبەرامبەر ئەو بێ هیواییانەی پێشمەرگەو نەمانی حەماسەتی شۆڕشگێڕی خەڵك، بەعسیش بەئارامی خۆی لەڕووی جوگرافیاو ئەنتۆگرافیاوە هەموو پرۆسەکانی بەڕێوەدەبات، لێرەوەیە کە ئێمە دەساڵە باس لە ئازادی بوونی خۆمانو عەقڵمانو یادەوەریمانو تۆڵەو تفاقمان دەکەینو بەچەندین گەمەدا تێدەپەڕین کەچی ئەو ئازادییەی ئێمە نابێتە هەلگری شوناسی هاوهیوابوونو نیشتیمانیانە. لەلایەکی دیکەوە کاتێ هەر حیزبەو پێیوایە ئەو فریادرەسی خەڵك بووەو تەنهاو تەنها بەیەك رەهەندانە پرۆژەی بەناو نەتەوایەتیو حیزبیانەی خۆیان دەخەنەڕوو، ئەگەرێکەو دەمانباتەوە سەر ئەوەی بڵێین ئەم خۆبەکەڵەگا زانینە، بەو مانایەیە کە نەتوانراوە هەمان ئەو ئازادییە پڕخەوشەی کە ئێستا لانی کەم ئێمەی لەسایەدا دەژین، لەڕێگای رزگارکردنەوە بەهاونەتەوەکانمان





رەواببینینو کار بۆ ئازادبوونیان بکەین، کارەساتەکەش لەوەدا دەبینینەوە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد و ئیکتیفاکردنی حیزبەکوردییەکان بەو ئازادییەوەوخۆبواردن لە پرسێکی گەورەتر کە پرسی کیانی سیاسیو نیشتیمانی کوردە، هەرەشەیەکە وامان لێدەکات گومانمان لەو هەموو ئازادییەی ئێستاش هەبێت بەوەی کە دەشێ ئێمە لەبەردەم خەتەرێك دابینو ئەبێ ترسمان لەراوەستاوی ئەو ئازادییە هەبێ بەپێوانە لەسەر ناکامەڵیو ناتوانایی ئێستای سەرکردایەتی سیاسی خێڵەکی کوردو گەمە کارەساتبازەکانیان، هەر لەشەڕی ناوخۆو ئاوەدانکردنەوەی زیندانەکانو (کوشتنی خەڵك لەسەر ئەوەی خوانەخواستا بڵێت کوردم یان کەسێکی نیشتیمان پەروەرمو خیانەت قەبووڵناکەم) تادەگاتە بێ ئومێدکردنی نەوەکانو تۆقاندنیان، بەرنامەیەکی بێ وێنەی ناعەقلانی سیاسەتی کوردییە، ئەم سیاسەتەی هەندێ لە حیزبە کوردییەکانیش جگە لەوەی تەواوکردنی ئاکارو ئەخلاقیاتی بەعسە، لەباربردنی پرسی کوردو هیواکانی کۆمەڵگاکەشمانە، هەر ئەمەش وامان لێدەکات واقیعێکمان بخاتە بەردەم کە لەدەرەوەی لێکدانەوە سیاسیەکانی ئێستایەو حەقیقەتی پرۆژە ناکامڵەکانی حیزبەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت، بەمانای ئەوەی دوای دەساڵ ئازادیو بەر لە هەڵایسانی شەڕی نێو خۆیی کوردستانو ئێستای سەردەمی نەشەڕو نەئاشتیش، بۆمان هەیە بپرسین، کوانێ مەسەلەیەك، کوانێ حەماسەتێك جگە لە بڤەو نەگوتن لەمەڕ پرسی کوردو بارومەرجی لەقۆتاغی ئێستاماندا، حیزبە کوردییەکان جگەلەوەی هاتنەوەو، پرۆژە نیشنمانیەکانیان دواخست چیان لە کۆشکدا ماوەتەوە، جگە لەبەخۆداچونەوەو شەرکرتن بەرامبەر بە

ئازادنەبوونی زیاتر لە دووملیۆن کەسی کورد لەو هەرێمە داگیرکراوانەدا، بۆمان هەیە بپرسین کاتێك ٨٠٪ خەڵکی کوردستان لەناوەوەو لە هەدەرانیش لەگەڵ ئاشتیدابنو حیزبەکانو بەرژەوەندیە تەسکەکانیان ئەنجامی نەدەن، بە چ حەقێك باس لە شەرعیەتی جەماوەری دەکەن کە بێگومانیان دەکەن لە کۆمەڵگای هوشیاری ئێستای کوردیدا شەرعیەتی شۆڕشگێڕیشان بێئارامە، ئەو ئیدارانەی ئێستا دەیانبینین بەشێکی زۆری سیستەمی خێڵ بەڕێوەیان دەباو درێژکراوەی مەوسیمەکانی خێڵنو بە وەهم بوون بە ئێدارەی مەدەنی، جێی پرسیاریشە کە بۆ دەبێ پرسی کورد وەك پرسێکی نەتەوەییو نیشتمانی چارەنوسساز لە بەرنامەو مەهامی حیزبەکان نەبێت، (ئەمەو ترسنۆکی حیزبە بەتەمەنو بێتەمەنەکان وەك تەمبەڵخانە کە هەر بەناو ئۆپۆزسیۆنن) لەلایەکی دیکەوە زەبرێکی توندی لە مەسەلەکان داوەو ئەوانیشی کردۆتە دوکانی ماقۆڵ! لەجیاتی ئەوەی میوەفرۆش بن (بەیاننامەو سیاسەتی هەڵپەرستانە ) فرۆشنو داسی نێو هەموو کارەساتو وێرانیەکانیشن. (لێرەوە مەبەستمان نییە شەرعیەتی خەباتو بوونی پرۆژەی سیایی حیزبە کوردیەکان بسەنێنینەوە، وەڵێ دەبێ پرۆژەکان لەچوارچێوە نیشتمانیو نەتەوەییەکان بەڕێوە ببرێن).

جێگای خۆیەتی لەوانەش بپرسینەوە کە بەناوی شەرعیەتی ناشەرعیەتەوە خۆیان بەنوێنەری خەڵك دەزاننو مێوانی ئەنجومەنی نیشتمانی حیزبو وەزارەتەکانی حیزبن، کە تاوەکو ئێستا چەند زاتی ئەوەیان کردووە ئەگەر ناماقوڵی نەبێت بۆیان، قسەبکە لەدانانی پرۆژەیەکی نەتەوەییانەو ئارەزوومەندانەی کورد بۆ رزگاربوونی یەکجارەکی خاکە داگیرکراوەکان؟ بۆ





لە مەهامیاندا نەبووە ریفراندۆمێکی جەماوەری بکەن لەمەڕ پەیوەندیە حیزبیەکان بە رژێمو لەمەڕ چارەنووسی ئاییندەی هاوڵاتیانی کورد لەبەردەم ئەو گەمەو سیاسەتو خیانەتی حیزبدا، بۆ جارێ: نەیانپرسی بۆ دەبێ سەروەتو سامانی نیشتمانی لەشەڕە ناوخۆییەکان سەرف بکرێت؟ کە بێشك ئەو سەرمایە ماڵیەی کە کورد لەو دەساڵەدا بەهەدەریدا بەشی رزگارکردنی هەموو خاکی کوردانو لاوازکردنی رژێمێکی دیکتاتۆری وەك بەعسیشی دەکرد، بەلأم لەکوێوە ئەم قسانە بکرێن لە شوێنێك کە ماڵی حیزبەو نوێنەرانی ناشەرعی میللەتیش مێوان.!!

بەدڵنیاییەوە لێرەوە دەڵێین هەموو ئەو دەزگایانە دوورخراوەن لەوەی بتوانن لەبەردەم حیزبداو لەنێو کایەکانی پرۆژە حیزبیەکاندا قسە لەم مەسەلانە بکەنو وەك (پەرلەمانتارانی دنیا سەرچاوەی گوشاربن)و بەرژەوەندیە نیشاتمانیەکان رەچاوبکەن.. لەناو ئەو هەموو قەیرانو بازاڕو بێئاگایانەدا، شەڕی ناوخۆش پرۆژەکان هێندەیدیکە دوادەخاتو خەونە حیزبیەکانیش لەم هەرێمو لەویان گەشەدەکەن، داهاتو سەروەتی ولأتیش لەو تەئجیلکردنە سەرف دەکرێت، کە شەڕی نێوخۆییە، شەڕێك بۆ حەوت ساڵ دەچێت گەلی کوردستانی خواروی بەخۆیەوە خەریك دەکا هەرچی توانای ماددیو مەعنەویو حەماسەتی شۆڕشگێڕیو نیشتمانپەروەرێتی هەبوو کردنی بە مەنفایەکی لەبیرکراوو مەسەلەی رزگاری خاك، ناسنامەو تاکە ژێربارەکانی بەعس بوونەتە مەسەلەکی لاوەکیو ئەم سەنگەرو ئەم تەپۆلکەش لەناو کودرستانی رزگارکراودا بوونە خاکی سەرەکی کێشەکانی حیزب.

لەو مەودا فەزایەشدا پرۆسەی حیزبانەو خێڵەکیانەی دژە رزگاری (ئەگەر نەڵێین دژە شۆڕش بەڕێوەبران) بەوەی حیزب پێیوایە مادامەکی گوندەکەی خۆی رزگارە، وەك ئەوە وایە هەموو وڵات رزگاربێتو ئێمە خاکی خەڵکمان داگیرکردبێ. بەڕێوەچونی ئەو پرۆسانەش (لەپاڵ شەڕە یەك لەدوای یەکەکانی ناوخۆ) دووبارەبونەوەیەکی مێژۆۆییانەی رووداوەکان بووە لەلایەكو خۆ دووبارەکردنەوەیەکی حەقیقەتیانەی سیاسیە کوردیەکانیشە لە گواستنەوەی هەموو گەمە تەواونەکراوەکانی شاخ بۆناوشارو لەسەردەمو شوێنی حیاوازو بە میکانیزمێکی مۆدێرنانەتریشەوە، ئەم گەڕانەوەیە جگەلەوەی پاشەکشەی بەرنامەی رزگاری نیشتمانیە، دروست بوونی بەرەیەکی رزگاریشە لەم یان لەو قۆناغی رزگاریدا، خەوبینین بەتاك رەهەندیو یەك دەسەڵاتی حیزبانەی حاکم لەوڵاتدا، یەکێکیدیکەیە لەو فاکتەرانەی کە بۆتە هۆی ئەوەی مەسەلەیەك لەگۆڕێدا نەمێنێ بەناوی پرسی کوردو هەرچی تواناش هەیە لەو بوارەی باسمانکرد سەرف بکرێتو پرسی کورد بکرێتە پرسی مانەوەی کوردو بکرێتە پرسی مانەوەی حیزبو بنەماڵەو بەگو سەرەك خێڵەکان. لێرەوە نامانەوێ پۆلێنی ئەم حیزب یان ئەمیان بکەینو بۆ ئەو مەرجەرعیەتانەیان بگێڕینەوە کە بێشك دەتوانن خۆیان لەقسەکاندا پۆلێن بکەنو بەئێمەشی بڵێن کە سەر بەکام بەرەو مەرجەعیەتی کارەکانن.

شتێك هەیە کە دەبێ ئەو لایەنانە بیبینن کە خەو بەیەك دەسەلاّیو یەك حیزبیانەی حاکم لەو دەڤەر یان لەم هەرێمدا دەیبینن، کە ئەگەر ئەو بارەی ئێستاش وەکو دیفاکتۆ (ئەمری واقیع) بەڕێوەدەچێ جگە لەتێکدانی ئاشکرای





ئەزمونی بەڕێوەبردنی کوردستانە، لەباربردنی ئازادیو دیموکراسیەتیشە کە خەڵك ئەیانەوێ لەسایەیدا بەمافەکانیان شادبن. ئەمەو ئەو بارە، دامەزراندنی سەرەتاکانی دیکتاتۆریەتو تۆتالیتاریەتی حیزبیە بەناوی پارێزگاریکردنەوە، بەلاّم ناکرێ سیاسیەکانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی بۆ رزگاریو ئازادی خەڵك تێکۆشان لەوە بێئاگابن، کە بۆ نەتەوەیەکی خاوەن هیوای ئازادیو گەڕاو بەناو مێژوودا بۆ سەندنەوەی شوناسی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆی، ئەو مەسەلانەی کە ئەوان خۆیان حیزب خۆیان پێوە خەریك کردووە گەورەترنینو نمونەی بەپەندبوونی بەعسیش زۆر بەرچاوە کە چۆن لەکوردستانداو بەحەماسەتی کورد بۆ رزگاری، کران بە تەیری ماقوڵو توشی شکستێك کران کە عەرەبو نەریتە شۆڤێنیەکەیان هەر لەسەردەمی ئیسلامدا تا ئێستاشی لەگەڵدابێ بەخۆیانەوە نەیانبینیبوو.

ئەمەو پاساوە سیاسیەکانی ئەمرۆ بەشێکن لەقەیرانی سیاسی کوردستان، کە خۆیان لەخۆپارێزی دەبیننەوەو کەڕولاڵ لەبەردەم مەسەلەی رزگاری (خاك)دا دەوەستنو، گوتارەکانی ئەم پاساوانە گەمەیەکی حیزبیانەنو دروستکەری وێنەی وەهمین لەیادەوەری تاکی کورددا بەناوی تاکێكو سیاسەتکردن، ئەمەو بەراوردەکانیش کە لەگەڵ گەلانیتری ژێردەست دەیانکەن تاسەر ئێسقان بەراوردی بنبەستو دۆڕاون، لێرەوەیە دەپرسین ئەبێ چیبێت وا لە سیاسیەکانی کورد بکات بەردەوام لەگوتارە سیاسیەکانیان پرسی کورد بە کێشەی فەلەستینیەکان ببەستنەوە؟ کە بێشك ناکرێ یەهودیەکانیش بەگوناهبار بزانین کە سەردەمانێك وەك ئێمەی کورد مەسەلەکەیان لەگێژاوی مرۆییبووندا دەسوڕایەوەو ئەمرۆ توانیویانە بگەنە

مەبەستی سیاسیان بۆدیاریکردنی چارەنوسیان لەسەر زەمینی ئیسڕائیلدا، بۆیە باعەقڵی سیاسیی کورد بەئاگابێتو تێبگات کە دروستکردنی ئەو پەیوەندیە وەهمیانە جگەلەوەی دەرچونە لەواقیعی پرسی رزگاری کورد، لەلایەکیترەوە ناتواناییە لەدیاریکردنی ئەم لایەنو فاکتەرانەی کەبەردەر لەو وەهمانە کێشەی کوردیان پێ پتەودەکرێتو هاوکێشەی بەرژەوەندیەکانیش دەگۆڕن، (سیاسیانی کورد ئەوانەی لەپشوی سیاسیدا کات بەسەردەبەن پێیانوایە دەبێ دڵی عەرەبەکان رازی بکەن، ئەمەش لەترسی گەلەکۆمەی عەرەبی بۆسەر کورد) ئاخۆ ئەمەیان سیاسەتە یان مەهزەلەیە؟ لێرەوە وەڵام بۆ ئێوە بەجێدەهێڵین. ئەگەرچی ئەم قسانە بەشێك لەحەقیقەتیشیان تێدانەبێت بەڵام بەشێکیان حەقیقەتن. نەچوونە ناو ئەو هاوکێشانەش کە کێشەی کوردو فەلەستینیەکان بەیەکەوە گرێبدات، دیبلۆماسیەتێکی هۆشیارانەیەو روانینێکی ستراتیژیانە لەئاییندەی ئەو هەرێمەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوینو بەهێزکردنی کارتی هەرەشەی کوردیش بەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی هەرێمی رزگارکردنی تەواوی خاکی کوردیشە لەداگیرکەری شۆڤێنی عەرەب لەعێراق . پرسیارێکی ئارامتر ئەوەیە کەبۆ دەبێ خەونی کوردێك لەکوردستانی ئازادکراودا چەندین فەرسەخ جیابێت لەخەونو هیواو روانینی ئاییندەیانەی کوردێك لە کەرکوكو، شەنگارو، خانەقین، بۆدەبێ کوردەکانی ژێردەستی بەعس بێئومێد لەبەردەم هیواکانی ئازادبوون بژینو رقیان لە هەڵوێستی سیاسیانەی حیزبە کوردیەکان بێت کە ئەوانیان کردووە بە کارتێکی تەئجیلکراوی ناو گیرفانی سیاسەتی حیزب لەلایەكو بەرژەوەندییە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکانیش لەلایەکیدیکەوە. لێرەوە





پرسیارکردن لەسیاسیەکان تەنها ئەوەیە کە (دەبێ...... کەرکوك خاکی کوردان بێت؟!) یانە بۆ دەبێ ئێمەی هاوڵاتیانی کوردستان، ئەو گەیشتن بەشوناسو ئازادیەی خۆمان بەحەقیقەت بۆ ئەوانیش دابین نەکەین. لەکاتێکدا کە ئەوان شوناسی نەتەوەییان لەخەتەردایە وەخەتەر لەسەر ئەمان، پرسی کورد بەرەو هەڵدێر دەبات، لێرەوە ئاگاییەك گەرەکە بەدەربێت لەسیاسەتی حیزبی وەیان حەق وایە بیرێك لەو هۆشیارییە نەتەوەییە بکرێتەوە کە ئێستا بەرەو برەوێك دەچێ لەکوردستاندا بۆ ئەوەی توانای مانەوەو بەرخودان بەرامبەر لەناوچوون بەرقەرابێت. کە دیارە ئەمە لەخەتەری لەناوبردن دایەو، بەرنامە حیزبیەکانیش بەشێك لەو لەناوبردنی هۆشیاریە نەتەوەییەیان بەردەکەوێت، کە لەڕێگای سیاسیەنی نابەجێیان دەیگۆڕن بۆ هۆشیاری حیزبیانەو کەلتوری رەجعیانەی خێڵەکیو بیرکردنەوەی تەسك.

کاتێ گەلی کورد لە خاکە داگیرکراوەکاندا لەژیانو گوزەرانێکی ناهەمواردا دەژی، دەبێ لەبڕیاری ئەنجومەنە حیزبیەکەی نیشتمان بپرسین چییە وادەکات کۆمەك بە (کۆسۆڤۆ)یەك بکات کە دەیان دەوڵەت لەناتۆو یەکێتی ئەوروپاو جیهانی ئیسلامی بەهانایەوە چونو لەبەرامبەریشدا سەدانو هەزاران ماڵی کورد ئەبینێت، یان ترسی ئەوەی هەبێت باسیان بکات، کە رۆژانە لەسنورەکانی عێراقی عەرەبی بەرەو هەرێم دێن وەرژێمی شۆڤێنی عەرەب لەعێڕاقدا لەسەرخاکی بابو باپیرانیان دەریان دەکاو، گەڕەكو کۆڵانو مندالیو زەمەنەکانی ژیانیان لێدەسەنێتەوە، کۆمەك کردنی کۆسۆڤۆ جگەلەوەی گەمژەییەکە لەسیاسەتی کوردیدا، نەبوونی پڕۆژەیەکیشە بۆ

ئازادکردنی هاونیشتمانیانی کورد لەژێردەستی بەعسدا، جگەلەوەی گومانە لەئەگەرێك کەئێمەی تاکەکانی‌ئەم کۆمەڵگایە بەئازادو نائازادەکانمانەوە، بەشێك بین لە مامەڵەیەکی سیاسیانەی حیزبو خێڵ‌و کەسانی ئازادبین لە نیشتمانێکی ئەتککراوو فراشراودا، ئەمە گومانێکەو، نەخاسمە واقیعیش لەدەروازەی ئەم گومانەوە بمانباتەوە سەر حەقیقەت.

- ٣ -

پرسی کورد لە دەروازەی سێیەمەوە یەکراست دەتوانین بڵێین گەڕانەوەیە بۆ گۆڕانی چەمکی شورشگێڕی وە مەغزاو مەودا دژەکانی لەسەردەمی ڕاپەڕین وەك قۆناغێکی‌دیکەی خەبات‌و شێوازێکی نوێی حیزبایەتی کردنی بەحیساب مۆدێرن‌و شارستانی.

کاتێك هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەشاخ‌و لەمەملەکەتە بێدانیشتوانەکانی کێودا دەجەنگان بەرەنگاری هەژمونی شۆڤێنیەتی بەعس دەبونەوە، جگەلەوەی لەشوێنگەی خۆیان هەڵگری شوناسێکی شۆڕشگێڕی‌و شەرعیەتی جەماوەرێکی یاخی‌بوو بوون، لەلایەکی‌دیکەشەوە هەڵگری ناسۆریەکانی خەڵکانێکی زۆربوون لەناو شارەکانی کوردستان‌و بگرە عێراقیش بەو مانایەی پشکداری‌کردن لەو خەباتە سیاسی‌و چەکداریەی شاخ‌و سەروەرییەکانی‌و لەهەمانکاتیشدا لایەنە خەوشدارەکانیشی، بووبوو بەبەشێك لەژیان‌و مانەوەی حەماسەتی خەڵکی کوردستان لەپێناو مەسەلە کەلتوری‌و نەتەوەیی‌و شوناسیەکانی خۆی لەزمان‌و ترادسیۆن‌و دابەکوردەوارییەکانیان بۆمانەوەی لەبەردەم هەڕەشەکانی ڕژێمی شۆڤێنی عەرەبی عێراقی‌و پرۆسە بەدناوەکانیان لەژێرناوی (ئەنفال‌و کیمیابارن‌و گینۆساید)دا، شۆڕش‌و هێزە





سیاسیەکانی ئەودەمە (مەبەست چارەگەسەدەی دوای سەدەی بیستەمە) خاوەنی شەرعیەتی سیاسی‌و خەباتێکی بێوێنەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌بوون، پرسی کوردیش لەهێزو بازوی (پێشمەرگە)کانی ئەوێ دەمێدا وێنادەکرا بۆ گەیشتن بە ئامانج‌و مەرامی میللی، میللەتێکی وەك کوردی ژێردەستی بەعس.

لێرەوە دەکرێ بڵێینە تەرەف ئەو چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕین (بەرلەبەرپابوونی شەڕی ناوخۆ) کە هێشتا هێزە سیاسیەکانی کوردستان خاوەنی شەرعیەتی خۆیان بوون‌و جیگای گومانی خەڵکی نەبوون، لەبەردەم هەموو ئەگەرەکانیش پیرۆزییەکانیان نەدۆڕاندبوو، لەبەردەم خەڵکانێکیشدا کە خەمی ئازادیان لە خەمی نان‌و مردن پێ پیرۆزتربوو ئومێدێك بوون سەراپای ئێمەمانانی لەخۆدەگرت، ئەم چەند مەسەلەیە ئەگەر وەك سەرەتایەکی باش لەقەڵەم بدەین بۆ ڕوانینەکانی کورد لەئایەندەیەکی باشتر، ئەوا ئەوەی ئێمە لەدوای ئەم زەمەنە دەبینینن‌و ڕێك دوای شەڕی ناوخۆو، لەلایەکی دیکەش کە بەبەراورد لەگەڵ هەموو گەلانی داواکار بۆ ئازادی دەبینین، دیاردەی (دژە شۆڕشبوونە) لەوانەیە حیزبە سیاسیەکان لەم بۆچوونە نیگەران بن، وەڵێ ئەوەی حەقیقەتە ئێمە تەنها لەسەر ئەو نەکسە سەرەتاییەی ڕاپەڕین‌و دەرەنجامەکانی کۆچڕەو، ئەو بڕیارە نادەین کە بڕیاری هاتنە وجودی (ڕەوتی دژە شۆڕش‌و گەڕانەوە بۆ مەرجەعیەتی بەعسی‌و پەشیمانبوونەوە بوو لەهەر شتێك کە ئێمە (لایەنە هەڵپەرستەکان) نەمانکردبێ) ئەمەش لەژێر باڵی دانوستانە حیزبیەکان لەگەڵ ڕژێم‌و

بەکاربوونی سیاسەتی هەڵپەرستانەی رژێم لەگەڵ سیاسیە کوردەکان‌و بێئاگاییان لەمەسەلە نەتەوەییەکان بەرەو ئاکامێکی خراپ برا.

دژە شۆڕش بوون، دیاردەیەکی زەق‌و بەدبووە، لەکاتێکدا کە ڕەگی ئەم دیاردەیە لەو پاشماوانەدا سەریان هەڵدایەوە، کە لێبوردنی گشتی بەرەی سیاسی کورد لەسەردەمی سەرەتای ڕاپەڕیندا رایگەیاندوو، شەرعیەتەکانی شۆڕش‌و ڕاپەڕینی پێ لاوازکردن، کە دواجار وەك بینینمان ئەو لێبوردنە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم ئەزموونی جەماوەری کوردستان‌و لەنەکسەکاندا دژی هەر خەباتێکی جەماوەری بوونەوە. کاتێکیش دێینە سەر دوان لەدژە شۆڕشەکان، لەهەڵوێست‌و مەغزاکانیان، ئەبێ سەرەتایەك بدەینە سیاسەتی هەڵوەشاندنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری کۆمەڵگای کوردی لەلایەن بەعس‌و بەرنامەی پاکتاوکردنی گەلی کورد، بۆ ئەوەی تێبگەین کە بەعس بەهۆشیارییەوە پیادەی ژیاندنەوەو دارشتنەوەی زیاتری سیستەمی کۆمەڵایەتی خێڵەکی کرد لە کوردستان‌و لەژێر ناوی (جاش)و ئۆردووەکانیان، هەموو رەگەزە کۆنگەراکانی کۆمەڵگای کوردیان خستەوەڕوو، ئەمە جگە لەبەرهەم هێناوەی سیمبوڵە رزیوەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە (میرو بەگو، ئاغاو، کوێخاو...تاد)بوون.

بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسەیەش ناکرێ بەبێئاگایی لەقەڵەم بدرێت کە دەرەنجامەکەیان نانەوەو ژیاندنەوەی چەندین دوژمنایەتی کۆن‌و خێڵەکیانەی نێوان خێڵەکان بوون، کەتاوەکو ئێستاش ڕەگ‌و ریشاڵیان لەناو پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیدا ئامادەگی هەیە. هەموو ئەو ئۆردووە جاشانەشی کە لەدەمی بەر لەڕاپەڕین دژی شۆڕش بوون‌و، لە ڕاپەڕین خزانە نێو شۆڕش،





دواجار لەنەکسەی ڕاپەڕیندا بوونەوە بەشێك لەخیانەت‌و دژ بە شۆڕشی کوردستان کەوتنەوە تەقەکردن لەهاولاتیانی کورد، بەومانایەی کە ڕاپەڕین لەگەڵ هەموو سەروەرییەکانی بەشێوەیەکی بنەبڕکراو نەیتوانی ئەو بونیادە خێڵەکی‌و گەلەجاشیە (جاشگەلیە) بەلانی کەم لە کوردستانی ئازادا کۆتایی پێبێنێ دواجار حزبە کوردیەکانیشی تێوەگلاند، ئەم ناتوانایەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەو فەزایەدا بەرهەم هات کە شۆڕشی کوردی بەشێك لەسیما خێڵەکیەکانی بەروخسارەوە مابوون‌و لەژێر دەمامکی شۆڕشگێڕی ناڕاستەقینەدا لەبۆسەدابوون. لەلایەکی دیکەشەوە بەشێك لەهێزە سیاسیەکان ئاوێتەی ئەو پێکهاتەو پاشماوانە بوون کە بەعس لەکوردستاندا چاندبوونی‌و لەژێر ناوی حورمەت‌و پیاوماقوڵ‌و سیما پارێزی خێڵ‌و عەشیرەت‌و ماقولگەراییەکانی دیکە، کەوتنە خۆ بەهێزکردن‌و دواجار حیزبی خێڵ بوو بەبەشێك لە سیاسەتی کوردی‌و قسەکەر بەناوی پرسی کوردو لەپەناشدا بەعەقڵی خێڵخوازانە چەندین ڕێوشوێن بۆ بەرێوەبردنی پرۆسەی دوژمناکارانەی مێژوویی‌و سەرنگۆمکردنی سەرۆك خێڵەکان لەسەردەستی حیزبی خێڵەکی کوردی کرانە ستراتیژ‌و تاکتیکی سیاسیانەی مانەوەی کیانی خێڵ/حیزب‌و بەرنامەڕێژی بۆ پاوانخوازییە حیزبییەکان‌و ئاژاوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایش گەواهی دەری ئەم مەسەلەیەن. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کێشەی کۆمەڵ‌و مەسەلە چینایەتییەکان لەو ولاتەی ئێمەدا کە لەهەندێ شوێندا هەرنەبوون‌و لەهەندێ دەڤەریشدا پرۆسەی دروستکردنیان بۆ بەرێوەبرا بوون بەبەرنامەی حیزبی شێوە خێڵ، جگەلەمە کێشە ئابوورییەکانی نێوان حیزبەکان‌و گومرگ‌و سامانی ولات بگرە تادەگاتە

سنووری نفوزو گەمەسیاسیەکانی نێوخۆ، وایانکردووە جارێکی دیکە پرسی نەتەوەیی لەکۆشکی مەسەلە لاوەکیەکاندا بە لاپەڕەیەکی بێ مەئواو ئایندەیەکی بەمەنفا بڕابگات. حەقیقەتی ژیاندنەوەی ئەم کێشە ناوخۆییانەش جیالەوەی کە پەیوەندی راستەوخۆی بەعەقڵیەتی سیاسی کوردییەوە هەیە، جا چ لەژێر باری قورسایی تێکنەگەیشتنی ناوخۆیی بێت یان لەژێر گوشاری دەرەکی، ئەوا ئەگەرەکانی بەئاکام گەیشتنی پرسی کوردی خستەلاوەو دوائاکام گوتاری خوێن لەنێوان ئەم حیزب و ئەو حیزبداو ئەم خێڵ و ئەمیتریان سەریان هەڵدا کە بەشی هەرە زۆری لەسەر نەبوونی بەرنامەیەکی پێکەوەژیان و بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگا بەڕێوە چوون، لەسەردەمی ئازادیدا ئەم مەسەلانە بوون بەزەروورەتی خۆسەپاندنی حیزبە کوردییەکان لەو شوێنانەی کە نەدەکرا بەشوێنی نفوزی خۆیان بزانن، مەسەلەیەکی دیکەی وروژێنراوو دروستکراو، دامەزراندنی حیزبی ئاییننییە لەکوردستاندا (وەك ئەوەی لەمێژوودا کورد زۆر سوودی لەو ئایینە بینیبێ جگە لە قەتلوعامکردن)، بەسەرهەڵدانی ئەو گوتارە ئیسلامیەش لە کوردستانداو هەموو ئەو ئاژاوانەشی کەنرانەوە گومانی ئێمەی زێدەتر کرد لەسەر پرۆژەی حیزبە نەتەوەیی و نیشتیمانیە پێشکەوتنخوازەکان کە هەمیشە خۆیان بەو دووبەرەکیانەوە خەریك کرد. بەمەش لە سیاسەتی کوردیدا سەرەتای تێکەڵکردنی دوو شێوە گوتار دێنە پێشەوە کە: یەکیان گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی پێشکەوتنخوازەو، ئەمیتریان دژە ڕەوت و دژە ناسیۆنال و خێڵەکی و ئیسلامییە کە ئەمەی دووەمیان بەبەراورد لەگەڵ





وڵاتانی دیکەی ئیسلامیدا کەمتر بەکەڵکەو هەر نەیانتوانیوە گوتارە ئیسلامیەکەیان لەپێناو پرسی نەتەوەیی کورد بەکاربێنێ.

ئەمەو سەرهەڵدانی دووگوتاری سیاسی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان و دووپرۆژەییان لەشێوازی ژیان و کیانی سیاسی کورد لەگەڵ رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەلایەك و، گوتاری دژە ناسیۆنالی ئیسلامیش لەلایەکی دیکە، ئەو مینبەرانەبوون لەبەردەم کێشە ناوخۆیەکاندا مانەوەو پرسی نەتەوەیی کوردیشیان کە قۆناغێکی دیکەی رزگاری نیشتیمانییە جا چ لەڕێگەی خەباتی سیاسی یان دیبلۆماتی یان چەکداری بێت، خستنەوە بواری تەئجیلکردن و بەمەنفا سپاردن. ئەوەی حەقیقەتی مەسەلەکەش ڕوون دەکاتەوە نەبوونی پرۆژەیەکی سیاسی یەکگرتووی کوردییە لانی کەم لە ستراتیژدا لەمەڕ مەسەلەکان، هەم بۆ ئەوەی سیاسەتێکی یەکگرتوومان هەبێت، هەم لەدەستی پرۆژە ناکامڵەکانی حیزبیش ڕزگارمان بێت.

- ٤ -

لە دەروازەی دوایدا کە مەیدانی خەباتی شارو پێکەوە ژیانی دیموکراسیانەی خەڵکی کوردستانەو ئاوێتە بوونە بەنەریتی شۆڕشگێڕی، دەروازەیەکە لەلایەك خۆی لە ئازادی و دیموکراسی و پرۆژە مەدەنیەکاندا دەبینێتەوەو، لەلایەکی دیکەشەوە مەسەلەی خەباتی شارو دۆزینەوەی شێوەیەکی مۆدێرنترە بۆ گەشەدان بە هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتیمانی لەنێو ئەو نەوانەی کە لانی کەم ئەو ئازارو ناخۆشیانەیان نەبینیوە کە سەردەمانێکی بەر لەئازادی کورد بەخۆیەوە بینیویەتی، ئەمە پرسیارکردن و بەئەنجام

گەیاندنی باسەکەیە بە ڕوونکردنەوەی شێوازو گفتوگۆکردنی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیمان لەناوەوەو ئەوانەشی لەهەندەرانن لەسەر مەسەلەو پرسە نەتەوەییەکانو دوانێك لە کارکردن بۆ هێنانە بەرهەمی نێوەندێکی کوردی یەکگرتووی دیبلۆماتیەتی نیشتیمانی بۆ کوردستان.

لێرەوە دێینە سەر باسکردن لەو نەریتە شۆڕشگێڕییەی کەلەڕێگای ڕاپەڕینەوە، بووبە بەشێك لە ژیانی خەڵکی ئازادی کوردستان، نەریتێك کەتاڕادەیەکی زۆر خاوەنی شەرعیەتی گۆڕینی دەسەڵاتی بەعسو وەدەرنانیبووە لەولاتدا، ئەو نەریتە شۆڕشگێڕییەی کە زیاتر لە ٨٠٪ ی خەڵکی کوردستان بەشداربوون لە قوربانیدانەکانی، لەسووتاندنی گوندو شارۆچکەو ماڵیان، لەپێشکەشکردنی سەرمایە زیندووەکانیان بۆ ئەم خەباتەی کە دوائەنجامی خۆی لەڕاپەڕیندا بینیوە، وەڵێ ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لێرەوە قسەی لەمەڕ بکەین، ئەو زەمەنەیە کە لەبەیەکگەیشتنی نێوان نەریتی شاخو نەریتی شاردا دێتەدیو تاڕادەیەك بەر یەککەتنێك لەشێوازی پێکەوەژیانی شارستانیانەی ئەو دوو نەریتە بەرهەمدێت کەدواجار توێژێکی دژ لەهەمبەر نەریتی شۆڕشگێڕی لەقاوغێکی خێڵەکیدا دروستدەکات، بەومانایەی شۆڕشگێریەتی وەك دیاردەیەکی گۆڕانئامێز کە خاوەنی پرۆژەیەك نەبوو بۆ ژیان لەشار، دەکرا بەپرۆسەیەکی مەدەنیانەتر کارلێك لەگەڵ ژیانو گوزەرانی شارنشیندا بکاتو پەلەنەکات لە تەسلیمکردنەوەی ئەو شەرعیەتەی هەیبوو بەبڕیارە ئۆرگانیکیەکانی ئەو کەسو گروپو توێژانەی کە خاوەنی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی بەعسیانەی داموو دەزگاکانی ولات بوون لەوسەردەمەدا (سەردەمانی بەعس لە کوردستان) کە بێشك ئەمە وایکرد





لاوازیو بێبەرنامەیی شۆڕشو نەبوونی خوێندنەوەیەکی پێشوەختە بۆ پێشهاتەکانی ڕاپەڕینو ئازادی بەدەربخات، لەوانەیە بێویژدانی بێت بۆ ئێمە کە نەوەی ڕاپەڕینین بڵێین هیچ بەرنامەیەك بۆڕزگاری نەبووبێت، وەڵێ دەبێ ئەوە بزانین کە بەرنامەی ڕزگاری پێویستی بەردەوامی بە بەرنامەو سیاسەتی بەڕێوەبردنی مەدەنیانەش هەبوو.

پرۆسەی دیموکراسیانەی خەڵك لەدەنگدانی پەرلەمانیو چەندین پرۆسەی تری هەڵبژاردنەکان کە خۆیان لەونێوەندە حیزبیو سەندیکایانەشدا بینیەوە، ئەگەرەکانی پێکەوەژیانو سیستەمێکی دیموکراسیانەی زیاتری بە ئومێدەوە بەخشیە خەڵك، بەڵام ئەو پرۆسانە تەنهاو تەنها کرانە توێکڵێکی مەسەلە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کوردیو لەپەنایاندا بەردەوام گەرای دیکتاتۆریەتو قبووڵ نەکردنی بەرامبەر گەشەیپێکراو، بەرنامەڕێژی دیموکراسیانەی تاك رەهەندو تاك دیکتاتۆریانە بوو بە ڕێڕەوی قسەکردنی سیاسیانەی حیزبیو ئەو سەندیکاو نێوەندانەش کە بە پاشکۆییو سیاسەتەکانی حیزب رازی بوون لێرەشەوە زەمینە لەبارکرا بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسە نادیموکراسیەکانو ئیئتیلافە گوماناویەکانی حیزبەکان لە پێناو لەمپەر دروستکردن لە خەباتی ئۆپۆزسیۆنی کە ئێستا لەکوردستاندا بەراستەقینەیی وجودی نییە، ئەوەی هەشە ژێرباربوونی هێزە سیاسیە گەورەکانەو مەبدەئی تەسلیم بوونە بەواقیعێك کە خۆشیان باش هەست بەو مەترسیانەی دەکەن.

بەو شێوەیە مەسەلەی پاشقۆڵ گرتن لە دیموکراسیەتو مەسەلە مەدەنیەکان لەژێر سایەی بەرنامە خێڵەکیو حیزبیەکاندا کراوە بە ستراتیژیەتی

نێوخۆییو دەرەکیو پەیوەندیدار بە ئاسایشی حیزبو ئەمنیەتی سەرکردە دیکتاتۆرەکانی کورد (ئەوانە دەگرێتەوە کە سیماکانی دیکتاتۆریان بەنێوچاوانەوە درەوشاوەیە) ئەمەو خەونو خەیاڵکردنو خۆخەریککردن بەومەسەلانەش ئەو زەمینەیەبوو کە وا لە حیزبە کوردییەکان بکات پرسێکی وەك ڕزگاربوونو زیاتر پیادەکردنی دیموکراسیەت لەبیر بکرێتو بکرێتە خاڵی لاوازی ستراتیژیەتی خەبات لەپێناو چارەنووسی ڕزگاری کوردستان، ئەم خیانەتکردنە لە نەریتێك لەسەر دەستی توێژاڵێکی خێڵەکیو دژە شۆڕشو دژبە دیموکراسیەتو مەدەنی بوونی کورد، بووە هەڵسوڕێنەری هەموو پرۆژەکان بۆ لەبیربردنەوەی پرسی سەرەکی کورد کە لەلایەك پرسی ڕزگاری نیشتیمانیەو لەلایەکی دیکەشەوە بەدیموکراتیزەکردنی سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگای کوردیو بەمەدەنی کردنی عەقڵی سیاسی کوردە بۆ دەرباز بوون لەو عەقڵیەتە نوستالیژییەی کە بەردەوام ئەگەرو گریمانەی لەباربردنی ئەزموونو هیواکان بەمەبەستی خۆی دەگرێت.

ئەوەی ئێستاش جێی مەبەستە قسەکردنە لەسەر بەرنامەو گەلاڵەنامەیەك بۆ چۆنیەتی بە مۆدێرنکردنی بیرو بیری نەتەوەیی لە کۆمەڵگاکەمانداو بەتایبەت دۆزینەوەی شێوە گونجانێك بۆ برەودان بە هۆشیاری نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی دژە شۆڤینی بێنە بەرهەم کە بتوانرێ لەنێو شوناسێکی نەتەوایەتیو نیشتیمانیداو لەسەر بنەمای قبولکردنی هەموو نەتەوەو کەلتوورو زمانو نەریتی لەکورد جیا، بۆ ئەوەی هۆشیارییە نەتەوەییەکە لەچێوەی مەبدەئە نیشتیمانیەکانو پێکەوەژیانی مۆدێرنانە گەشە بەلایەنە پۆزەتیڤەکانی بدات. بەو واتایەی ئەو حەماسەتە نەتەوەییو هۆشیارییەی کە





لەسەردەمەکانی بەرایی ڕاپەڕیندا کە زۆر پێویست بوون، ئەکرێ لەبەرامبەر دوژمنانو لەچوارچێوەی ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی گەشەی پێبدرێت، وەلێ لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەو هۆشیارییە نەتەوەییە لەلایەك ئەبێ بە مەبدەئە مەدەنییو مرۆییەکانو میکانیزمە دیموکراسیەکان تەیاربکرێت، لەلایەکی دیکەوە لەو هەیمەنە حیزبیە بپارێزرێت کە تەنهاو تەنها هۆشیاری نەتەوەیی لەبەرنامەو پرۆگرامەکانیدا دەبینێتەوە، بەواتای تێکەڵنەکرنی هۆشیاریەکی شوناس نیشتیمانیو نەتەوەیی بە هۆشیارییەکی حیزبی بەرتەسك.

لایەنێك کە جێگای قسە لەسەرکردنە بۆ گەشەپێدان بەو هۆشیارییە، جەختکردنە لەسەر نەوەکانی ئێستای بەردەوام لەژیانو واقیعی کوردستان، لەو تیلەنیگایەوە کە ئەو نەوانەو خەڵکی کوردستان باشتر دەکرێ بەسیاسەتو شێوە تاکتیکێکی حەکیمانەی پابەند بەمەبدەئی پێکەوەژیان لە کوردستانێك بۆ هەموو نەتەوەکانو نیشتیمانێك لەئازادیدا، زیاتر تەفاهومی ئەو بارە بکەن کە شێوەی داکۆکی کردن لەو ئامانجو هۆشیارییە نەتەوەییە بەرامبەر بە شۆڤێنیەتی گەلانی داگیرکەری خاکمان، پێویستی بەناسینی شوێنگەی خۆمانو کاردانەوەکانی ئەوانیشەوە هەیە، بەومانایەی ئەگەر قسەکردن لەهەندەران لەسەر پرسی نەتەوەییو هەموو ئەو لایەنە گەشانەی کە دەوروژێنرێن لەناو ئارامیەکانی ئەوروپاو ڕۆژئاوادا، ئەگەرچی خزمەتێکی فرەخاس بەگەشانەوەی هۆشیاری نەتەوەیی دەکات، بەلأم ئەوەی دەبینرێت لێدوانو قسەکردنی کەمتر خاوەن بەرپرسیارێتی ئەو ئازادیەن کە ئێستا لە کوردستاندا بوونی هەیە، لەهەندەرانو ئەو کەسانەشی قسە لەپرسی کورد دەکەن، کە حەقی شەرعی خۆیانەو ئێمە لەو بەراوردەمان دژە حەقیان نین،

وەلێ بۆشمان هەیە بەوخوێندنەوەیە بڵێین قسەکردنێك لە پرسی نەتەوەیی لە ئەوروپادا لەوانەیە زۆر ئاسانترو بێ بەرپرسیارێتی تر بێت، جگەلەوەی کە کەمتر پێویستی بەبیرکردنەوە هەیە بۆ تاکێكو بەرگرتنەوە لە کاردانەوەکان لەسەر زەمینی واقیعیی کوردستانداو لەو هێڵە تەماسانەی کە خەڵکانی دانیشتوانی کوردستان لەبەرامبەریدا ڕۆژانە لەگەڵ نەتەوە رەگەزپەرستو شۆڤینیەکان (لە توركو عەرەبو فارس) ژیان بەسەر دەبەن، لێرەوە مەبەستمە بڵێم گوتاری نەتەوەیی لە هەندەران جگەلەوەی ستراتیژخوازە کە تاڕادەیەکی زۆر ئاشکراکەری لایەنە نهێنیەکانی پرسەکەیەو پەرۆشیەکی دیاریشە، وەلێ شوێنگەی جوگرافی گوتارەکە کەمتر گوزارشتە لەواقیعی ئێستای کوردستانو نیشتمانی حیزبەکان، نکۆڵیش لەوە ناکەین کەوەك لایەنی رۆحیو سایکۆلۆژیو هۆشیارییە عەقڵییەکانی تاکی کورد بەرنامەیەکی ستراتیژیانەی لەگەڵ واقیعو دووری لە حەقیقەتەکان بەرچاودیارن.

بەپێچەوانەی ئەم ڕەوتی گوتارە نەتەوەییەی هەندەران کە کوردەکانی دانیشتوی ئارامی ئەوێ کاری بۆ دەکەن، هۆشیارییەکی دیکەو گوتارێکی دیکە لەسەرزەمینی کوردستانی ئازادو لەنێو خەڵکانی ڕاڕا لەنێوان ئایندەو مەترسیەکانی دەوروبەر گوتارێکی تاڕادەیەك بەرپرسیارترەو تاکتیك خوازترە لە هەڵسوکەوتکردنی واقیعیانەو سیاسیانە لەگەڵ مەسەلە نێوخۆییو دەوروبەریەکاندا. بەومانایە بۆ پرسی نەتەوەیی کورد دووگوتار هەن، گوتاری نێوخۆیی نەتەوەیی نیشتمانی تاکتیك خواز لە کارکردن بۆ ستراتیژیەتێکی ئارام، دووەمیان گوتاری نەتەوەیی ستراتیژخوازە لە هەندەران





کە کەمتر لەبەردەم هەرەشەو مەترسیەکانی ئەمنیدایە، ئەوەی جێگا ئەهمیەتی پرسی کوردیشە لەم نێوانەدا هەم لێك نزیکبوونەوەی ئەم دوو گوتارەیە بۆ کارکردنێکی هاوبەشانە لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا لەپێناو پرسێکی یەکگرتووی کوردی، کەدواجار زەمینە خۆشکەربێت بۆ بەرهەم هێنانی نێوەندێکی نەتەوەیی دیبلۆماتی کوردی لە دونیادا لەپێناو نیشتمانی کورد لە کوردستان. برەو دان بەهەردوو گوتارەکەش بەلانی کەم پرسەکە بەهێزتر دەکات، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە پرسی نێوخۆ پرسی نەتەوەیە لە نیشتمانێکی خاوەن پرس، دووەمیان پرسێکی نەتەوەییە لە جوگرافیایێك کەبەدەرە لە جوگرافیای نیشتمانو واقیعەکانی، بۆیە ئەو لێك نزیکردنەوەیە دواجار دەبێتە ئەو گوتارە دیبلۆماسیەی کە لەپێشەوە باسمانکرد.

لەڕووی ئەو هۆشیارییەی گوتارەکانەوە لەبەراورددا بۆ ئەم قسەی سەرەوە، ئەوە دێتە پێشەوە کە ئەگەر لەنێوخۆی وڵاتداو لەبەردەم بەرنامە حیزبیەکانو کەمتر بوونی هەستی نەتەوەیی مەسەلە نەتەوایەتیو پرسی نەتەوەیی روو لەکزیی بێت، یان ئەو مەنفایەبێت کە بەشێك لەحەقیقەتی نەتەوەیی ونکردبێت، ئەوا گوتاری هەندەران مەنفایەکی دیکەیە کە سەرجەمی نیشتمانی لەیادەوەری ئەواندا ونکردووەو بەستراتیژدوانیش لە پرسی کوردیدا لەو گوتارەدا مانای گەڕانەوەیە بۆ شوناسی نیشتمانیو کەلتووری لەڕێگای گوتاری نەتەوەیی وەلێ لە نیشتمانێکی بەمەنفابوودا، لێرەوە دەکرێ ئەوەش بڵێین کە هەمیشە دابڕانی یادەوەری کورد بەتایبەتی لەواقیعو کەلتوورو ژیانی ئێستای لە وڵاتی ئازادی خۆیدا، لەبیرچوونەوەیەکە لە جوگرافیایەکی نادیاری دۆزەکان دوور لە زەمینی نیشتمان.

بۆیە گوتاری نێوخۆ دەکرێ گوتاری نەتەوەییو نیشتمانی نێو بەرپرسیارێتیو ڕووبەڕووبوونەوەکان لەقەڵەم بدرێو، لەهەمان کاتیشدا گوتاری هەندەران بەبەشێك لەحەقیقەتی هۆشیاری نەتەوەییو ڕزگاریخواز بۆ یەکبوونی هەردوو گوتار بێت لەپێناو دامەزراندنی نێوەندێکی سیاسیو دیبلۆماتی کوردیی بۆ نیشتمانی کورد لەلایەكو بیرکردنەوە لە پاراستنی ئەمنی قەومی کورد لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئارامی وڵات.





## چاپکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠٠٤

١-را پسکانێ لە دنیای سیاسەتو گەڕانەوەیەك بۆ دنیای شیعر
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری

٢-جەژنی مەرگ، شیعر ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر

٣-گلگامێش: و: ئیدریس شێخ شەرەفی

٤- شوێنکاتی یەکەم، لەدووەمو ئێستای سەگوەڕ،
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا.

٥- دەرونزانی،وتار لێکۆڵینەوە ن شیکردنەوە
یوسف عوسمان حەمەد